غەفوور مەخمووری

# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
# YNDK

## بەڵگەنامەکانی شەشەم کۆنگرە

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی YNDK

چاپی یەکەم ٢٠٢٤ هەولێر - کوردستان

# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
# YNDK

## بەڵگەنامەکانی شەشەم کۆنگرەی YNDK
## کە رۆژی ١١ / ١١ / ٢٠٢٣ لە هەولێر بەسترا

## غەفوور مەخمووری

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی YNDK

چاپی یەکەم ٢٠٢٤ هەولێر - کوردستان

# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

**بەڵگەنامەکانی شەشەم کۆنگرەی YNDK**
**کە رۆژی ١١ / ١١ / ٢٠٢٣ لە هەولێر بەسترا**

## غەفوور مەخمووری


| | |
|---|---|
| گرافیک و دیزاین: | بەلو گرافیک |
| تیراژ: | ١٠٠٠ دانە |
| چاپ: | یەکەم ٢٠٢٤ |
| چاپخانە: | ماردین - هەولێر |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی ()ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

# پێشەکی

لەمـــاوەی زیاتــر لــە چارەکــە ســـەدەیەکی کارو خەبــاتی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکــراتی کوردســتان YNDK ، لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٩٥ - ٢٠٢٣)، بـەردەوام لـە خۆنوێکردنـەوەدا بووین و، هەوڵمانــداوە بەجۆرەهــا شــێواز کارو خەبــاتی خۆمــان بــەردەوام بکەیــن و روانیــن و سیاســەتی کوردانــە و کوردســتانییانەی خۆمــان بــە هەمــوو لایــەک رابگەیەنیــن.

لــە کاری رێکخراوەییـــدا ؛ لــە بــوارەکانی رێکخســـتن و راگەیانــدن و کاری جەمــاوەری و پەروەردەکــردنی ئەندامــان و کادیرانمــان بــە هــزری نەتەوەیــی و نیشــتمانی کاری گرنگــمان ئەنجامــداوە، لەهەمــان کاتــدا لــە بــواری پێشــمەرگایەتی بــۆ بەرگریکــردن لــە خــاک و خەڵکــی کوردســـتان هەمیشــە لـــە ســـەنگەری پێشـــەوەی بەرخـــودان دابوویـــن.

رووێکـــی دیکـــەی کارو خەبـــاتی ئێمـــە پتەوکـــردنی پەیوەنـــدی دیبلۆمـــاسی YNDK بـــووە لەگــەڵ کۆمەڵــێ ناوەنــد و حــزب و هێــزە ئازادیخــوازەکان و کەســایەتی و رۆشــنبیرانی بەشــێک لــە وڵاتــانی کیشــوەرەکانی ئاســیا و ئەورووپــا و ئەفریقیــا، لــەم بــوارەدا توانیومانــە پــردی پەیوەنــدی و دۆســتایەتییەکی بــاش بنیــات بنێیــن و راســتی و رەوایــی پــرسی گــەلی کوردســتان بــەو ناوەنــدو هێــزو کەســایەتیانە بگەیەنیــن، ئەمــەش وایکــردووە ئــەم ناوەنــد و حیــزب و لایەنانــە هاوســۆزبن لەگــەڵ گــەلی کوردســتان و خوێندنەوەیەکــی ســـەردەمییانەیان بـــۆ

تەواوی پرسی گەلی کوردستان هەبێت، ئێمە لێرەوە سوپاسی هەموو لایەکیان دەکەین و بەڕێزەوە لە هەوڵی زیاتر پێشخستنی ئەو پەیوەندییانەداین.

لەو ماوەیەی کارو خەباتماندا بانگهێشتی دەیان کۆنگرەو کۆبوونەوەو کۆنفرانسی کوردستانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی کراوین و، زۆر جاریش سمیناری تایبەتمان بۆ رێکخراوەو سەبارەت بە پرسی رەوای گەلی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان روانینی کوردستانییانەی خۆمان خستۆتەڕوو، لە تەواوی ئەو کۆنگرە و کۆنفرانس و سمینارانەدا بەردەوام هەوڵمانداوە دوو پرسیار (ئێمە کێین ؟ و چیمان دەوێ ؟) بخەینەڕوو ، لەهەمان کاتدا راشکاوانە وەڵامی ئەو دوو پرسیارەشمان داوەتەوە، کەوا ئێمە (کوردین و وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی جیهان مافی خۆمانە سەربەخۆ بین و ببینە خاوەن دەوڵەتی خۆمان) ، بە هەموو لایەکمان راگەیاندووە (ئێمە کوردین و سەربەخۆیی کوردستانمان دەوێت).

بەشداریکردنی ئێمە لە کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆبوونەوە گشتییەکاندا بۆ ئەوە بووە کە سیاسەت و دڕندەیی داگیرکەرانی کوردستان (تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا) دژ بە گەلی کوردستان ریسواو شەرمەزاربکەین و، مەزلوومییەتی گەلەکەمان بە هەموو لایەک بگەیەنین و، لەهەمان کاتدا هەوڵمانداوە پەیام و خواستی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بە هەموو لایەک رابگەیەنین، ئێمە خاوەنی پەیامێکی نەتەوەیی و نیشتمانین هەوڵمانداوە ئەو پەیامە بەپێی کات و شوێنەکان نوێبکەینەوەو بیگەیەنین.

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK وەک رێکخستنێکی مۆدێرن و سەردەمییانە بەردەوام لە بەخۆداچوونەوە و خۆ نوێکردنەوەدایە، لە ماوەی تەمەنی ٢٨ ساڵەی کارو خەباتی خۆیدا تا ئێستا شەش کۆنگرەی بەستاوە, بەم شێوەیە:

١- کۆنگرەی یەکەمی لە رۆژانی ١٧ - ١٩ / ٣ / ١٩٩٥ لە شارۆچکەی عەنکاوەی نزیک شاری هەولێر بەستووە.

٢- کۆنگرەی دووەمی لە رۆژانی ٥ - ٧ / ٥ / ١٩٩٦ لە شارۆچکەی شەقڵاوە بەستووە.

٣- کۆنگرەی سێیەمی لە رۆژانی ١٠ - ١٢ / ١ / ١٩٩٩ لەشاری هەولێر بەستووە.

٤- کۆنگرەی چوارەمی لەرۆژانی ١٠ - ١١ / ٢ / ٢٠٠٢ لەشاری هەولێر بەستووە.

٥- کۆنگرەی پێنجەمی لە رۆژانی ١٢ - ١٣ / ١٢ / ٢٠١٢ لە شاری هەولێر بەستووە.

٦- کۆنگرەی شەشەمی لە رۆژی ١١ / ١١ / ٢٠٢٣ لە شاری هەولێر بەستووە.

بێگومان هەر یەک لە کۆنگرەکانی YNDK وێستگەیەکی گرنگی بەخۆداچوونەوە و خۆنوێکردنەوە بوون، لە کۆنگرەکانی YNDK دا پرسە سیاسی و کلتوری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و کاروخەباتی YNDK شرۆڤەکراون و هەڵسەنگێنراون و لەژێر تیشک و ئەنجامی گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوەکانی ئەندامانی کۆنگرە و بە گیانێکی دیموکراتییانە و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی کارنامە بۆ کارو خەباتی داهاتووی YNDK داڕێژراوە، دەتوانین بڵێین کۆنگرەکانی YNDK وێستگەی گرنگی نوێکردنەوەی دیدو رامانی YNDK بوون بۆ تەواوی پرسە هزری و سیاسی و کلتوری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم کتێبەی بەردەستتان (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK ... بەڵگەنامەکانی شەشەم کۆنگرە)، گوڵبژێرێکە لەو وتارو پەیامانەی کەوا لە شەشەم کۆنگرەی YNDK دا پێشکەشکراون و خوێنراونەتەوە، هەروەها راپۆرتی سیاسی و بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی YNDK کە پەسەندکراوی شەشەم کۆنگرەن، لە دووتوێی ئەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە، جگە لە مانە پاشکۆی بەڵگەنامەکان و پاشکۆی وێنەکانی کۆنگرە هەن، بەمەبەستی پاراستن و بە ئەرشیفکردن بە پێویستمان زانی ئەو وتارو پەیام و وێنەو بەڵگەنامانە لێرەدا بڵاوبکەینەوە بۆئەوەی خوێنەری ئازیز زیاتر بە سیاسەت و هزرو رامانی YNDK ئاشنا بکەین، ئومێد دەکەین ئەم کارەمان جێی رەزامەندی هەموو لایەکتان بێت.

غەفوور مەخمووری

٠١ / ٠٣ / ٢٠٢٤

رۆما - ئیتالیا

# بەرنامەی دانیشتنەکانی کۆنگرە

* دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی تاوەکو (١٠)ی بەیانی

- دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهید سەربەست مەحموود و تەواوی شەهیدانی رێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان، لەگەڵ مارشی نەتەوەیی (ئەی رەقیب) و مارشی (رێی سەربەخۆیی)ی YNDK
- وتاری کردنەوەی کۆنگرە
- وتاری بەخێرهاتنکردنی ئەندامانی کۆنگرە
- وتاری لێژنەی ئامادەکار
- رێزلێنان
- هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی و هەڵبژاردنی دیوانی کۆنگرە.

* دانیشتنی دووەمی کۆنگرە لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی تا کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ

- پێشکەشکردنی راپۆرتی سیاسیی شەشەم کۆنگرەی YNDK و گفتوگۆکردن و دەنگدان لەسەری.

* کاتژمێر (١٢) تا کاتژمێر (١:٣٠) پشووی نانخواردنی نیوەڕۆ.
* دانیشتنی سێیەمی کۆنگرە لە کاتژمێر (١:٣٠)ی پاشنیوەڕۆ تا کاتژمێر (٣:٣٠).

- خوێندنەوەو گفتوگۆکردن لەسەر بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی YNDK .

* دانیشتنی چوارەمی کۆنگرە کاتژمێر (٤)ی ئێوارە تا کاتژمێر (٧) ی ئێوارە کۆتایی دێت.

- خوێندنەوەی راپۆرتی لێژنە تایبەتمەندەکانی کۆنگرەو گفتوگۆکردن و دەنگدان لەسەری.
- بڕیارو راسپاردەو سڵاونامەکانی کۆنگرە
- هەڵبژاردنی سکرتێری گشتیی YNDK
- هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتیی YNDK

به هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك

لێژنەی ئامادەکاری شەشەم کۆنگرەی YNDK

١٠ / ١١ / ٢٠٢٣


6
شەشەم کۆنگرەی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
YNDK
2023/11/11
هەولێر - کوردستان



# وتاری کردنەوەی شەشەم کۆنگرەی YNDK

## لەلایەن بەتەمەنترین ئەندامی کۆنگرە هەڤاڵ ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی YNDK خوێنرایەوە

- بەڕێــز هەڤــاڵ غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتیی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکــراتی کوردســـتان YNDK

ـ بەڕێـــزان ئەندامانـــی شەشـــەم کۆنگـــرەی یەکێتیـــمان یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان YNDK

ـ خوشکان.... برایان ...

سـەرەتا پیرۆزبایـی بەسـتنی شەشـەم کۆنگـرەی یەکێتیـمان (یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK)، لـە خـۆم و ئێـوەی بەڕێـز دەکـەم و، هیـوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکەمـان دەخـوازم، یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK بـە بەسـتنی شەشـەم کۆنگـرەی خـۆی پـێ دەنێــتە قۆناخێکــی نــوێ و ئاســۆیەکی گــەش چاوەڕێــی دەکات، هەڤاڵانمـان لـە شـارو شـارۆچکەکانی کوردسـتان بـە نوێنەرایەتـی خۆیـان ئەندامەکانیـان بـۆ شەشـەم کۆنگـرەی YNDK رەوانـە کـردووە، بۆیـە هـەر لـەو شـار و شـارۆچکانەو لـەو شـوێنانەی لێـوەی هاتـوون تـا هۆڵـی کۆنگـرە بەخێرهاتنـی یەکەیەکەتـان دەکەیـن.

هەڤـاڵان: بەسـتنی شەشـەم کۆنگـرە بـۆ YNDK خاڵـی وەرچەرخانـە لەبـەر ئـەوەی کوردسـتان و ناوچەکـە بـە قۆناخێکـی زۆر هەسـتیاردا تێپەڕدەبـن، بۆیـە دەبـێ هەموومـان بـە لێپرسراویەتییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو رەوشـە نوێیـەدا بکەیـن و هەمـوو هەوڵێکـمان بخەینـە گـەڕ بـۆ سەرخسـتنی کۆنگرەکەمـان و بڕیـارو راسـپاردەکانی شەشـەم کۆنگرەمـان بکەینـە هـۆکاری پێشـڤەچوونی زیاتـری یەکێتیـمان YNDK و خزمەتکردنـی نەتەوەکەمـان.

بەڕێـزان، ئەندامانـی شەشـەم کۆنگـرەی YNDK: ئـەم کۆنگرەیـە تەنیـا بـۆ YNDK گرنگـی نییـە، بگـرە بـۆ تـەواوی کوردسـتان گرنگـە، لەبەرئـەوەی YNDK دان بـە سـنووری کێشراوو وەهمیـی نێـوان بەشـەکانی کوردسـتاندا دانانێـت و کار و خەباتـی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مەزنـە و خەمخـۆری هەمـوو بەشـەکانی وڵاتـە، لەسـەر ئـەو بنەمایـە ئـەم کۆنگرەیـە بـۆ هەمـوو تاکێکـی کـورد لـە دەرەوە و نـاوەوەی کوردسـتان بەگشـتی گرنگـی دەبێـت، بۆیـە دەبـێ پرسـە نیشـتمانی و نەتەوەییـەکان زۆر بـەوردی شـەن و کـەو بکەیـن، تاوەکـو نەتەوەکەمـان لـە قۆناخێکـەوە بـەرەو قۆناخێکـی دیکـە ببەیـن و بـە هەمـوو لایەکـمان لـەم کۆنگرەیەمانـدا کار بـۆ بنیاتنانـەوە و دارشـتنی بەرنامـەی نـوێ و سـەردەمیانە بـۆ کارو خەباتـی داهاتـووی یەکێتـمان YNDK بکەیـن ... دووبـارە هەمـوو لایەکتـان بەخێربێـن سـەرچاوان.

- بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو و دیموکرات.
- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهید سەربەست مەحموود و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.
- بژی کورد و کوردستان ... بژی YNDK .
- سەرکەوتوو بێت شەشەم کۆنگرەی یەکێتیمان YNDK




# وتاری بەخێرهاتنکردنی میوانان و ئەندامانی شەشەم کۆنگرەی YNDK

## لەلایەن هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK خوێنرایەوە

میوانانی بەڕێزو خۆشەویست

هەڤاڵانی وڵاتپارێز ... ئەندامانی شەشەم کۆنگرەی یەکێتیمان YNDK ...

خوشکانی ئازیز ... برایانی بەڕێز ...

بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەین و، هیوای سەرکەوتن بۆ شەشەم کۆنگرەی YNDK و، ئێوەی بەڕێزو خۆشەویست دەخوازین.

شەشەم کۆنگرەمان لەژێر دروشمی (یەکڕیزی و یەکدەنگی و پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان) دەبەستین، بێگومان یەکڕیزی و یەکدەنگی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان فاکتەری سەرەکی چەسپاندن و پاراستن و پێشڤەبردنی دەسکەوتەکانی گەلی کوردستانە، کە بریتین لە سەرۆکایەتی و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاو دامەزراوەکانیان، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

بەڕێزان : ئێمە لە کاتێکدا شەشەم کۆنگرەمان دەبەستین کەوا جیهان و ناوچەکە و کوردستان بە رەوشێکی ئاڵۆزو ناسک و هەستیاردا تێدەپەڕن، لەلایەک شەڕی روسیا و ئۆکرانیا و لەلایەکی دیکە شەڕی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس و، هەروەها پیلان و هەڕەشەو هێرشی ناڕەوای داگیرکەرانی کوردستان دژ بە گەلی کوردستان، ئەمانە هەر هەموویان کاریگەرییان بۆ سەر کوردستان هەیە، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان کاربکەین بۆ داڕشتنی کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ئەگەرو پێشهاتانەی کە دێنەپێشەوەو کاریگەرییان بۆ سەر پرسی کوردستان هەیە.

بەڕێزان ... لەناو ئەو ئاڵوگۆڕییانەدا باشووری کوردستان لە رەوشێکی سیاسی زۆر ناسک و هەستیاردایە، ناوەندی سیاسیی کوردستان پەرش و بڵاوو لێکترازاوە، لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان لە ناکۆکی و ململانێی بەردەوامدان، ئەم رەوشە نیگەرانییەکی زۆری دروستکردووە، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە بەزووترین کات ناوەندی سیاسی و ناوماڵی کوردستان رێك و یەکبخرێتەوە، بۆ ئەمەش پێکهێنانی چەترێکی هاوبەش کە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بگرێتەخۆ بەگرنگ دەزانین، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی کەوا هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا



هاودەنگ و هاوهەڵوێست بن، بەتایبەت لەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەدا، کەوا داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە هەڕەشە لە کوردستان دەکەن.

ئەوەتا تا ئێستاش هیچ گۆڕانکارییەکی پۆزەتیف لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ کوردستان رووینەداوە و، دژایەتیکردنی خواستەکانی گەلی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق بەردەوامە، ئەم رەوشەی کەوا ئێستا عێراق پێیدا گوزەر دەکات بەرەنجامی عەقڵیەتی تاکڕەوی و دکتاتۆرییەتە کە حکومەتی تائیفی و مەزهەبی عێراقە، کە لە ساڵانی رابردوو و لە ئێستادا هۆکاری هێنانە ئارای ئەم عەقڵیەت و رەوشە نەخوازراوە بوون، بە باوەڕی ئێمەو بەپێی ئەزموونی کورد لەگەڵ رژێمەکانی پێشووی عێراق دەگەینە ئەو راستییەی کەوا متمانە بە دەسەڵاتدارانی عێراق نەکەین، بێگومان دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق دەیانەوێ هەمان سیاسەتی هەڵەی حکومەتەکانی پێشووی عێراق دووبارە بکەنەوە، روانینی دەسەڵاتی ئێستای عێراق هەمان روانینی دەسەڵاتەکانی پێشووە، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت




کەوا عەقڵیەتی دەسەڵاتداری عێراقی چەقبەستووەو ناگۆڕێت و، روانینی زۆربەیان هەمان روانینی حکومەتەکانی رابردووە بۆ چارەسەری پرسی کورد ! زۆربەی دەسەڵاتدارانی عێراق لۆژیکی خۆبەزلزانین و سەربازی دەخەنە پێش لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن، لە رەوشێکی وادا پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان کار بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی بکەن، بۆ ئەوەی وەک یەک تیم مامەڵە لەگەڵ هێزە عێراقییەکان بکەن، نەک وەک ئەم حیزب و ئەو حیزب، یەکگرتوویيمان پێگەی کوردستان بەهێز دەکات و نزیکمان دەکاتەوە لە وەدەستهێنانی خواستەکانمان، بێگومان بەهێزیمان لە یەکڕیزیماندایە.

بەڕێزان ... عێراق تا ئێستا ئامادە نییە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات و دەستبەرداری ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان بێت و شایستە داراییەکانی کوردستان بدات، لە هەمان کاتدا بەردەوامە لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتی (برسیکردنی خەڵکی کوردستان)، عێراق بەم هەڵسوکەوتانەی دەیەوێت رێ لە پێشکەوتنەکانی باشووری کوردستان بگرێت و قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز بکات، ئەوەی جێگەی داخە هەندێ لایەن لە

کوردستان هاوکاری عێراقن لە جێبەجێکردنی ئەم پیلانە دژ بە خەڵکی کوردستان، بێگومان ئەرکی هەموو لایەکمانە دژی ئەو پیلان و هەوڵانەی عێراق و هاوکارانیان بوەستینەوەو پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بکەین، کە خۆی لە قەوارەی سیاسی و دەستووری هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە، پاراستن و پێشخستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەخلاقی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان لەو پێناوەدا کاربکەین.

خوشکان ... برایان ...

سەرەڕای ئەم هەڕەشانەی عێراق، لە لایەکی دیکەوە رژێمی داگیرکەری تورکیا بەردەوام ناوچە سنوورییەکان تۆپباران دەکات و خەڵکی سڤیل ئاوارەو شەهید دەکات، هەروەها ئێران بەردەوامە لە هەڕەشەکانی بەرامبەر باشووری کوردستان، ئێمە تەواوی دەستدرێژییەکانی داگیرکەران بۆ سەر کوردستان بە توندی ئیدانەو مەحکووم دەکەین و، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین لەم رووەوە تەنیا سەیرکەر نەبن و هەڵوێستیان هەبێت و بێدەنگ نەمێنن، ئەم پیلان و هەڕەشانەی لەسەر گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی بەڕێوەدەچێت، پیلانێکی ناوچەیی بەرنامە بۆ دارێژراوی گەورەیە دژ بە گەلەکەمان، ئەم پیلانانە دەمێکە کاریان لەسەر دەکرێت و هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدرێت، بێگومان یەکڕیزی و یەکدەنگیمان کاریگەرترین چەکن بۆ رووبەڕووبوونەوەو هەڵوەشاندنەوەو پوچەڵکردنەوەی ئەم پیلانانە و هەوڵە نەزۆکەکانی دوژمنان و ناحەزانمان، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان کار بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی و پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان بکەین.

ئێمە وەک YNDK ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر لە تەواوی بوارەکانی بەڕێوەبردنی کوردستان بەپێویست دەزانین و، پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ سیستماتیکردن و بە دامەزراوەییکردنی دەزگاو دامەزراوەکانی کوردستان و، داواکارین حکومەتی کوردستان تەواوی دەزگاو دامەزراوەکانی کوردستان بەشێوەیەکی سەردەمیانە سیستماتیک بکات و، ببێتە حکومەتێکی یەکگرتوو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، بۆ ئەمەش پێویستە شوێنەواری دوو ئیدارەیی نەهێلدرێت و حکومەت لەسەر هەموو ئاستەکاندا یەکبگرێتەوەو یەکبخرێتەوە، هەموو لایەکمان چاوەڕوانین

کـەوا حکومـەتی کوردسـتان هەنـگاوی بـاش بنێـت بـۆ پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری زیاتـرو نەهێشـتنی گەندەڵـی و نادادپـەروەری کۆمەڵایەتـی و سـیاسی و ئابـووری و حـزب حزبێنـە و نایەکسـانی، هەروەهـا پێویسـتە حکومـەتی کوردسـتان ئـاوڕی زیاتـر لـە فەرمانبـەران و مامۆسـتایان و خانەنشـینان و خانـەوادەی شـەهیدان و خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت و موچەخـۆران بداتـەوە و مووچەکانیـان لەکاتـی خۆیـدا بـۆ خـەرج بـکات و کاربـکات بـۆ باشـترکردنی ژیـان و گوزەرانـی خەڵکـی کوردسـتان، لەهەمـان کاتـدا پێویسـتە کار بـکات بـۆ ئـەوەی لەسـاڵی داهاتـوودا (٢٠٢٤) لـەو کاتـەی کـەوا داریکـراوە هەڵبژاردنێکـی پـاک و دوور لـە سـاختەکاری لـە کوردسـتان ئەنجامبدرێـت، هەورەهـا پێویسـتە حکومـەتی کوردسـتان لـە دانوسـتانەکانی لەگـەڵ عێـراق کار بـۆ گەڕاندنـەوەی کەرکـووك و مەخمـوور و هەمـوو ئـەو شـوێنانە بـکات کـە بەپیلانێکـی نەگریـس کەوتنـە بندەسـتی سـوپای داگیرکـەری عێـراق، لـە قۆناخـی ئێستاشـدا پێویسـتە داوا لـە حکومـەتی عێـراق بـکات کـەوا زیاتـر خزمـەتی ناوچـە دابڕێـنراوەکان (داگیرکـراوەکان)ی کوردسـتان بـکات و خزمەتگـوزاری تەواویـان پێبگەیەنێـت و ئارامـی و ئاسـایشی ئـەو ناوچانـە بپارێزێـت.

بەڕێـزان: لێـرەدا نامانەوێـت زیاتـر لەسـەر ڕەوشی سـیاسی کوردسـتان و ناوچەکـەو جیهـان بوەسـتین، لەبەرئـەوەی لـە ڕاپـۆرتی سیاسـیی شەشـەم کۆنگـرەی YNDK بەدرێـژی لەسـەر ئـەو بابەتانـەو زۆر بابـەتی دیکـە و کێشـەکان وەسـتاوین و شرۆڤەمـان کـردووەو چارەسەریشـمان خسـتۆتەڕوو کـە دواتـر بـۆ ڕای گشـتیی بـڵاوی دەکەینـەوەو هەمـوو لایـەک دەیبینـن.

جارێکی دیکە هەموو لایەک بەخێربێن سەرچاوان ... بە ئامادەبوونتان سەربڵندین.

- بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو دیموکرات.
- سـڵاو لـە بەرخـودان و خۆڕاگـری گـەلی کوردسـتان لـە باشـوورو باکـوورو ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای کوردسـتان.
- نەمـری و سـەربەرزی بـۆ شـەهید سەربەسـت مەحمـوود و تـەواوی شـەهیدانی ڕێـی سـەرخۆبوون و ئـازادی کوردسـتان و، سـڵاو لـە کـەس و کارو خانـەوادە سـەربەرزەکانیان.
- بژی کورد ... بژی کوردستان.




# وتاری لێژنەی ئامادەکاری شەشەم کۆنگرەی YNDK

## لەلایەن هەڤاڵ د. شاخەوان خالید سەرۆکی لێژنەی ئامادەکار و کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی YNDK خوێنرایەوە

- بەڕێز هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

ـ ئامادەبووانی بەڕێز ... ئەندامانی شەشەم کۆنگرەی یەکێتیمان YNDK

ـ هێژاایان ...

بەبۆنەی بەستنی شەشەم کۆنگرەی یەکێتیمان (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK) پیرۆزبایی لەخۆمان ئێوەی بەڕێز دەکەین و بەخێرهاتنی کوردانە و دەستخۆشی هەڤالانە لەهەموو لایەکتان دەکەین، ئێمە لە لێژنەی ئامادەکاری شەشەم کۆنگرەی YNDK کە لەلایەن سەرکردایەتیی YNDK دیاریکراین و راسپاردراین، بەوپەڕی بەرپرسیارییەتی تاوەکو ئەمڕۆ ئەرکەکانی سەرشانمان بەجێگەیاندووەو بەهاوکاری هەموو هەڤالان توانیمان سەرجەم پێداویستی و ئامادەکارییەکانی کۆنگرە تەواو بکەین، لە ئێستاوە ئەرك و کارەکانی دیکەی کۆنگرەکەمان دەخەینە ئەستۆی ئێوەی بەڕێز و دڵسۆز.

- خوشکان ... برایان ... ئەندامانی شەشەم کۆنگرەی یەکێتمان YNDK ...

ئەوەی بەلامانەوە زۆر گرنگە ئێمە سەرکەوتووانە کارەکانی لیژنەی ئامادەکارمان بەجێگەیاندووە، ئێستاش ئەو ئەرکە مێژووییە دەکەوێتە ئەستۆی ئێوە تاوەکو لە کۆنگرەکەمان لەخۆبردووانە کارەکانی کۆنگرە رابپەڕێنین و، بەوپەڕی بەرپرسیاریەتی هەرچی ئەرکە لەسەر شانمان دڵسۆزانە بەجێبگەیەنین، پێویستە لە کۆنگرەدا بە گیانێکی هەڤاڵبەدانەو ئازادانە و بوێرانە گفتوگۆ بکەین و، بە گڕوتینەوە بەشدارییەکی چالاکانە لە هەموو دانیشتەکانی کۆنگرەدا بکەین، تاوەکو بتوانین کۆنگرەکەمان بکەینە کۆنگرەی بنیادنانەوەی YNDK و بەرنامەیەکی سەردەمییانە و مۆدێرن بۆ کارو خەباتی داهاتووی YNDK دابرێژین، بۆ ئەوەی YNDK لەداهاتوو چالاکانەتر بپرژێتە سەر مەسەلە و پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان و لە گۆڕەپانی سیاسی کاریگەرتر بەدیار بکەوێت، لەبەر ئەوە پێویستە پەیمان بدەین هەموو لایەکمان کار بۆ سەرخستن و سەرکەوتنی شەشەم کۆنگرەی YNDK بکەین و، ئەم کۆنگرەیە بکەینە نموونەی کۆنگرەکانی پێشوومان و، لە کۆتایی کۆنگرەدا بڕیار لەسەر بڕیار و راسپاردەی گرنگ بدەین کە هەموویان

بینە خاڵی وەرچەرخان بۆ داهاتووی گەشی YNDK و نەتەوەکەمان.

بێگومان ئەمەش بەوە دەبێت بەشدارییەکی چالاکانە و راستەقینەی گفتوگۆ و دانیشتنەکانی کۆنگرە بکەین و بە گیانێکی وەرزشی هەموو رەخنە و ئاکامەکان وەربگرین و، بە گیانی هەڤاڵبەندی و وەرەبەرزی و گوڕتینەوە یەکێتمان YNDK بەرەو قۆناخێکی نوێ و پڕشنگدار ببەین کە ئەمە داخوازی و ئاواتی هەموو لایەکمانە.

بەڕێزان: کۆنگرە وێستگەی هەڵوەستەکردنی نێوان دوو کۆنگرەیە و تیایدا کارەکان زۆر بەوردی شەن و کەو دەکرێت و لەژێر رۆشنایی دیاریکردنی کێماسییەکان و خاڵە پۆزەتیڤەکان کارنامەی نوێ دادەنرێت و، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روویانداوەو ئێستاش بەردەوامن بەهۆیەوە کۆمەڵێك وڵاتی دیکتاتۆر رژێمەکانیان لەلایەن گەلەکانیانەوە رووخێندران و دەسەڵات کەوتەوە دەست جەماوەرەکانیان، ئومێد دەکەین بەهاری کوردیش بەڕێوەبێت و هەموو بەشەکانی کوردستان لەدەست رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان رزگاریان بێت.

لەکۆتاییدا هیوای سەرخستنی کۆنگرەکەمان دەکەینە ئامانج و، هەر بژین و سەرکەوتوو بێت شەشەم کۆنگرەی (YNDK)

- بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو و دیموکرات.
- مردن و رووڕەشی بۆ داگیرکەرانی کوردستان
- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهید سەربەست مەحمود و گشت شەهیدانی رێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان .

لێژنەی ئامادەکاری شەشەم کۆنگرەی YNDK

١١ / ١١ / ٢٠٢٣ هەولێر - کوردستان




# ڕێزلێنان

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی بایەخدان و بەهەندوەرگرتنی کارو خەباتی کلتوری و قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لەو کەسایەتییانەی لەو بوارانەدا لە کارو چالاکیدان، لە دانیشتنی یەکەم و ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەدا، ڕێزی لە چوار کەسایەتی ناسراوی کوردستان گرت، کە بریتی بوون لە بەڕێزان (مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش و مامۆستا مەلا عەزیز خەزنەیی و کاک ڕۆمیۆ هەکاری و مامۆستا ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ)، شایانی باسە دەقی ڕێزلێنانەکان بەم شێوەیە بوون:



## بەڕێز مامۆستا عەزیزی مەلای رەش

یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK ، هـەوڵ و تێکۆشـانی بەڕێزتـان لـە بـواری زمـان و ئـەدەبی کـوردی بـەرز دەنرخێنێـت و ئـەم رێزلێنانـە پێشـکەشی بەڕێزتـان دەکات.




**بەڕێز مامۆستا مەلا عەزیز خەزنەیی**

یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK ، هـەوڵ و تێکۆشـانی بەڕێزتـان لـە بـواری ئاینـی و قوڵکردنـەوەی گیـانی برایـەتی و پێکەوەژیـان لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتان بـەرز دەنرخێنێـت و ئـەم ڕێزلێنانـە پێشـکەشی بەڕێزتـان دەکات.



## بەڕێز رۆمیۆ هەکاری

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، هەوڵ و تێکۆشانی بەڕێزتان لە بواری قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەی کوردستان بەرز دەنرخێنێت و ئەم رێزلێنانە پێشکەشی بەڕێزتان دەکات.



## بەڕێز ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ

یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK ، هـەوڵ و تێکۆشـانی بەڕێزتـان لـە بـواری زمـان و ئـەدەبی کـوردی بـەرز دەنرخێنێـت و ئـەم ڕێزلێنانـە پێشـکەشی بەڕێزتـان دەکات.



# راپۆرتی سیاسیی شەشەم کۆنگرەی

# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

نووسین و پێشکەشکردنی: غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

بەناوی یەزدانی مەزن و دلۆڤان

هەڤاڵانی وڵاتپارێز ... ئەندامانی شەشەم کۆنگرەی یەکێتیمان YNDK ...

خوشکانی ئازیز ... برایانی خۆشەویست ...

لە سەرەتادا بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم و، هیوای سەرکەوتن بۆ شەشەم کۆنگرەی YNDK و، ئێوەی بەڕێزو خۆشەویست دەخوازم.

شەشەم کۆنگرەمان لەژێر دروشمی (یەکڕیزی و یەکدەنگی و پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان) دەبەستین، بێگومان یەکڕیزی و یەکدەنگی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان فاکتەری سەرەکی چەسپاندن و پاراستن و پێشڤەبردنی دەسکەوتەکانی گەلی کوردستانە، کە بریتین لە سەرۆکایەتی و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاو دامەزراوەکانیان، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

هەڤاڵان ... ئێستا سەردەم سەردەمی رزگاری و ئازادی نەتەوە چەوساوەکانە لەژێردەستی و دکتاتۆرییەت، لە سەددەی رابردوودا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هەلی بۆ کۆمەڵێ نەتەوەی ژێردەست رەخساند کە ئازادبن و سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن و ببنە خودان دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، لەم سەددەیەشدا شۆڕش و راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی دژی زوڵم و نایەکسانی و دکتاتۆرییەت کە لە ئەفریقاوە دەستیپێکرد و، تا ئەو دەوروبەرەی ئێمە هات، کاریگەری خۆی هەبوو بۆ سەر کاروانی خەباتی نەتەوە ژێردەستەکان، بەداخەوە براقی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بە هۆی ململانێ و ناکۆکی نێوان حزبەکان و پیلانی داگیرکەرانی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن نەیتوانی وەک پێویست سوود لەم هەل و گۆڕانکارییانە وەربگرێت و، بە کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەردەمیانە بەرەو رزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو بنێت.

هەڤاڵانی ئازیز: هیڤیدارم لەم کۆنگرەیەدا بەڕاشکاوی و گیانێکی هەڤاڵبەندانە گفتوگۆ لەسەر تەواوی تەورو بابەتەکانی نێو کۆنگرەدا بکەین، با هەموو لایەکمان کار بۆ

ئـەوە بکەیـن کـە ئـەم کۆنگرەیەمـان، کۆنگـرەی بنیاتنانـەوەی YNDK بێـت بەشـێوەیەکی مۆدێـرن و سـەردەمییانە، هەروەهـا لەسـەر هەمـوو لایەکـمان پێویسـتە زۆر راشـکاوانە کارو خەباتـی مـاوەی رابـردووی YNDK هەڵبسـەنگێنین و خاڵـە پۆزەتیـڤ و نێگەتیڤـەکان بخەینـە بەرچـاو و، بوێرانـەش پەنجـە بخەینـە سـەر ئـەو گرفـت و کۆسـپ و لەمپەرانـەی هاتوونەتـە رێـی کارو خەباتـی YNDK ، لەهەمـان کاتـدا پێویسـتە بەهەمـوو لایەکـمان چارەسـەری دروسـت و گونجـاو بدۆزینـەوە بـۆ هەڵگرتنـی کۆسـپ و لەمپـەرەکان و دەربازبـوون لـە گرفتـەکان، بـۆ ئەمـەش دەبێـت لـەم کۆنگرەیـەدا، کارنامەیەکـی نـوێ و سـەردەمییانە بـۆ کارو خەباتـی داهاتـووی YNDK دابڕێژیـن، کـە لـە ئاسـت خواسـتی ئێمـەو هەڤاڵانمانـدا بێـت و، ببێتـە هـۆی زیاتـر گەشـەکردن و پێشـڤەبردنی YNDK لـە هەمـوو رووێکـەوە.

خوشکانی خۆشەویست ... برایانی بەڕێزم :

لەمـاوەی نێـوان پێنجـەم تـا شەشـەم کۆنگرەمانـدا کۆمەڵـێ بویـەرو گۆڕانـکاری سیاسـی مـەزن لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان و عێـراق و ناوچەکـەو جیهـان روویانـداوە، بـۆ ئێمـە زۆرگرنگـە لەسـەریان بوەسـتین و لـە دیـدگای YNDK ەوە شـییانبکەینەوەو هەڵیانبسـەنگێنین، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـەم راپۆرتـەدا بەکورتـی و بەچـڕی لەسـەر ئـەم بویـەرو گۆڕانکارییانـە وەسـتاوین و دیـدو بۆچوونـی YNDK مـان لەبارەیـان خسـتۆتەڕوو.

## بارودۆخی کوردستان

کوردسـتان وەك نیشـتمانێکی پارچـە پارچەکـراوو داگیرکراوێکـی نێودەوڵەتـی لـە رۆژهەڵاتـی ناڤینـدا کەوتۆتـە شـوێنێکی زۆر سـتراتیژی لەسـەر نەخشـەی سیاسـیدا و، زۆربـەی سـەرچاوە سـەرەکییەکانی وزەی ناوچەکـە لـە چوارچێـوەی خاکـی کوردسـتاندان، (نـەوت) کـە یەکێکـە لـە سـەرچاوە سـەرەکییەکانی وزە بـە رێژەیەکـی وا لـە کوردسـتاندا هەیـە کـە دەتوانیـن بڵێیـن گەورەتریـن یەدەگـی نـەوت بـۆ دواڕۆژ سـەرچاوەکەی کوردسـتانە، جگـە لـەوە یەدەگێکـی زۆری گۆگـردو فۆسـفات و زێـڕو زیـوو یۆرانیـۆم و ئاسـن و کانـزای دیکـە و، هەروەهـا بەپیتـی خاکەکـەی بـۆ کشـتوکاڵ و بوونـی سـەرچاوەیەکی زۆری ئـاو لـە کوردسـتان و دیمـەنی جـوان

و دڵڕفێنی کوردستان و بوونی شوێنی گەشتیاری، ئەمانە هەموویان دەوڵەمەندی خاکی کوردستان نیشان دەدەن.

جگە لەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، کوردستان دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، هاوکات گرنگی و دەوڵەمەندی فرەڕەهەندیشی هەیە، بەتایبەتی لە بواری جیۆپۆلەتیکدا، بەو پێیەی بە یەکێک لە ناوچە جوگرافییە گرنگەکانی جیهان دادەنرێت.

کوردستان شەش دەرگا (دەروازە)ی گرنگی هەیە: دەرگایەک بەرەو ئەنادۆڵ و ئەورووپا دەکرێتەوە، دەرگای دووەم بەرەو قەفقاز و ڕووسیا و، دەرگای سێیەم بەرەو ئاسیای ناوەڕاست و، دەرگای چوارەم بەرەو جیهانی ئێران و، دەرگای پێنجەم بەرەو شام و، دەرگای شەشەم بەرەو وڵاتانی کەنداو دەکرێنەوە.

لەبەرئەوە کوردستان هەمیشە جێی چاوتێبڕینی هێزداران بووەو خاڵی بەیەکدادانی هێزە فراوانخوازو پاوانخوازەکان بووە بۆ داگیرکردنی خاکەکەی و بە تاڵانبردنی سامانەکەی، ئەگەر بۆ مێژوویەکی زۆر دوورو کۆن نەگەڕێینەوە، ئەوا (چاڵدێران و لۆزان) ئەنجامدانی دوو تاوانی دیرۆکی مەزن بوون دژی کوردستان و نەتەوەی کورد، کە بوونە هۆی دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان، بەڵام ئەنجامدانی ئەم تاوانانە هەروا بێ وەڵام و کاردانەوە نەمانەوەو، بەڵکو کورد بەدرێژایی مێژووی پارچە پارچەکردن و داگیرکردنی خاکەکەی بەمەبەستی بەرەڤانیکردن لە بوون و مانەوەی خۆی و دەرپەڕاندنی داگیرکەران لە خاکەکەی و دامەزراندنی کیانی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی، بەردەوام دژ بە داگیرکەران و چەوسێنەرانی لە بەرخودانی شۆڕشگێڕانە دابووە، سەرەڕای ئەوەی بە درێژایی هەموو ماوەی ئەو بەرخودانە بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆییش بەشێکی زۆریان ڕاستەوخۆ دژی کوردو بزاڤەکەی بوون و بەشێکی دیکەشیان لە ئاستی سەنگ و گرنگی و مەزنی بزاڤەکەدا نەبوون، بەڵام ئەوەی کە کورد دەتوانێت تا ئێستا شانازی پێوە بکات ئەوەیە کە لە ئەنجامی بەرخودانی قارەمانانەی خۆیدا سەرەڕای هەموو دوژمنە زۆرو زەوەند و هارو هۆڤ و دڕندەکانی، وەکو نەتەوە خۆی هێشتۆتەوەو توانیویەتی بەرەڤانی لە بوون و مانەوەی خۆی بکات و خۆی لە قڕکردن بپارێزێت، بێگومان ئەمەش خاڵێکی درەوشاوەی دیرۆکی کوردەو گەورەترین دەسکەوتی

بەرخودانەکەیەتـی.

ئازیـزان: ڕەوشـی کوردسـتان لـە تـەواوی پارچـە داگیرکراوەکانیـدا لـەڕووی خەباتـی سیاسـی و جەمـاوەری و دیپلۆماسـی و خۆڕێکخسـتن و خۆسـازدان و کاری شۆڕشـگێڕانەو هەوڵـدان بـۆ چەسـپاندنی دەسـەڵاتی شارسـتانییانەو سـەردەمییانە زۆر لـە جـاران پێشـڤەچوو و گەشـەکردووترە، لێـرەدا بەپێویسـتی دەزانیـن بەجیا بـاس لـە بەشـەکانی کوردسـتان و ڕەوشـی کـوردان بکەیـن و تیشـك بخەینەسـەر پێشـڤەچوونەکان.

## باکووری کوردستان

باڵابـوون و پێشـڤەچوونی خەبـات و بەرخودانـی وڵاتپارێزانـەی نەتەوەکەمـان لـە باکـووری وڵات توانیویەتـی نەتەوەکەمـان لـە ئینـکاری هەبوونـی کـورد وەك نەتەوەیـەك ڕزگار بـکات و بیگەیەنێتـە ئـەو ئاسـتەی کـە حکومـەت و ناوەنـدە بڕیـار بەدەسـتەکانی تورکیـا ناچـار بـکات بگەنـە ئـەو بـاوەڕەی کـە بەڵـێ ئیـتر ناتوانـن ئینـکاری بوونـی کـورد بکـەن، ئـەم گۆڕانکارییانـەی کـە لـە تورکیـا ڕوویانـداوە لەژێـر کاریگـەری پێشـڤەچوونی خەباتـی نەتەوەکەمـان لـەو بەشـەی وڵاتـدا هاتوونەتـەدی، تورکیـا لـە ڕابـردوودا بەهەمـوو شـێوەیەك ئینـکاری بوونـی نەتەوەکەمانـی دەکـرد، بـەڵام ئێسـتا ناتوانـێ ئینـکاری بـوونی کـورد بـکات، پێشـڤەچوونی خەباتـی نەتەوەکەمـان لـە باکـووری کوردسـتان لەسـەر هەمـوو ئاسـتێکدایە، لەسـەر ئاسـتی سیاسـی و دیپلۆماسـی و کلتـوری و جەمـاوەری و شـێوازی دیکـەی شارسـتانییانەی خەبـات، سـەرەڕای هەمـوو پێشـڤەچوونەکانی خەبـاتی نەتەوەکەمـان لـەو بەشـەی وڵات، ڕژێمـی داگیرکـەری توکیـا شـێوازی خەبـاتی شارسـتانیانەی گـەلی کوردسـتان لـە باکـووری وڵات ڕەتدەکاتـەوە و ڕۆژانـە پەرلەمانتـارو چالاکوانـانی کـورد دەگرێـت و زیندانیـان دەکات، ئەمانـە هەمـوو ڕژێمـی داگیرکـەری تورکیایـان بەرامبـەر کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی شـەرمەزار کـردووەو ناچاریـان کـردووە کـەوا بیـر لـە گۆڕینـی سیاسـەتی فاشـییانەی خـۆی بەرامبـەر بـە کـورد بکاتـەوە.

ئێمـە لـە YNDK بەچـاوی ڕێـزەوە لـە کاروخەباتـی نەتەوەکەمـان لـە باکـووری کوردسـتان

دەڕوانیـن و خۆشـحاڵین بـەو پێشـڤەچوونانەی بزاڤـی رزگاریخـوازی نەتەوەکەمـان لـەو بەشـەی وڵات، لەهەمـان کاتـدا هـاوکاری و پشـتیوانی خۆمـان بـۆ خەباتـی نەتەوەکەمـان لـەو باکـووری کوردسـتان رادەگەیەنیـن و کارو خەباتیـان بـەرز دەنرخێنیـن و، بانـگ لـە هەمـوو کوردسـتانیانی نـاوەوەو دەرەوەی وڵات دەکەیـن هاودەنـگ و پشـتیوانی خەباتـی نەتەوەکەمـان بـن لـە باکـووری کوردسـتان بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـە رەواکانـی گەلـی کوردسـتان و ریسـواکردنی سیاسـەتی فاشـییانەی رژێمـی داگیرکـەری تورکیـا، کـە دژی نەتەوەکەمـان ئەنجامـی دەدات، هەروەهـا داوا لەتـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکان و رێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و کەسـایەتییە وڵاتپارێزەکانـی باکـووری وڵات دەکەیـن کـە هـاوکارو پشـتیوانی یەکـدی بـن بـۆ زیاتـر پێشـڤەبردنی کارو خەبـات و گەیشـتن بـە ئـازادی و مافـە نەتەوەییەکانمـان.

## رۆژهەڵاتی کوردستان

سـەرەڕای ئـەو هەمـوو گۆڕانکارییانـەی کـە لـە ناوچەکەمانـدا روودەدەن و ئـەو هەمـوو پێشـهاتانەی کـە دێنـە پێشـەوە، هەسـت بـە سسـتییەك دەکـرێ لـە کارو خەباتـی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان، سسـتی کارو خەبـات لـەم بەشـەی وڵاتـدا وایکـردووە کـەوا هەڵوێسـت و روانینـی رژێمـی داگیرکـەری ئێـران بەرامبـەر نەتەوەکەمـان هـەروەك خـۆی بێـت و بـەردەوام بێـت لـە دژایەتیکردنـی نەتەوەکەمـان و داننەنـان بـە مافەڕەواکانمـان، سـەرەڕای سسـتی لـە کارو خەباتـی ئـەو بەشـەی کوردسـتان هەوڵەکانـی لێکنزیکبوونـەوەی هێـزو لایەنـە سیاسـییە وڵاتپارێزەکانـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـەرز دەنرخێنیـن و بـە چـاوی رێـزەوە لێیـان دەڕوانیـن و، بانـگ لـە سـەرکردایەتی تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکاتی رۆژهـەڵات دەکەیـن کـەوا زیاتـر لـە یەکـدی نزیکببنـەوەو ریزەکانـی خۆیـان یەکبخـەن، لـەم پێنـاوەدا پێویسـتە هەنـگاوی بەلـەز و خـورت بهاوێـژن و کارنامەیەکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بـۆ قۆناخـی ئێسـتای خەبـات دابڕێـژن و، کاربکـەن بـۆ پێکهێنانـی بەرەیەکـی سیاسـی لـە نێـوان خۆیانـدا بۆئـەوەی ئامادەبـن بـۆ ئـەو ئەگـەرو پێشـهاتانەی کـە لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـەدا روودەدەن

و دێنــە پێشــەوە.

ئێمــە لــەYNDK هــاوکاری و پشــتیوانی تــەواوی خۆمــان بــۆ خەباتــی نەتەوەکەمــان لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان ڕادەگەیەنیــن و هیــوای پێشــڤەچوون و ســەرکەوتنیان بــۆ دەخوازیــن و داوا لــە تــەواوی کوردســتانییان دەکەیــن کــە هــاوکارو پشــتیوانی کارو خەباتــی نەتەوەکەمــان بــن لــەو بەشــەی وڵاتــدا.

## ڕۆژئاوای کوردستان

لــە ڕابــردوودا ڕژێمــی داگیرکــەری ســوریا بــەردەوام ئینــکاری بوونــی ڕۆژئــاوای کوردســتانی بــە خــاك و خەڵکــەوە کــردووە و، جۆرەهــا سیاســەتی ڕەگەزپەرســتانەو فاشــییانەی لــە بەرامبــەر نەتەوەکەمــان لــەو بەشــەی وڵاتــدا بەکارهێنــاوە، وەك داننەنــان بــە بوونــی کــورد و دروســتکردنی پشــتێنەی عەرەبــی و ســەندنەوەی زەوی و زاری کشــتوکاڵی لــە کــوردان و دانیــان بــە عــەرەب و لێســەندنەوەی ناســنامەو جۆرەهــا سیاســەتی دڕندانــەی دیکــە، ســەرەڕای بەردەوامبوونــی ئــەو سیاســەتە فاشــییانەی ڕژێمــی داگیرکــەری ســوریا، ڕۆڵەکانــی نەتەوەکەمــان لــەو بەشــەی وڵاتــدا بــەردەوام بوونــە لــە کارو خەباتــی سیاســییانەی خۆیانــدا و توانیویانــە پارێــزگاری لــە بــوون و مانــەوەی خۆیــان بکــەن و تایبەتمەندییــە نەتەوەییەکانــی خۆیــان بپارێــزن.

کــە باهــۆزی شــۆڕش و ڕاپەڕینەکانــی وڵاتانــی عەرەبــی گەیشــتە ســوریا گەلــی ســوریا شۆڕشــیان لــە دژی ڕژێمــە خوێنڕێژەکــەی ئەســەد بەرپاکــرد، لــە ئەنجامــدا ڕۆڵــەکانی نەتەوەکەمــان توانیــان زۆربــەی زۆری خاکــی ڕۆژئــاوای کوردســتان ئازادبکــەن و ڕێڤەبەرییەکــی خۆســەر دابمەزرێنــن، ئەمــەش هەنگاوێکــی گرنــگ بــوو لــە کارو خەبــاتی ئــەو بەشــەی وڵاتــدا، بــە گرنگــی دەزانیــن بــۆ پاراســتن و پێشــڤەبردنی دەســکەوتەکانی ڕۆژئــاوای وڵات تــەواوی هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی ڕۆژئــاوای کوردســتان یەکڕیــزو یەکدەنــگ بــن و بەیەکــەوە کاربکــەن و خۆیــان لــە ململانێــی حزبایەتــی بــەدوور بگــرن، ئێمــە لــە YNDK بانــگ لــە هەمــوو لایــەك دەکەیــن لــەم قۆناخــە هەســتیارەدا لەجیاتــی حزبایەتــی کوردایەتــی بکــەن و بەرژەوەنــدی

نەتەوەیـی و نیشـتمانی لەبەرچـاو بگـرن و خۆیـان دووربگـرن لەهــەر گــرژی و ناکۆکییــەك. لـە رابـردوودا نەتەوەکەمان لەرۆژئاوای وڵاتەوە هاوکارو پشـتیوانی خەباتـی نەتەوەکەمان بوونە لـە باکـوورو باشـوورو رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و بەکردەیـی بەشـداری شـۆڕشـی هەموو بەشـەکانی وڵات بـوون، پێویسـتە لـەم قۆناخـەدا هەمـوو لایەکمان لە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان هاوکارو پشـتیوانی نەتەوەکەمـان بیـن لـە رۆژئـاوای کوردسـتان، لـەم رووەوە ئێمـە لـە YNDK هـاوکاری و پشـتیوانی تـەواوی خۆمـان بـۆ خەباتی نەتەوەکەمـان لە رۆژئـاوای کوردسـتان رادەگەیەنین و، داوا لـە هەموو کوردسـتانییانی نـاوەوەو دەرەوەی کوردسـتان دەکەین هاوکارو پشـتیوانی نەتەوەکەمان بن لـە رۆژئـاوای وڵاتدا.

## کوردستانی سۆر

کوردســتانی ســۆر؛ مەبەســتمان لــەو بەشــە خاکــەی کوردســتانە کــە کەوتۆتــە بندەســتی هــەر یــەك لـە ئەرمینیـاو ئازەربایجـان، لـەو بەشـەی کوردسـتاندا سـەرەڕای شـەڕو ئاڵۆزییـەکانی نێـوان ئەرمینیـا و ئازەربایجـان لەسـەر خاکـی کوردسـتانی سـۆر، نەتەوەکەمـان لەرێـی خەباتـی کلتورییـەوە توانیویانـە تایبەتمەندییـە نەتەوەییەکانـی خۆیـان بپارێـزن و پارێـزگاری لـە بـوون و مانـەوەی خۆیـان بکـەن و بـەردەوام لـە کارو خەباتدابـن بـۆ پێشخسـتن و بوژاندنـەوەی زمـان و کلتـوری کـورد، لـەم بەشــەی کوردســتاندا کۆمەڵــێ کەســایەتی و زانــای بەتوانــا لەبــواری زانسـت و ئەدەبـدا هەڵکەوتـوون کـە جێـی شـانازی کـوردن.

ئێمــە وەکــو YNDK ئــەو بەشــەی کوردســتان بەبەشــێکی دانەبــڕاوی خاکــی کوردســتان دەزانیــن و پشــتگیری تــەواوی بزاڤــی کلتــوری و خۆپارێــزی نەتەوەکەمــان لــەو بەشــەی کوردســتان دەکەیــن و، هیڤیداریــن لەداهاتــوودا ئــەو بەشــەی کوردســتان بگەڕێتــەوە ســەر خاکــی کوردســتانی مــەزن.

# کوردانی ئاسیای ناڤین

لەئەنجامی هێرش و پەلاماری دوژمن و ناحەزان بۆسەر خاکی کوردستان و داگیرکردنی وڵاتەکەمان، ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوەکەمان پەرش و بڵاوبوونەتەوە و لە وڵاتانی ئاسیای ناڤین دەژین، کوردانی ئاسیای ناڤین کە لە وڵاتانی (کازاخستان و قرخیزستان و ئۆزبەگستان و توکمانستان) دەژین، ژمارەیان لە یەک ملیۆن کەس زیاتر بووە، بەڵام بەهۆی سیاسەتی راگواستن و هێرشی ئەو وڵاتانە بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان، لە ئێستادا ژمارەیان بۆتە ٦٠٠٠٠٠ شەشسەد هەزار کەس، کوردانی ئاسیای ناڤین تا ئێستا پەیوەستن بە زمان و کلتوری نەتەوەیی کورد و پارێزگاری لێدەکەن، هەروەها یادی جەژن و بۆنە نەتەوەییەکان دەکەنەوە بەتایبەت جەژنی نەورۆز، لەسەر هەموو لایەکمانە بەبایەخەوە لەو خوشک و برایانەمان بڕوانین و هاوکارییان بین بۆ پارێزگاریکردن و پاراستنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیان.

ئێمە وەکو YNDK هەمیشە بەچاوی رێزەوە لەو خوشک و برایانەمان دەڕوانین و ئەوەی لە تواناماندا بێت هاوکارو پشتیوانیان دەبین، بۆ بەبیرخستنەوە کاتێ لە ساڵی ٢٠٠٩ لە قرخیزستان کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری دەوڵەت ئێمە لەسەریان بەدەنگ هاتین و پەیامی ئەوانیشمان گەیاندە سەرۆکایەتی کوردستان و وەڵامی سەرۆکایەتی کوردستانیش کە هەڵوێستێکی کوردانەو نەتەوەییانە بوو بەرامبەر ئەو هێرشانە پێمان راگەیاندن، سەبارە بە هەڵوێستی YNDK کۆمەڵێ کەسایەتی لە کوردانی ئاسیای ناڤین لە ساڵیادی کارەساتی هێرشەرەکەدا لە رۆژی ١٤ / ٤ / ٢٠١١دا نامەیەکی سوپاسگوزارییان ئاراستەی ئێمە کردووەو لەمڕووەوە سوپاسی هەڵوێستی سکرتێری گشتی و سەرکردایەتی YNDK یان کردووە.

# کوردانی وڵاتانی عەرەبی

ژمارەیەکی زۆر لە کورد لە وڵاتانی لوبنان و ئوردەن و فەلەستین و میسرو سودان و لیبیا و یەمەن و چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبی دەژین و تێکەڵی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانە بوونە، زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانیش چوونی کورد بۆ ئەو وڵاتانە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی و، لەسەددەی رابردووشدا دوای نسکۆی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە باکووری کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی باکووری وڵات لە دەست زوڵم و زۆری تورکان ئاوارەی لوبنان بوون، کوردانی لوبنان ژمارەیان لە ١٥٠٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار کەس زیاترە، هەروەها ژمارەیەك کورد لە ئوردەنیش دەژین کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار کەس، هەروەها لە فەلەستین نزیکەی یەک ملیۆن کورد دەژین، چوونی کورد بۆ فەلەستین و ئوردەنیش وەك سەرچاوە مێژووییەکان باسی لێوە دەکەن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی، کورد لەو وڵاتانەدا بەشێوەیەکی وا تێکەڵی ئەو کۆمەڵگەیانە بوونە کەوا نەوەی ئێستا زۆربەیان زمانی کوردیان بیرچۆتەوە، کوردی ئەو وڵاتە عەرەبییانە شانازی بە کوردبوونی خۆیان دەکەن و، ناوەند و کۆمەڵەی کلتوری کوردییان دامەزراندووە و ساڵانە یادی سەری ساڵی کوردی و جەژنی نەورۆز دەکەنەوە.

ئێمە وەکو YNDK بەپێویستی دەزانین کەوا هاوکاری خوشک و برایانمان بین بۆ پاراستنی زمان و کلتورو تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان لە هەر شوێنێك بن.

# باشووری کوردستان

لەماوەی نێوان پێنجەم تا شەشەم کۆنگرەماندا ؛ باشووری کوردستان بە زۆر هەورازو نشێودا تێپەڕیوە، لەلایەک شەڕی تیرۆریستانی داعش و لە لایەکی دیکەوە فشارەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر کوردستان، سەرەڕای ئەمانەش پیلان و فشاری داگیرکەران و دروستکردنی ئاستەنگ و کێشە بۆ ئەزموونی باشووری کوردستان، هەموو ئەو پیلانانە

بـۆ ئـەوە بوونـە کـەوا باشـووری کوردسـتان گەشـە نـەکات و پێشـنەکەوێت، بـەڵام باشـووری کوردسـتان لەڕێگـەی دامـەزراوە نیشـتمانییەکانیدا (سـەرۆکایەتی و پەرلەمـان و حکومـەت) بـەردەوام لـە ململانێـدا بـووە بـۆ هەنگاونـان بـەرەو پێشـەوە و، گەشـەو پێشـڤەچوونێکی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینیـوە و، هەوڵیـداوە لـەڕووی سیاسـی و تەناهـی و دیپلۆماسـی و ئابـووری و پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەو بنیاتنانـەوەی ژێرخـان بـەرەو پێشـەوە هەنگاوبنێـت، پێشـڤەچوونەکانی باشـووری وڵات مایـەی دڵخۆشـین و پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان هاوکاربیـن بـۆ چارەسـەری کێشـەکان و لابـردنی لەمپـەرو ئاسـتەنگەکان و خورتکـردنی پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەو زیاتـر پێشـڤەبردنی باشـووری کوردسـتان لەهەمـوو ڕوویکـەوە.

بـۆ زیاتـر پێشـڤەبردنی باشـووری کوردسـتان ئیمـە وەک YNDK بەپێویسـتی دەزانیـن چاکسـازییەکی ریشـەیی ئەنجامبدرێـت و شـێوازی بەڕێوەبـردن سیسـتماتیك بکرێـت و عەدالەتـی کۆمەڵایەتـی ڕەچاوبکرێـت و گەندەڵـی بنبـڕ بکرێـت و، بایـەخ و ڕۆڵـی تـەواو بـە لاوان و ئافرەتـان و کەسـانی شـارەزا بدرێـت، ئەمانـەش دەبنـە فاکتـەری سـەرەکی بـۆ زیاتـر کاراکـردن و پێشـڤەچوونی دەزگاو دامەزراوەکانـی سـەرۆکایەتی و پەرلەمـان و حکومەتـی کوردسـتان.

سـەرەڕای پێشـڤەچوونەکان ؛ تـا ئێسـتاش کۆمەڵـێ هەڕەشـە لەسـەر باشـووری کوردسـتان هـەن، کـە پێویسـتە هەموولایەکـمان ڕووبەڕوویـان ببینـەوە، بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هەڕەشـەکانی سـەر باشـووری وڵات بەپێویسـتی دەزانیـن بەزووتریـن کات ناوماڵـی کـورد و ناوەنـدی سیاسـیی کوردسـتان ڕێـك و یەکبخرێتـەوەو، مامەڵەیەکـی تەندروسـت لەگـەڵ هێـزو لایەنـە سیاسـییەکان بکرێـت، هەروەهـا وایدەبینیـن کـە پێویسـتە هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان لەسـەر پرسـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکان یەکڕیـزو یەکدەنـگ و هاوهەڵوێسـت بـن و، زیاتـر ڕەچـاوی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بکـەن و بەرژەوەنـدی کـەسی و حـزبی بخەنـە لاوە، بـە تایبـەت لـەم قۆناخـە هەسـتیارو چارەنووسسـازەدا.

بێگومـان کێشـە و گرفتـەکانی ئێسـتای باشـووری کوردسـتان باکگراوندێکـی سـیاسی و مێژوویيـان هەيـە، ڕەنگدانـەوەی واقیعـی دووبەرەکـی وناکۆکـی سـیاسی نێـوان لایەنـە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتانن، بۆیـە چارەسـەری ئـەم پرسـە پەیوەسـتە بـە چارەسـەری گرفـت و ناکۆکـی مێژوویـی نێـوان لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان، بۆئەمـەش پێویسـتە لایەنـە

سیاسییە ناکۆکەکان قۆناخی سالانی رابردوو دەربازبکەن و بە شێوازێکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن و، بە دیدگایەکی سەردەمییانە سیاسەتی نوێی جیهان بخوێننەوە و لەجیاتی بەرژەوەندی تەسکی حیزبی رەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەن.

ئێمە لەسەر هەموو ئاستەکاندا پێویستیمان بە بەخۆداچوونەوەیە بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بوویەر و رووداوەکاندا، پێویستە رەخنە لە شێوازی کاری رابردوومان بگرین و، رەخنە وەک میکانیزمی پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر بکەین، کە راشکاوانە رەخنەمان گرت؛ کێشە و ناتەواوییەکان دەبینین، کە کێشە و ناتەواوییەکانمان بینی بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین، بەمەش دەتوانین پەیوەندییەکی تەندروست و کۆمەڵگەیەکی تەندروست بینا بکەین.

پێویستە لایەنە ناکۆکەکانی باشووری کوردستان رەچاوی هەستیاری بارودۆخی کوردستان بکەن و، وەکو رێزگرتن لە خوێنی پاکی شەهیدان و قارەمانێتی پێشمەرگە و خۆڕاگری گەلی کوردستان؛ ناکۆکییەکانیان بخەنە لاوە و بگەڕێنەوە سەر مێزی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن، لەبەرئەوەی سەردەم سەردەمی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن و لەهەڤهاتنە، لەم پێناوەدا ئێمە وەک YNDK ئەم چارەسەرییانە دەخەینەڕوو :

یەکەم: بۆ رێکخستنەوەی ناوەندی سیاسیی کوردستان و دەربازکردنی لەو پەرش و بڵاوییەی کە تێیدایە پێویستە بەزووترین کات (ئەنجوومەنی سیاسیی کوردستان) لە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان پێکبهێندرێت و، ئەم ئەنجوومەنە وەکو پاڵپشتێکی سیاسی بۆ دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان لە کاردابێت و رۆڵی راوێژکاری ببینێت و، لەکاتی هاتنەپێشی قەیرانەکاندا بە پرۆژە و کارنامەی هاوبەشی سیاسی هاوکاربێت.

دووەم: کۆنگرەیەکی راوێژکاری بۆ شارەزا و پسپۆڕان ئەنجامبدرێت، بۆ داڕشتنی نەخشەڕێگایەکی گشتگیر بۆ دەربازکردنی باشووری کوردستان لەو قەیرانانەی کە تێیکەوتووە.

سێیەم: بێگومان گەورەترین کێشە لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە کە دەزگا و دامەزراوەکانی

ئێمە سیستەماتیك نین و ئیش و کارەکان لەسەر بنەمای میزاجی شەخسی بەڕێوەدەچن، بۆیە تا ئێستاش ئەو حزبانەی کە دەگەنە دەسەڵات بەهەمان شێوازی پێشوو مامەڵە دەکەن، پێویستە کاربکرێت بۆ سیستماتیکردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان و، دوورخستنەوەی کاری حیزبی لە دەزگاو دامەزراوەکان، بۆئەوەی حکومەتی کوردستان ببێتە حکومەتی خەڵکی کوردستان نەک حکومەتی ئەم حیزب و ئەو حیزب، لەم بوارەدا بۆ سیستماتیکردنی دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەت، کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان چەند هەنگاوێکی گرنگی ناوەوە پێویستە هەموو لایەکمان هاوکارو پشتیوانی حکومەت بین بۆ پێشڤەبردنی ئەو هەنگاوو کارانەو سەرخستنیان.

چوارەم: قوڵکردنەوەی گیانی یەکدی قبوڵکردن و رەتکردنەوەی خۆسەپاندن و قۆرخکاری لە ناوەندی سیاسیی کوردستان و تەواوی ناوەندەکانی کارو بوارەکانی ژیاندا.

پێنجەم: لە جیاتی حزبەکان؛ پێویستە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان وەکو دوو دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە تەواوی ناوەندەکانی ناوخۆ و ناوچەکە و جیهان بکەن.

شەشەم: گوێگرتن لە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان.

حەوتەم: یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەکردەیی و باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان.

هەشتەم: یەکخستنەوەی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان بەکردەیی و کردنیان بە دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی و دوور لە دەستتێوەردانی حیزبی و، دەوڵەمەندکردنیان بە ئەزموون و ئامێری پێشکەوتوو و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا.

نۆیەم: بەشدارکردنی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە داڕشتنی بڕیاری سیاسی و وازهێنان لە پەراوێزخستنی ئەم لایەن و ئەو لایەن.

دەیەم: پێویستە لایەنە ناکۆکەکان واز لەیەکدی ناشیرینکردن و شەڕی راگەیاندن بهێنن و بە زمانی سەردەم ؛ زمانی لۆژیک لەگەڵ یەکدی بدوێن و دیالۆگ بکەن.

یازدەهەم: پێکهێنانی (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان) بۆ کارکردن بۆ جولاندنی ئەنجامی ریفراندۆم و چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، ئەم پرسە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و پێویستە هەموو لایەکمان لەسەری هاوکار و یەکدەنگ بین.



دوانزەهەم: پەسەندکردنی دەستوور ؛ پێویستە وەکو پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەیری پرسی دەستوور بکەین، نەك وەك پرسێکی حزبی، کە بەداخەوە زۆربەی پرسەکان و بابەتەکان بەحزبی کراون و لەدیدگای حزبییەوە سەیری پرسەکان دەکرێت، پرسی دەستووریش خراوەتە ئەم چوارچێوەیە، کە ئەوەش هەڵەیەکی ستراتیژییە و پێویستە بەزووترین کات چارەسەر بکرێت.

بۆ چارەسەر و راستکردنەوەی ئەم هەڵەیەش پێویستە پەرلەمانی کوردستان لە خولی داهاتوویدا پرسی دەستووری کوردستان یەکلابکاتەوە، لەبەئەوەی پرۆژەی دەستوور هەردوو قۆناخی نووسینەوە و قۆناخی دەنگدان لەسەری لە پەرلەمانی تێپەڕاندووە، قۆناخی سێیەم ماوە کە بریتییە لە قۆناخی ریفراندۆم، بوونی دەستوور بۆ ئێمە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی لەرووی یاساییەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ رێکخستنەوە و دیاریکردنی ئەرك و مافی تاکەکان و دارشتنی بنەما و سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات و بەدامەزراوەییکردنی دەزگا و دامەزراوەکان، ئەمانەش هەمووی لە (پرۆژەی دەستووری کوردستان) جێگیرکراون، بۆیە هەتا رۆژێك زووتر ببینە خاوەنی دەستووری خۆمان باشترە لەوەی کە بەهۆی هەندێك مەرامی سیاسییەوە دوایبخەین، لەهەموو دنیادا وایە کاتێك دەستوور ریفۆراندۆمی لەسەر دەکرێ و تەنانەت پەسەندیش دەکرێ، ئەوا بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکە گۆڕانکاری تێدادەکرێت و هەموار دەکرێتەوە، زۆر ئاساییە پرۆژەی

دەستووری کوردستانیش کە ریفۆراندۆمی لەسەر کرا و کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، دواتر بەپێی پێویستی سەردەم هەموار بکرێتەوە.

سیانزەهەم: دامەزراندنی (سندوقی داهاتی نەتەوەیی) و کۆکردنەوەی تەواوی داهاتەکانی کوردستان لەو سندوقەدا، بۆ ئەوەی کوردستان لەسەر بنەمای داهاتی خۆی پشت بەخۆی ببەستێت و ستراتیژییەتێکی ئابووری نیشتمانی بۆ خۆی دابڕێژێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هاوکارو پشتیوان بن.

چواردەهەم: پێویستە دامەزراندن لە دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەت لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شارەزایی بێت نەک (تەزکیەی حزبی).

ئەم خاڵانە وەکو هەنگاوێک بەرەو چاکسازییەکی تەواو و هێورکردنەوەی ناکۆکی لایەنەکانی دەسەڵات دەخەینەڕوو، بۆئەوەی ببێتە فاکتەرێک بۆ لەهەڤهاتن و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و ئەنجامدانی چاکسازی بۆ دەربازکردنی باشووری کوردستان لەو قەیرانانەی تێیکەوتووە، ئەمەش پێویستی بە نیەتپاکی و هاوکاری و کاری هاوبەشی هەموو لایەکمانە، ئومێد دەکەین هەموو لایەکمان بۆ راستەڕێی یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان و زیاتر قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن و گوێ لەیەکترگرتن بگەڕێینەوە و رەچاوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین و بەرژەوەندی خۆمان لە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستاندا ببینینەوە.

## ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

دوای رووخانی رژێمی بەعس لە بەهاری ٢٠٠٣؛ دەرفەتێکی نوێ هاتە پێشەوە کەوا گەلانی چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراق بتوانن سەرلەنوی لەسەر بنەمایەکی سەردەمییانە عێراق بنیاتبنێنەوەو مافەکانی خۆیانی تێدا زامن بکەن، سەرکردایەتیی کوردستانیش بەو هیوایەوە رووی کردە بەغدا و بەشدار بوو لە بیناکردنەوەی عێراق، کە بە باوەڕی ئێمە کورد دەبووا سوودی لەو دەرفەتە وەربگرتایەو کاری بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکردبووایە نەک بنیاتنانەوەی عێراق.

هەمـــوو لایـــەك چاوەڕوانـــی ئـــەوە بوویـــن، کـــەوا سیســـتەمێکی مۆدێـــرن و بـــاوەڕ بـــە بنەماکانـــی دیموکراســـی حوکمـــی عێـــراق بـــکات و، هەڵەکانـــی ڕژێمەکانـــی پێشـــوو بەرامبـــەر گەلانـــی عێـــراق دووبـــارە نەکاتـــەوە، بـــەڵام بەداخـــەوە دەســـەڵاتدارانی عێـــراق لـــە دوای ڕووخانـــی ڕژێمـــی بەعـــس بـــە هەمـــان عەقڵییەتـــی پێشـــوو بیریـــان کـــردەوە و، تـــا ئێســـتاش بەردەوامـــن، ئەمـــەش بووەتـــە هـــۆکار بـــۆ چەندیـــن قەیـــران و کێشـــە و گرفـــت.

حوکمڕانانـــی عێـــراق بـــەو هەڵســـوکەوتانەیان بـــەرەو تاکـــڕەوی و دیکتاتۆرییـــەت هەنگاویـــان نـــا و، وەکـــو ڕژێمەکانـــی پێشـــووی عێـــراق لـــە دژی کـــورد و خواســـتەکانی وەســـتانەوە، سیاســـەتی هەڵـــە و دژایەتیـــی حکومەتـــی عێـــراق بـــۆ نەتـــەوە و پێکهاتەکانـــی نـــاو نەخشـــەی داتـــاشراوی عێـــراق، ئـــەو وڵاتـــەی ڕووبـــەڕووی کۆمەڵـــێ کێشـــەی سیاســـی و ئەمنـــی و ئابـــووری و ئیـــداری کـــردەوە.

ئـەم ڕەوشـەی عێـراق وایکـرد، کـەوا زەمینـە بسـازێت بـۆ دروسـتبوونی دەیـان میلیشـیای سـەربازی و ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی، ئەوانـە هەمـووی بوونـە هـۆی ئـەوەی کـەوا ڕەوشـی ئاســایش و ســەربازی عێــراق ئاڵــۆز بێــت و، وڵاتانــی ناوچەکــەش بەپێــی ئەجێنــدای خۆیـان لـە عێـراق جووڵـە بکـەن و دەسـت بخەنـە کاروبـاری عێـراق، ئەمانـەش بوونـە هـۆی ئـەوەی کـەوا عێـراق نەتوانـێ پارێـزگاری لـە سـەروەریی خـۆی بـکات، ئەوەتـا ڕۆژانـە سـەروەری پێشـێل دەکرێـت و، لـە وڵاتێکـی خـاوەن سـەروەری بۆتـە وڵاتێکـی بـێ سـەروەری، کـە ئێسـتا ناتوانـێ پارێـزگاری لـە خـاک و ئـاوو ئاسـمانی خـۆی بـکات.

لـــە ســـاڵی ٢٠٠٣ تـــا ٢٠١٧ پەیوەنـــدی کوردســـتان و عێـــراق بـــە چەندیـــن ئاڵـــۆزی و هـەوارازو نشـێودا ڕەتبـوو، هـەر زوو دەسـەڵاتدارانی عێـراق لـەو بەڵێنانـەی خۆیـان کـە بـە کوردیـان دابـوو پاشـگەزبوونەوەو ئـەو دەسـتوورەی کـەوا زۆربـەی لایەنـەکان بەشـداربوون لـــە نووووســـینی و بەشـــێک لـــە مافـــەکانی گـــەلی کوردســـتانی تێـــدا جێگیرکرابـــوو، لەلایـــەن دەســـەڵاتدارانی عێـــراق پشـــتگوێ خـــراو کاری پێنەکـــرا.

کێشـەو گرفتـەکانی نێـوان عێـراق و کوردسـتان بـەردەوام بـوون؛ بۆیە بـۆ دەربازکردنی ڕەوشـێکی وا ئاڵـۆز، جەنـابی سـەرۆک مەسـعوود بـارزانی ڕێبـەری بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان، بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ زۆربـەی زۆری لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان گەیشـتنە ئـەو بـاوەڕەی کـەوا

بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن.

ریفراندۆم وەکو پرۆسە سەرکەوتوو بوو خەڵک بە شێوەیەکی هێمنانەو لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا دەنگیاندا، ئەوەبوو گەلی کوردستان بە ڕێژەی ٩٢،٧٣٪ دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا، بە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان ؛ لەڕووی سیاسییەوە کوردستان دەبووە فاکتەری چەسپاندنی ئارامی و ئاسایش لە ناوچەکەدا، لەڕووی ئابووریشەوە دەبووە شوێنێکی گرنگ بە حوکمی ئەوەی خاوەن نەوت و کانزاو ئاوێکی زۆرەو شوێنێکی گەشتیاری گرنگە و، لەڕووی کشتوکاڵیشەوە دەوڵەمەندە، بۆیە کوردستان وەک دەوڵەتێک زوو دەیتوانی لەسەر پێی خۆی بوەستێت، بەڵام بەداخەوە پرۆسەکە رووبەڕووی خیانەتی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆوە، ئەوە وایکرد ئەو کێشانە دروست بێت کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ روویاندا، بێگومان ئەگەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ نەبووا ئەوا ئێستا ئێمە خاوەن دەوڵەتی خۆمان بووین، بەهیچ شێوەیەک نەدەبووا بەشێک لەناو لایەنێک لەگەڵ دوژمن رێکبکەون و خاکی کوردستانیان پێشکەش بکەن، دەبووا هەموو لایەکمان بەرگریمان لە خاکی کوردستان و لە ئەنجامەکانی ریفراندۆم بکردبووا، لەبەرئەوەی ریفراندۆم هەنگاوێك بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان کە خواستی لەمێژینەی گەلی کوردستان بووە، پێویستە هەموو کوردێك شانازی بە ئەنجامەکانی ریفراندۆم بکات و، بە ئەنجامدانی کارێکی نەتەوەیی مەزن سەیری بکات، ئێمە وەك YNDK کە خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەین هەمووکات شانازی بە ریفراندۆمەوە دەکەین و وەکو خاڵێکی درەوشاوەی مێژووی گەلی کوردستان سەیری دەکەین.

## ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان

کەرکوك و مەخموورو خانەقین و شنگاڵ و زوممارو بەدرەو جەسان و چەند شوێنێکی دیکەی باشووری کوردستان ئەو ناوچانەن کە تائێستا نەگەڕاونەتەوە سەر کوردستان و لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە داگیرکراون، ئەو ناوچانە بە (ناوچە جێناکۆکەکان) ناویان دەبرێت و، لە دەستووری ئێراقدا ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئەو ناوچانە دانراوە،



لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە هیچ کام لە کابینەکانی حکومەتی ئێراق هەنگاوی کردەییان نەناوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەو گەڕاندنەوەی ئەو شوێنانە بۆسەر سنووری ئیداری کوردستان، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا ؛ کە تیرۆریستانی داعشیان تێکشکاند زۆربەی زۆری ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانیان ئازاد کرد، پێشمەرگە لە کەرکوک و مەخموورو شنگاڵ و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان لە سەنگەردا بوو، هاوسۆزییەکی گەورەی نێودەوڵەتیمان لەگەڵدا بوو، بەڵام کێشەی سەرەکیمان نێوماڵی کوردستان بوو کە نەمانتوانی لەسەر ئەم پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەدا یەکڕیزو یەکدەنگ و یەك ئیرادە بین، ئەوەشیان پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە نەک لایەنی دیکە، ئەمە پەیوەستە بە گەلی کوردستان نەک وڵاتان و خەڵکانی دیکە، بەداخەوە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ وایکرد کەوا جارێکی دیکە ئەو ناوچانە لەلایەن سوپا و میلیشیا عێراقییەکان داگیربکرێنەوە، کە ئێستا ئەو ناوچانە لە رەوشێکی زۆر خراپدان و رەفتاری سوپا و میلیشیا داگیرکەرەکانی عێراق خەڵکی ئەو ناوچانەیان هەراسان کردووە، ئێمە لە YNDK وایدەبینین کەوا هیچ حکومەتێکی عێراق نە لە ئێستاو نە لە داهاتووشدا ئامادە نین ماددەی ١٤٠ جێبەجێبکەن و دەستبەرداری ئەو ناوچانەی کوردستان بن.

سەبارەت بە پیلانەکانی ئەم دواییەی حکومەتی عێراق لە کەرکووک و مەخموور و شنگاڵ و چەند شوێنێکی دیکە دژ بە خەڵکی کوردستان و ئەو ناوچانە بۆ ئەوەن کەوا

ئـەو ناوچانـە نەگەڕێنـەوە سـەر کوردسـتان و حکومـەتی ئێسـتای عێـراق وەك رژێمەکانـی پێشـوو داگیریـان بـکات، بۆیـە YNDK زۆر بەتونـدی ئـەو پیلانانـە ئیدانـەو ریسـوا دەکات و دژیـان دەوەسـتێتەوە و بانـگ لـە جەمـاوەری کوردسـتان و هەمـوو لایـەك دەکات یەکدەنـگ بـن بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی ئـەو پیلانـە گڵاوانـەی حکومەتـی عێـراق.

## سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی کوردستان

سـەرۆکایەتی و پەرلەمـان و حکومـەتی کوردسـتان دەسـتکەوتی مێژوویـی گـەلی کوردسـتانن، پاراسـتن و پێشخسـتنیان ئەرکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی هەمـوو لایەکمانـە، ئێمـە وەک YNDK ئەنجامـدانی چاکسـازییەکی گشـتگیر لـە تـەواوی بـوارەکانی بەڕێوەبـردنی کوردسـتان بەپێویسـت دەزانیـن و، پشـتیوانی لـە هەنـگاوەکانی حکومـەتی کوردسـتان دەکەیـن بـۆ سیسـتماتیکردن و بـە دامەزراوەییکـردنی دەزگاو دامـەزراوەکانی کوردسـتان و، داواکاریـن حکومـەتی کوردسـتان تـەواوی دەزگاو دامـەزراوەکانی کوردسـتان بەشـێوەیەکی سـەردەمیانە سیسـتماتیک بـکات و، ببێتـە حکومەتێکـی یەکگرتـوو بـۆ هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان، بـۆ ئەمـەش پێویسـتە لایەنـە سیاسـییەکانی بەشـدار لـە حکومـەت هاوکاربـن بـۆ سـڕینەوەی شـوێنەواری دوو ئیدارەیـی و پێکـەوە کاربکـەن بـۆ ئـەوەی حکومـەت لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکاندا یەکبخرێتـەوە، هەمـوو لایەکـمان چاوەڕوانیـن کـەوا حکومـەتی کوردسـتان هەنـگاوی بـاش بنێـت بـۆ پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری زیاتـرو نەهێشـتنی گەندەڵـی و نادادپـەروەری کۆمەڵایەتـی و سـیاسی و ئابـووری و حـزب حزبێنـە و نایەکسـانی، هەروەهـا پێویسـتە حکومـەتی کوردسـتانە ئـاوڕی زیاتـر لـە فەرمانبـەران و مامۆسـتایان و خانەنشـینان و خانـەوادەی شـەهیدان و خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت و تـەواوی موچەخـۆرانی کوردسـتان بداتـەوە و مووچەکانیـان لەکاتـی خۆیـدا بـۆ خـەرج بـکات و، بـە سـوود وەرگرتـن لـە داهـاتی کوردسـتان کاربـکات بـۆ باشـترکردنی ژیـان و گوزەرانـی خەڵکـی کوردسـتان.

## کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

بۆ خۆئامادەکردنی کوردان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان ئێمە لە YNDK جارێکی دیکە داواکارین کەوا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان ببەسترێت و، بە رەچاوکردنی تایبەتمەندی هەر بەشێکی کوردستان ستراتیژێکی نەتەوەیی یەکگرتوو بۆ قۆناخی داهاتووی خەباتی گەلی کوردستان دابڕێژرێت، ئەمەش بە ئەرکی بەپەلەی ئەم قۆناخەی خەبات دەزانین و، پێمانوایە دواخستنی ئەم کارە نەتەوەییە زیانێکی زۆر بە دۆزی رەوای کورد دەگەیەنێت، لەم پێناوەدا ئێمە لە YNDK ئامادەی هەر جۆرە هاوکاری و پشتیوانییەکین.

## رەڤەندی کورد لەدەرەوەی وڵات

ئێمە لە YNDK بەچاوی رێزەوە لە کارو خەباتی رەڤەندی کورد لەدەرەوەی وڵات دەڕوانین و، بەپێویستی دەزانین کەوا بایەخ بە رەڤەندی کورد لە دەرەوە بدرێت و لە چوارچێوەی رێکخراوێکی نەتەوەیی و نیشتمانی تایبەت بەخۆیاندا رێکبخرێن، بۆئەوەی بتوانن کاراتربن بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و بەشدارییەکی چالاکانەشیان هەبێت لە پشتیوانیکردنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا، رەڤەندی کورد ئەگەر رێکخراوبن دەتوانن نوێنەرایەتییەکی جوانی کورد بکەن و کاری مەزن ئەنجامبدەن کە لەخزمەتی پێشڤەبردنی پرسی نەتەوەیی و نیشتمانیماندا بێت.



## عێراق

ئێمــە وەکــو YNDK پێمانوایــە تــا ئێســتاش هیــچ گۆڕانکارییەکــی پۆزەتیــف لــە سیاســەت و هەڵســوکەوتی دەســەڵاتدارانی عێــراق بــۆ مامەڵەکــردن لەگــەڵ پــرسی گــەلی کوردســتان روونــەداوە و، دژایەتیکــردنی خواســتەکانی گــەلی کوردســتان لەلایــەن دەســەڵاتدارانی عێــراق بەردەوامــە، ئــەم رەوشــەی کــەوا ئێســتا عێــراق پێیــدا گــوزەر دەکات بەرەنجامــی عەقڵیەتــی تاکــڕەوی و دکتاتۆرییەتــە، کــە حکومەتــی تائیفــی و مەزهــەبی لــە ســاڵانی رابــردوو و لــە ئێســتادا هــۆکاری هێنانــە ئــارای ئــەم عەقڵیــەت و رەوشــە نەخــوازراوە بــوون، بــە بــاوەڕی ئێمــەو بەپێــی ئەزموونــی کــورد لەگــەڵ رژێمەکانــی پێشــووی عێــراق دەگەینــە ئــەو راســتییەی کــەوا متمانــە بــە دەســەڵاتدارانی عێــراق نەکەیــن، بێگومــان دەســەڵاتدارانی ئێســتای عێــراق دەیانــەوێ هەمــان سیاســەتی هەڵــەی حکومەتــەکانی پێشــووی عێــراق دووبــارە بکەنــەوە و، روانینــی دەســەڵاتی ئێســتای عێــراق بــۆ پــرسی گــەلی کوردســتان هەمــان روانینــی دەســەڵاتەکانی پێشــووە، ئەمــەش ئــەو راســتییە دەســەلمێنێت کــەوا عەقڵیــەتی دەســەڵاتداری عێراقــی عەقڵییەتێکــی چەقبەســتووەو ناگۆڕێــت و، روانینــی زۆربەیــان هەمــان روانینــی حکومەتــەکانی رابــردووە بــۆ چارەســەری پــرسی کــورد ! زۆربــەی دەســەڵاتدارانی عێــراق تــووشی نەخۆشــییەکی درێژخایــەن بوونــە کــە ئەویــش نەخــۆشی خۆبەزلزانینــە و، لۆژیکــی خۆبەزلزانیــن و ســەربازی

دەخەنــە پێــش لۆژیکــی دیالــۆگ و لەیەکترگەیشــتن.

ئێمـە وەکـو YNDK لـە چـوارەم کۆنگـرەی YNDK دا ؛ کـە لـە ڕۆژانـی ١٠ - ١١ / ٢ / ٢٠٠٢ دا لـە هەولێـر بەسـترا سـەبارەت بەڕەوشـی عێـراق پێشـبینی ئەوەمـان کردبـوو کـەوا ڕژێمـی خوێنڕێـژی بەعـس دەڕووخێـت، هەروەکـو لـە ڕاپۆرتـی سیاسـیی چـوارەم کۆنگـرەی YNDK دا هاتـووە: (عێـراق بەردەوامـە لەسـەر لاسارییەکانی و وا چاوەڕوان دەکرێـت کـە لـەم ماوەیـەدا بکەوێتـە بـەر گورزێکـی سـەربازی و باجـی ئـەو لاسـاری و سـەرۆییانەی خـۆی بـدات.). ئەوەبـوو لـە ٢٠٠٣ دا ڕژێمـی بەعسـی عێـراق کەوتـە بـەر شـاڵاوو گـورزی سـەربازی هێـزی هاوپەیمانـان و لـە ٩ / ٤ / ٢٠٠٣ دا کۆتایـی بەدەسـەڵاتی ڕژێمـی هـۆڤ و خوێنڕێـژی بەعـس لـە عێـراق هێـنرا و، گەلانـی عێـراق لەژێـر دەسـتی ئـەو ڕژێمـە تۆتالیتاریـە ڕزگاریـان بـوو، دوای نەمانـی ڕژێمـی بەعـس هەمـوو لایـەك چاوەڕوانـی ئـەوە بوویـن کـەوا سیسـتەمێکی دیموکراسـی حوکمـی ئێـراق بـکات و، هەڵەکانـی ڕژێمەکانـی پێشـوو بەرامبـەر گەلانـی عێـراق دووبـارە نەکاتـەوە، هەروەهـا لـە پێنجـەم کۆنگـرەی YNDK دا کـە لـە ڕۆژانی ١٢ – ١٣ / ١٢ / ٢٠١٢ لـە هەولێـر بەسـترا، بـێ بـاوەڕی خۆمـان بـە دەسـەڵات و شـێوازی حوکمـی عـەرەبی شـیعەی عێـراق خسـتەڕوو، وەک لـە ڕاپـۆرتی سیاسـیی پێنجـەم کۆنگـرەی YNDK دا هاتـووە: (دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای ئێـراق بەهەمـان عەقڵییەتـی پێشـوو بیردەکەنـەوەو، هەوڵـدەدەن هەمـان سیاسـەتی ڕژێمەکانـی پێشـوو پراکتیـك بکـەن، ئـەم شـێوازەی حوکـم لـە عێراقـدا زیـان بەهەمـوو لایـەك دەگەیەنێـت و دەبێتـە هـۆی دووبارەبوونـەوەی کارەسـاتەکانی ڕابـردوو، بۆیـە لەسـەر هەمـوو لایەکـمان پێویسـتە دژی ئـەو شـێوازەی حوکمـی ئێسـتا بوەسـتینەوە، ئێمـە لـە YNDK پێمانوایـە عێـراق بـەو هەڵسـوکەوتانەی ئێسـتای بـەرەو تاکـڕەوی و دکتاتۆرییـەت هەنگاودەنێـت و وەکـو ڕژێمەکانـی پێشـووی عێـراق هـەر کاتـێ بەهێزبێتـەوە دژی کـورد دەوەسـتێتەوە.).

بەڵـێ ئێسـتا وا دەبینیـن کـەوا عێـراق چـۆن دژایەتیـی کوردسـتان دەکات و ڕۆژانـە کێشـەمان بـۆ دروسـتدەکات، خوێندنـەوەی ئێمـە بـۆ دەسـەڵاتدارانی عێـراق و شـێوازی حوکم لـە عێـراق بەپێـی ئەزمـوون و دیرۆکـی پەیوەندییـەکانی کوردسـتان و عێـراق بـووە، ئێمـەی کـورد ئەزموونێکـی تاڵـمان لەگـەڵ ڕژێمـە یـەك لـەدوای یەکەکانـی عێراقـدا هەیـە، هەرکاتـێ

عێراق بێهێزو توانا بوو‌بێت پەنای بۆ کورد هێناوەو دیالۆگی لەگەڵدا کردووە، کە هێزو توانای پەیدا کردبێت دژی کورد وەستاوەتەوە، ئەگەر سەیر بکەین لەڕابردوودا تەواوی دەسەڵاتەکانی عێراق لەسەرەتای گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات جۆرە نەرمییەکیان بەرامبەر بە کورد نواندووە و، پاشان کە دەسەڵاتەکەیان بەرەو بەهێزی رۆیشتووە دژی گەلی کوردستان وەستاونەتەوە، ئەوەتا عەبدولکەریم قاسم کە هاتە سەر حوکم لە ١٩٥٨ تا ١٩٦١ جۆرە نەرمییەکی نواند، بەڵام پاشتر لە ١٩٦١ لە بەڵێنەکانی پەشیمان بۆوەو، ئەوەبوو لە ١١ / ٩ / ١٩٦١ شۆڕشی ئەیلول بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ مستەفا بارزانی نەمر بەرپا بوو، دەسەڵاتی قاسم ئەوەی توانی لە کوردکوشتن و هێرش و بۆمباران و سوتاندنی شارو گوندی کوردستان دریغی نەکرد، ئەگەر نموونەیەکی دیکە وەربگرین بەعس لە ١٩٦٨ کە کودەتای کردو دەسەڵاتی گرتەدەست جۆرە نەرمییەکی نواندو لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان دەستی بەدیالۆگ کردو لەئەنجامدا ناچار بوو کە رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ مۆر بکات و رایبگەیەنێت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ هێمنییەك باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت، لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە بەعس زیاتر خۆی رێکخستەوەو دەسەڵاتی بەرەو بەهێزبوون رۆیشت لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەزبۆوەو کەوتەوە شەڕی کوردستان و جۆرەها پیلانی بەکارهێنا، هەر لە بەعەرەبکردن و کیمیابارانکردن و بێسەروشوێنکردن تا دەگاتە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال، ئامانجی بەعس لەمەدا نەهێشتنی گەلی کوردستان بوو بەخاك و خەڵکەوە، دوا نموونەش ئەزموونی رووخانی بەعسە لە ٩ / ٤ / ٢٠٠٣ دا، کە بەعس رووخێنرا ئەوانەی ناوی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیان لەخۆنابوو خاوەن پێگەیەکی ئەوتۆی جەماوەری نەبوون لەناو عێراقدا، بگرە لەسەر پشتی تانکەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی گەڕانەوە عێراق و، بەهاوکاری وڵاتانی هاوپەیمان و وڵاتانی دەوروبەری عێراق بنکەو پێگەی خۆیان بەهێزکرد و، ئەگەر ئەمریکا نەبووا بە خەونیش نەدەگەڕانەوە عێراق، ئەوان لە هەموو شتێکدا هانایان بۆ سەرکردایەتیی کوردستان دەهێناو سەرکردایەتیی کوردستانیش لە هاوکاری و پشتگیرییان دریغی نەکردو ئەوەی بۆ ئەو لایەنە عەرەبییە عێراقییانەی کرد چارەکی ئەوەی بۆ هێزو لایەنە کوردستانییەکان نەکرد، هێندە بەپیر ئەوانەوە چوون

و لایەنە کوردستانییەکانیان پەراوێزخست، کە دەبووا سەرکردایەتیی کوردستان زیاتر هاوکاری و پشتگیری لایەنە کوردستانییەکانی بکردبوواو بەهێزی بکردبووان و، ئەوەی بۆ لایەنە عەرەبییە عێراقییەکانی کرد بۆ لایەنە کوردستانییەکانی بکردبووا، بەڵام بەداخەوە واینەکرد، ئەوەتا ئێستاش دەبینین لایەنە عەرەبییەکان چۆن دژی خواستەکانی گەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی دەوەستنەوەو زۆربەی لایەنە کوردستانییەکانیش چۆن بەرەڤانی لەدەستکەوتەکانی گەلی کوردستان دەکەن و پشتگیری سەرکردایەتیی کوردستان دەکەن، هەقە لەمەودوا سەرکردایەتیی کوردستان چاو بەهەڵوێست و سیاسەتەکانیدا بخشێنێتەوەو زیاتر ناوەندی سیاسیی کوردستان رێکخاتەوەو بەهێزی بکات و، قسەو بیروراو بۆچوونی ولاتپارێزو دڵسۆزانیش بەهەند وەربگرێت و بەسینگێکی فراوانیشەوە بەپیر رەخنەو گازندەکانی خەڵکەوە بچێت و لەخەمی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی خەڵکدا بێت و، ئەوەی کە بۆ ئەملاو ئەولای دەکات با بۆ خەڵکی کوردستانی بکات، ئەمە واقیعێکە و پێویستە دانی پێدابنێین، حکومەتی ئێستای عێراق و ئەوانی لەدوای ئەویش دێن هەروا دەبن، با واقیعبینانە رەفتاربکەین و فێڵ لە خۆمان نەکەین.

بۆ بەرگرتن لە تاکرەوی و دکتاتۆرییەت لە عێراقدا ؛ ئێمە وایدەبینین کە پێویستە عێراق بەکردەیی بکرێتە دەوڵەتێکی فیدراڵ و هەرێمی ناوەراست و باشوور دروستبکرێت، بۆئەوەی ئەو هەرێمانە دەسەڵاتی خۆیان لە سنووری خۆیاندا بەکاربێنن و رێگربن لە تاکرەوی و دکتاتۆرییەت، هەروەها پێویستە باشووری کوردستانیش کار بۆئەوە بکات ناوەندی سیاسیی کوردستان رێکبخاتەوەو کار بۆ دامەزراندنی کیانی نەتەوەیی بکات، لەبەرئەوەی زۆر زەحمەتە تاسەر بتوانین لە چوارچێوەی عێراقێکدا بژین کە دژی خواستەکانمان بێت، پێویستە سوود لەرابردوو وەربگرین و چیدیکە کات بەفیرۆ نەدەین، ئەزموونی کورد لەگەڵ رژێمەکانی عێراق ئەوەمان پێدەڵێت کەوا متمانە بە دەسەڵاتەکانی عێراق نەکەین، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە خۆمان بۆ ئەو ئەگەرو پێشهاتانە ئامادەبکەین کە دێنە پێشەوە و کاریگەرییان لەسەر پرسی گەلی کوردستان دەبێت.

# بارودۆخی ناوچەیی

بارودۆخی ناوچەیی تارادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی بارودۆخی نێودەوڵەتی دایە، لەبەرئەوەی گۆڕانکاری و رووداوە نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاردانەوەیان دەبێت بەسەر شوێنانی دیکەی جیهاندا، ئەم کاردانەوەیە هەندێ جار پۆزەتیڤ و هەندێ جاریش نێگەتیڤ دەبێت.

ئەگەر سەیری رەوشی سیاسی ناوچەکە بکەین ئەوا ئەوەمان بۆ وەدەردەکەوێت کە وڵاتانی ناوچەکە بەسەر دوو میحوەردا دابەشبوونە:

١ - میحوەری (ئێران) کە زیاتر بە میحوەری (مقاومە) دەناسرێت.

٢ - میحوەری (تورکیا - بەشێک لە وڵاتانی کەنداو).

هەریەك لە وڵاتانی ناوچەکە، کە دابەشی سەر ئەو دوو میحوەرە بوونە کۆمەڵێ بەرژەوەندی هاوبەش بەیەکیان دەبەستێتەوە، ئەو وڵاتانە سەرەڕای بوونی کۆمەڵێ کێشەی ناوخۆییان بەردەوام لە هەوڵدان بۆ پەردەپۆشکردنی کێشە ناوخۆییەکان و سەرقاڵکردنی خەڵکەکەیان بەکێشە دەرەکییەکان.

هەر یەک لە (سوریا و عێراق و لوبنان و حوسییەکانی یەمەن و بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی و چەند رێکخراوێکی دیکەی ناوچەکە) لە چوارچێوەی میحوەری ئێران-دان کە بە میحوەری (مقاوەمە) ناسراوە، ئێران لە رێی ئەو میحوەرەدا بەردەوام کێشە ناوخۆییەکانی دەگوازێتەوە دەرەوەی سنووری ئێران و، هەوڵدەدات ئەو لاتانەی ناوچەکە کە کێشەیان تێدایە پارێزگاریان لێبکات و کێشەکانیان قوڵتر بکاتەوە و ململانێکان بەڕێوەببات، بۆ ئەمەش چەندان میلیشیای چەکداری لە یاسا دەرچووی وابەستە بەخۆی لەو وڵاتانە (عێراق و لوبنان و سوریا و یەمەن و فەلەستین)دا دروستکردووە، ئەمەشی بۆ ئەوەیە کەوا وڵاتانی زلهێزو جیهان بە کێشەی ئەو وڵاتانە خەریک بکات و چاویان لەسەر ئەو وڵاتانە بێت و ئێران پشتگوێ بخەن، ئەوەتا گەلانی سوریا کە دژی رژێمی خوێنڕێژی بەعسی سوریا راپەڕین و بەردەوام بوون لە شۆڕش و رژێمی سوریایان لە رووخان نزیککردەوە، رژێمی ئێران لە هەموو روویەکەوە هاوکاری رژێمی

بەعسی سوریای کردو نەیهێشت بڕووخێت، ئەگەر سەیر بکەین رژێمی ئێران لە ناوخۆیدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێ کێشەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆتەوەو گەلانی ئێرانی دووچاری کۆمەڵێ کێشەو مەینەتی کردۆتەوە هەر لەنەبوونی دیموکراسییەت و ئازادییە سیاسییەکان و تا دەگاتە برسییەتی و هەژاری و نەخۆشییەکی لەڕادەبەدر، هەموو ئەو نەهامەتییانەش بە پلەی یەکەم رژێمی ئێران لێی بەرپرسیارە، بۆیە دەبینین رۆژ بە رۆژ نارەزایی جەماوەری دژی ئەو رژێمە روو لە زیادبوونە، بەتایبەت لەم دواییەدا ئێران لەڕووی ئابوورییەوە زیانێکی زۆری بەرکەوت و بووە هۆی ئەوەی کەوا دراوی ئێرانی لەبەرامبەر دراوی بیانی بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزێت، ئەمەش زیانێکی زۆری بە ئابووری ئێران گەیاند و ژیانی گەلانی ئێرانی قورستر کرد، سەرەڕای ئەمانە پاڵەپەستۆیەکی زۆری نێودەوڵەتی لەسەر ئێران هەیە، بەردەوامبوونی ئێران لەسەر ئەم سیاسەتەی و ئەنجامنەدانی چاکسازی و گوێنەدانی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەستخستنە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە ڕووبەڕووی کارەساتێکی گەورەی دەکاتەوە، بە بەردەوامبوونی ئێران لەسەر ئەو سیاسەتەی ئێستای ئەم میحوەرە گورزێکی گورچکبڕی بەردەکەوێت و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نامێنێت، بێگومان هەر یەك لە ئێران و سوریا بەشێکی کوردستانیان داگیرکردووە، لاوازبوونیان لەبەرژەوەندی گەلی کوردستاندایە و، پێویستە گەلی کوردستان لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان ئامادەیی تەواویان هەبێت بۆئەوەی سوود لەم رەوشەو ئەگەرو پێشهاتەکان وەربگرن.

سەبارەت بە میحوەری دووەم، کە میحوەری تورکیاو بەشێك لە وڵاتانی کەنداوە، بۆ هەموو لایەکمان روونە کە تورکیا لە رەوشێکی ئابووری و ناوخۆیی خراپدایە، بەتایبەت لەبەرامبەر پێشڤەچوونەکانی خەباتی نەتەوەکەمان لە باکووری کوردستان سەرسام بووەو بێ بەرنامە ماوە، کە چیدیکە ناتوانێت ئینکاری بوونی کورد لەو بەشەی کوردستان بکات، سەرەڕای ئەوە تورکیا لە قەیرانێکی ئابووری مەزندایە، بۆ خۆدەربازکردن لەو قەیرانانە هەوڵێکی زۆریدا بچێتە ناو یەکێتی ئەورووپا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان و ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکانی تورکیا لە رۆژئاوای کوردستان، وایکردووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە چاوێکی کەمتر لە

جاران سەیری تورکیا بکەن و دەرگەی چوونە نێو یەکێتی ئەورووپای لێدابخەن، ئەم رەوشەی ئێستای تورکیا لەبەرژەوەندی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی نەتەوەکەماندایە لە باکووری کوردستان، پێویستە سوودی لێوەربگرین، هەرچی وڵاتانی کەنداویشن بەدەست کۆمەڵێ کێشەی سیاسی و ناوخۆیی و هاوپەیمانێتی نوێ لەگەڵ جەمسەرە نێودەڵەتییەکان گیرۆدەبوونەو لە هەوڵی ئەوەدان بەهەر شێوەیەك بێت پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن.

دەتوانین بڵێین رۆژهەڵاتی ناڤین لە رەوشێکی پڕ ناسك و هەستیارو ئاڵۆزدایە و رۆژ بە رۆژ ئەگەرو پێشهاتی نوێ دێنە پێشەوەو، ئەم رەوشە کاریگەری خۆی دەبێت بۆ سەر بزاڤە رزگاریخوازەکانی ناوچەکە، پێویستە ئێمەی گەلی کوردستان سوود لەو دەرفەتە وەربگرین و هاوکاری برایانمان بین لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆئەوەی ئەوانیش کارو خەباتی خۆیان خورت بکەن و بەرەو رزگاری و ئازادی هەنگاو بنێن، ئەم رەوشە نوێیەی رۆژهەڵاتی ناڤین دەرفەتێکی مێژوویییە بۆ گەلی کوردستان ئەگەر بتوانین سوودی لێوەربگرین و بەرنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بۆی هەبێت، دەبێ زۆر وریای ئەوەش بین کە دۆزی کورد نەکەینە قوربانی ململانێی وڵاتانی ناوچەکە و، پێویستە لەو ئاستەدابین سوود لە ناکۆکی و ململانێیە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان وەربگرین و بیانخەینە خزمەتی دۆزی رەوای گەلی کوردستان.

## فەلەستین

فەلەستین وەکو وڵاتێکی داگیرکراو لەرەوشێکی زۆر خراپدایە، رۆژانە خەڵکەکەی دەکەونە بەر شاڵاوی ئیسرائیل و شەهیدو بریندارەبن و ماڵەکانیان دەروخێرێن، ئێمە وەکو YNDK لەروانگەی ئەوەی کە پشتیوانی تەواوی بزاڤە ئازادیخوازەکانی جیهان دەکەین هاوسۆزی و پشتیوانی خۆمان بۆ گەلی فەلەستین رادەگەیەنین.

رەوشی ئێستای فەلەستین بەتایبەت لە کەرتی (غەززە) زۆر دژواربووە، لە دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و، پەرچەکرداری ئیسرائیل لە بەرامبەر هێرشی حەماس

وایکـردووە کـەوا شـەڕیکی قـورس لـە ناوچەکـەدا بێتـە ئـارا، لـە ئەنجامـی ئـەو شـەڕو ئاڵۆزییانـەدا بـە هـەزاران کـەس کـوژراو برینـدارو ئـاوارە بـوون، کـەوا زۆربەیـان خەڵکـی سـڤیلن، بێگومـان ئـەو شـەڕە کاریگـەری کردۆتـە سـەر ڕەوشی سـیاسی ناوچەکـەو جیهانیـش، بـە بـڕوای ئێمـە هیـچ کاتێـک شـەڕ چارەسـەری کێشـەکانی نەکـردووە، بگـرە کێشـەکانی زیاتـر ئاڵـۆز کـردووە، پێویسـتە کێشـەکان لـە ڕیگـەی دیالۆگـەوە چارەسـەرو یەکلابکرێنـەوەو چەکـەکان بێدەنـگ بکرێـن، داواکاریـن کـەوا ناوەنـدە بڕیاربەدەسـتەکانی جیهـان بەپەلـە کۆتایـی بـەم شـەڕە بێنـن و چارەسـەرێکی گونجـاو و یەکجارەکـی بـۆ دۆزی گەلـی فەلەسـتین بدۆزنـەوە، کـە بـە بـاوەڕی ئێمـە ئەمـەش لەڕێگـەی دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی فەلەسـتین دەبێـت، ئەمـەش مافێکـی ڕەوای فەلەسـتینییەکانەو پێویسـتە هەمـوو لایـەك هاوکاربـن بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئـەو مافـە بـۆ گەلـی فەلەسـتین.

## بارودۆخی نێودەوڵەتی

بێگومـان سـەردەمی ئەمڕۆمـان، سـەردەمی شۆڕشـی زانسـت و تەکنۆلۆژیایـە کـە لـە لوتکـەی گەشـەکردن و پێشـڤەچووندایە و، ڕۆژ لـەدوای ڕۆژیـش گەشـەی خێراتـر دەکات و لـە بـوارە خزمەتگوزارییـەکان و بـواری سیاسـەت و ئابـووری و بازرگانـی و دیپلۆماسـیدا سـوودی خـۆی دەبەخشـێت و کاریگـەری خـۆی بەسـەر کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـدا دەسـەپێنێت، لەئەنجامـی ئـەم گەشـەکردن و پێشـڤەچوونە خێرایـەی شۆڕشـی زانسـت و تەکنۆلۆژیـادا جیهـان بۆتـە گوندێکـی بچـوك و ڕۆژانـە مـرۆڤ دەتوانێـت ئـاگاداری زۆربـەی زۆری ڕووداوو گۆڕانکارییـە سیاسـی و ئابـووری و دیپلۆماسـی و کۆمەڵایەتـی و کلتوورییـەکان و هـی دیکـەش بێـت کـە لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا ڕوودەدەن، هەروەهـا شـتە شـاراوەکان ئاشـکرادەبن و، هۆیەکانـی پەیوەندیکردنیـش ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە پێشـکەوتندان و کارئاسـانی و خزمەتگـوزاری زیاتـر پێشکەشـی مرۆڤایەتـی دەکـەن.

لـەم بارودۆخـەدا ؛ وڵاتـە زلهێـزەکان بـۆ فراوانکردنـی سـنووری دەسـەڵات و بەرژەوەندییەکانیـان

لــە ململانێــدان، ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا ســاڵانێکە لەژێــر نــاوی جیهانگیــری (العولمە - Globalization) و شــەڕی تیــرۆر هەوڵــدەدات دەســەڵاتی خــۆی بەســەر تــەواوی جیهانــدا بســەپێنێت، مەبەســتی ئەمریــکاش لــە جیهانگیــری ئازادکرنــی ئابــووری و ئاڵوویــری بازرگانــی و خســتنەکاری ســەرمایەیە بەبــێ رێگــرو لەمپــەری گومرگــی و یاســایی لــە تــەواوی جیهانــدا، بەمــەش مافــی کۆمپانیــا گــەورەو فرەڕەگەزەکانــی پارێــزراو دەبێــت و بەرژەوندییەکانیــان دەســەپێنرێتە ســەر بەرژەوەندییــە مرۆڤایەتییــەکان و بگــرە نێودەوڵەتییەکانیــش، بەجیهانیکــردن واتــە بــە ئەمریکاییکــردن، لەبەرئــەوەی وەك ئاماژەمــان پێــدا جیهانگیــری باڵادەســتبوونی ســەرمایەو ســەرمایەدارییە لــە جیهانــدا، ئەمریــکاش وەك زلهێزێــك و خــودان ســەرمایەیەکی زۆر بانگەشــە بــۆ ئــەم بیــرە دەکات و هەوڵــدەدات بیســەپێنێتە ســەر هەمــوو جیهــان و، لــەم رێگەیــەوە بەرژەوەندییــە زۆرو زەوەندەکانــی خــۆی بپارێزێــت.

ئەمریــکا لــەدوای کارەســاتی ١١ ی ســێپتێمبەری ٢٠٠١ دا بەنــاوی شــەڕی تیــرۆرەوە دەســەڵاتی سیاســی و ســەربازی خــۆی گەیانــدە زۆر ناوچــەی جیهــان، بەتایبــەت رۆژهەڵاتــی ناڤیــن، دەتوانیــن بڵێیــن ئــەم شــەڕەی ئەمریــکا بەتەنهــا شــەڕی دژە تیــرۆر نییــە، بەڵکــو لەهەمــان کاتــدا ئــەم شــەڕە شــەڕی گەرانــە بــەدوای بەرژەوەندییــە ئابوورییــەکان و کۆنترۆڵکردنــی ســەرچاوە ســەرەکییەکانی وزە (نــەوت و گازی سروشــتی) لــە ناوچەکــەدا، بێگومــان تیــرۆر لەهــەر شــوێنێکی جیهــان و لەژێــر هەرناوێکــدا بێــت رەتیدەکەینــەوە، بــەڵام دەبێــت ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا و کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی خەباتــی رەوای چەکــداری نەتــەوە ژێردەســت و خــاك داگیرکــراوەکان بــۆ بەرەڤانیکــردن لــە مانەوەیــان و وەدەســتهێنانی مافــە نەتەوەیــی و نیشــتمانییەکانیان لەگــەڵ تیــرۆردا لەیەکــدی جیابکەنــەوە، لەبەرئــەوەی هــەر نەتەوەیــەك مافــی رەوای خۆیەتــی لەپێنــاو مانــەوەی خــۆی و وەدەســتهێنانی مافــە نەتەوەییەکانیــدا بەهــەر شــێوازێك بێــت خەبــات و بەرخــودان بــکات، بــەڕای ئێمــە لــە YNDK پێویســتە ئەمریــکا بــەدوای بنبڕکردنــی هۆکارەکانــی تیــرۆردا بگەڕێــت و ئــەو هۆکارانــە نەهێڵێــت، بــەر لەهــەر شــتێك پێویســتە ئەمریــکاو هەمــوو جیهــان بیــر لــە چارەســەرکردنی ریشــەیی دۆزی رەوای نەتــەوە ژێردەســت و چەوســاوەکان بکەنــەوە، بــۆ نموونــە ئەگــەر ســەیر بکەیــن هــەر یــەك لــە وڵاتــە داگیرکەرەکانــی کوردســتان بەپێــی ئــەو تاوانانــەی کــە دژی

نەتەوەکەمان ئەنجامیانداوە دەچنە خانەی وڵاتانی تیرۆریست، بۆیە چارەسەرکردنی دۆزی ڕەوای نەتەوە ژێردەستەکان و شادبوونیان بە مافە نەتەوەییەکانیان دەبێتە هۆی بنبڕکردنی شێوازێکی تیرۆر لە تەواوی جیهاندا، کە ئەویش تیرۆری دەوڵەتە.

لە بەرامبەر جەمسەری ئەمریکادا ؛ جەمسەری (روسیا - چین) لە فراوانبووندایە و زۆر لە وڵاتانی ئاسیا و بەشێک لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی چوونەتە ئەم جەمسەرەوە، ئەوانیش سەرەڕای بوونی هەندێ ناکۆکیان بەردەوام لەپێناو پاراستن و فرانکردنی سنووری دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ جەمسەرەکانی دیکە لە ململانێدان و کاریگەری خۆیان لە داڕشتنی بڕیارە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، هەوڵ و کاری هەر یەك لەو جەمسەرانەی کە باسمانکردن بۆ فراوانکردن و پاراستنی سنووری دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیانە.

لە بەرامبەر ئەو جەمسەرانەدا جەمسەرێکی دیکە بەناوی (بریکس - BRICS) بەهێزەوە هاتۆتە ناوگۆڕەپانی ململانێ ئابوورییەکان و هەوڵی نەهێشتی هەژموونی ڕۆژئاوا بەسەر ئابووری جیهان دەدات، ئەم گروپە ئابوورییە سەرەتا لەلایەن هەر یەک لە (بەرازیل و رووسیا و هیند و چین) دامەزراو پاشان باشووری ئەفریقیا بە فەرمی بووە ئەندام تیایدا، بێگومان ئەو وڵاتانەش خاوەنی خێراترین گەشەی ئابوورین لە جیهاندا.

داوی بەرپابوونی جەنگی ئۆکرانیا و کاردانەوەکانی، ژمارەیەکی زۆری وڵاتان زیاتر ڕوویانکردە ئاراستەی ئەو گرووپە، بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی ژمارەیەك گروپی جیۆسیاسی و ئابووری نوێ، هەروەها رووسیاش دەخوازێ بۆ خۆرزگارکردن لەو سزایانەی کە بەسەریدا سەپێنراون، بەدوای هاوپەیمانی تازەدا بگەڕێ، لە ئاداری ساڵی ٢٠٢٣، وەزیری دەرەوەی باشووری ئەفریقیا رایگەیاند ژمارەیەك لە وڵاتانی جیهان دەخوازن بێنە ریزی بریکس لە نێویاندا سعودیە و ئیمارات و میسر و جەزائیر و ئێران و ئەرجەنتین و مەکسیك و نایجیریا و هی دیکەیش.

وڵاتانی بریکس هەوڵ دەدەن دراوێکی یەکگرتوو لە نێوانیاندا بخەنە بازاڕەوە کە کۆتایی بە باڵادەستی دۆلاری ئەمریکی لە ئابووری جیهادا بهێنن، سەرۆکی رووسیا لە حوزەیرانی ٢٠٢٢ ئەمەی ڕاگەیاند و جەختی لەوە کردەوە کە گرووپی بریکس کار لەسەر پەرەپێدانی



یەدەگی نوێ دەکات، ئەم بابەتە لە مانگی ١ ی ساڵی ٢٠٢٣ لەلایەن وەزیری دەرەوەی رووسیاوە پشتڕاستکرایەوە، کاتێك ڕایگەیاند کە پرسی خستنەڕووی دراوی یەکگرتوو بۆ وڵاتانی بریکس لە لووتکەی کۆتایی مانگی ئابی ٢٠٢٣ ی باشووری ئەفریقیا تاوتوێ دەکرێت، هەروەها سەرۆکی پەرلەمانی رووسیاش لە کۆڕبەندی بازرگانی هیندستان و رووسیا لە نیودەلهی لە سەرەتای مانگی نیسانی ٢٠٢٣ ڕایگەیاند کە گرووپی بریکس بەنیازە دراوێکی یەکگرتوو بۆ بازرگانیکردن لەنێوان خۆیاندا دەربکات، تا ئێستا وڵاتانی بریکس بڕیاریان لەسەر شێوەی دراوی نوێ نەداوەو دراوی دیجیتاڵیش لەو بیرۆکانەن کە خراونەتەڕوو.

گرووپی بریکس کار لەسەر هێنانەدی ژمارەیەك ئامانج و مەبەستی ئابووری و سیاسی و ئەمنی دەکات لە ڕێگەی پتەوکردنی ئاسایش و ئاشتەوایی لەسەر ئاستی جیهان و هاوکاری زیاتری ئابووری لەنێوان هەر پێنج ئەندامەکە، ئەمەش دەبێتە مایەی خولقاندنی سیستمێکی ئابووری جیهانیی دووجەمسەریی و شکاندنی هەژموونی رۆژئاوا لە ساڵی ٢٠٥٠ دا، وەک ئەوەی کە بەرنامەیان بۆ داڕشتووە.

بێگومان ئەو رووداوانەی ئێستا کە لە جیهاندا روودەدەن بەشی زۆریان پەیوەندییان بەو ململانێیە هەیە کەوا لە نێوان جەمسەرەکانی سیاسەتی جیهاندا هەن، شەڕی روسیا و ئۆکرانیا بەشێکە لەو ململانێیە و کاریگەرییەکی زۆری هەبووە بۆ سەر رەوشی ئابووری روسیا و گرانی بازاڕو کاڵا لە ئەورووپا و ئاسیادا.



جەمسەرێکی دیکەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بریتییە لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا ئەوانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان رۆژ بە رۆژ لەیەکدی نزیکدەبنەوەو بوونەتە جەمسەرێکی دیکەی بڕیار لە جیهانی سیاسی ئەمڕۆدا، جگە لە نەهێشتنی سنوور لە نێوان وڵاتانی یەکێتی ئەورووپادا زۆربەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لەڕووی ئابوورییەوە دراوی خۆشیان یەکخستووە، ئەم هەوڵانەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بۆ ئەوەن کە ئەوانیش وەکو جەمسەرێك کاریگەری خۆیان لە هەڵسوڕان و گۆڕانکاری و بوویەرەکانی جیهان هەبێت، بێگومان ئێستا یەکێتی ئەورووپا بۆتە جەمسەرێك و کاریگەری خۆی لە بڕیارە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە.

ئێمەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان چۆن دەتوانین خۆمان لەگەڵ ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەدا بگونجێنین و سوودی لێوەربگرین و بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو بنێین ؟

جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەینەوە کە وەکو کورد پێویستە رێز لەتەواوی ئەو بنەماو هێڵە گشتییانەی سیاسەت و پەیوەندی و یاسا نوێیە نێودەوڵەتییە کردەیی و دیارانە بگرین کە ئەمڕۆ لە جیهاندا هەن و کاریان پێدەکرێت، هەروەها پێویستە هەوڵبدەین کاری دیپلۆماسیەتی کوردی زۆر لەجاران کاراتر بکەین بۆ سەرلەنوێ خستنەوەڕووی دۆزی رەوای گەلی کوردستان و گەیاندنی بەکەناڵە بڕیاربەدەستەکانی جیهان و، بۆیان

بسـەلمێنین و تێبانبگەیەنیـن کـە بەبێ چارەسـەرکردنی ریشـەیی و سیاسـییانەی دۆزی ڕەوای گەلـی کوردسـتان زۆر زەحمەتـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن ئـەو هێمنـی ئارامییـە بەخۆیـەوە ببینێـت کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەیخوازێـت، بێگومـان هێمنـی و ئارامـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤینیـش بەشـێکە لـە هێمنـی و ئارامـی جیهـان، واتـە بـێ چارەسـەرکردنی پرسـی گـەلی کوردسـتان بەشـێکی جیهـان لـە نائارامیـدا دەمێنێتـەوە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە بەرژەوەنـدی وڵاتانـی زلهێـز لـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـدا لەژێـر هەڕەشـەدابن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەبـێ کارنامـەو سـتراتیژێکی نەتەوەیـی ڕوون و ئاشـکرا و گونجاومـان هەبێـت، کـە بتوانیـن لەگـەڵ ئاراسـتەی ڕووداو و گۆڕانکارییـە سیاسـییە کاریگـەرە نێودەوڵەتییـەکان هەنـگاوی پێویسـت بـەرەو بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی خۆمـان بهاوێیـن و، بـۆ تـەواوی کەناڵـە بڕیاربەدەسـتەکانی جیهانـی بسـەلمێنین کـە ئێمـە وەك کـورد نـەك هـەر بـۆ خۆمـان بەڵکـو بـۆ هەمـوو ناوچەکـەو جیهـان دەبینـە هـۆکاری چەسپاندنی هێمنـی و ئارامـی و ئاسـایش لـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـدا، دەبـێ هەوڵبدەیـن ئـەوە بـۆ جیهـان ڕوونبکەینـەوە کـە ئێمـە وەك یەکێـك لـە گەورەتریـن نەتەوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـدا زوڵمێکـی مێژوویـی گەورەمـان لێکـراوە کـە خاکەکەمـان پارچـە پارچـەو داگیرکـراوەو تائێسـتا لـە هەمـوو مافێکـمان بێبەشـکراوین، مافـی ڕەوای خۆمانـە کـە لـە هـەزارەی سـێیەمدا بـە مافـە نەتەوەییەکامنـان شـاد بیـن، ئەمـەش تەنهـا لـە ڕێگـەی گەیشـتن بـە ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان دەبێـت، واتـە چارەسـەری ریشـەیی پرسـی کـورد دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانە، بۆیـە دەبێـت زۆر بەئاشـکراو ڕوونـی سـتراتیژییەتی (کوردسـتانێکی سـەربەخۆو ئـازادو یەکگرتـوو و دیموکـرات) بـە هەمـوو جیهـان ڕابگەیەنیـن، لەبەرئـەوەی مافێکـی زۆر ڕەواو سروشـتی هـەر نەتەوەیەکـە کـە لەسـەر خاکـی خـۆی دەوڵەتـی نەتەوەیـی خـۆی دامەزرێنێـت و ببێتـە خـاوەن کیانـی سیاسـی خـۆی و ڕۆڵـی کاریگـەری خـۆی ببینێـت لـە بنیاتنانـی شارسـتانییەت و پێشـکەوتنی مرۆڤایەتیـدا، کـە چەندیـن سـاڵە ئێمـەی کـورد ئـەم مافەمـان لێزەوتکـراوە، بـەڵام سـەرەڕای چەوسـاندنەوەمان و قڕکردنمـان و ئینـکاری بوونمـان بەشـانازییەوە توانیومانـە ڕۆڵێکـی زۆر کاریگەرانـە لـە بنیاتنانـی شارسـتانییەتی ناوچەکـەدا ببینیـن و پارێـزگاری لـە بـوون و مانـەوەو شارسـتانییەتەکەمان بکەیـن کـە بەشـێکی گرنگـی شارسـتانییەتی سـەرجەم مرۆڤایەتییـە.

هەروەهـا دەبـێ ئـەوە بەبیـر کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بهێنینـەوە کـە لـە رابـردوودا وڵاتـە زلهێـزەکان لـە رێگـەی رێککەوتننامەکانـی (سـایکس - بیکـۆ) و (لـۆزان)ەوە زوڵمێکـی گەورەیـان لـە گەلـی کوردسـتان کـردووە، کـە وڵاتـی ئێمەیـان پارچـە پارچـە کـردووەو دابەشـی سـەر وڵاتـە داتاشراوەکانـی (تورکیـا ، ئێـران ، عێـراق ، سـوریا)یان کـردووەو لەسـەر حیسـابی ئێمـە ئـەو وڵاتانەیـان داتاشـیوەو دروسـتکردووە، بۆیـە ئێسـتا وڵاتـە زلهێـزەکان بەرامبـەر بـە کـورد بەرپرسـیارێتییەکی ئەخلاقییـان کەوتۆتـە سەرشـان کـە هـاوکاری کـوردان بـن بـۆ نەهێشـتنی ئـەو زوڵمانـەو گەیشـتن بـە ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان.

بەڵـێ لەسـەر ئێمـەی کـورد پێویسـتە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکامنـان بـەم شـێوەیە کاربکەیـن و گوتـاری سیاسـیمان یەکبخەیـن و بـە بیـرو سـتراتیژێکی نەتەوەییانـە هەڵسـوکەوت لەگـەڵ ئـەم بارودۆخـە هەسـتیارە نێودەوڵەتییـە بکەیـن، لەبەرئـەوەی بارودۆخـی نێودەوڵەتـی ئەمـڕۆی جیهـان بـۆ کارو خەبـات زۆر لـە جـاران گونجاوتـرو لەبارتـرە و زۆربـەی وڵاتانـی جیهـان بەدیدێکـی دیکـە پرسـی کـورد دەخوێننـەوە و پرسـی کـورد وەك پرسـێکی سیاسـی دەبینـن، بێگومـان پرسـی سیاسـیش پێویسـتی بـە چارەسـەری سیاسـییانە هەیـە.

## بارودۆخی رێکخراوەییمان

یەکیتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK ؛ وەك رێکخسـتنێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانی کـە هەڵگـری هـزری نەتەوەیـی و سـەربەخۆخوازییە لەسـەر گـۆڕەپانـی سیاسـی کوردسـتان توانیویەتـی بوونـی کاریگەرانـەی خـۆی بسـەلمێنێت و ببێتـە هێزێکـی حیسـاب بۆکـراو، YNDK هەمیشـە بـە هەڵوێسـتی نەتەوەیـی و وڵاتپارێزانـەی خـۆی دژ بـە هـەوڵ و پیلانەکانـی داگیرکـەران و نەیارانـی کوردسـتان وەسـتاوەتەوەو لەهـەر رووداوو پێشـهاتێکی سیاسـیدا هەڵوێسـتی کوردانـەی خـۆی هەبـووەو توانیویەتـی زۆر راشـکاوانەو بوێرانـە هەڵوێسـتی خـۆی بخاتـەڕوو.

بەپێویسـتی دەزانیـن ئەگـەر بەکورتیـش بێـت تیشـك بخەینـە سـەر کارو خەباتـی YNDK لـە مـاوەی نێـوان پێنجـەم کۆنگـرە تـا شەشـەم کۆنگـرەی YNDK:

# لەسەرئاستی رێکخستن

لەماوەی رابردوودا سەرەڕای کەمی توانا ماددییەکان، YNDK بەکارو خەباتی خۆی توانیویەتی رێکخستنەکانی خۆی بگەیەنێتە زۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان و، ببێتە خاوەن بنکەیەکی جەماوەری بەرفراوان، هەروەها توانیویەتی لەناو ریزەکانی خوێندەڤان و ئافرەتان و لاواندا گەشە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێکخستنەکانمان لەئاستی خواستی ئێمەدا نین وخواستمان لەوە زیاترە، بۆیە دەبێ زۆر زیاتر کاربکەین و کەسانی نەتەوەیی و وڵاتپارێز زیاتر لە ریزەکانی خۆماندا رێکبخەین و بەشێوازێکی چالاکانەتر ئاراستەی کارو خەباتیان بکەین، بۆئەم مەبەستەش پێویستە کارنامەیەکی سەردەمییانەی گونجاوو کارا دابڕێژین.

# لەسەر ئاستی پەیوەندییەکان

YNDK وەکو هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەماوەی رابردووی کارو خەباتی خۆیدا توانیویەتی پەیوەندییەکی برایانەو هاوخەباتانە لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هێزو لایەنە سیاسییەکان و ناوەندە کلتوری و کەسایەتییە رۆشنبیرو وڵاتپارێزەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و کوردانی ئاسیای ناڤین و کوردانی وڵاتانی عەرەبی و رەڤەندی کورد لە دەرەوەی وڵاتدا دروستبکات و، بەردەوامیش لەهەوڵدایین بۆ پێشڤەبردنی ئەو پەیوەندییانە لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی دۆزی رەوای نەتەوەکەمان و تەواوی گەلی کوردستان.

ئێمە وەکو YNDK شانازی بەو پەیوەندییانەمان دەکەین و، لێرەدا جارێکی دیکە جەختدەکەینەوە سەر پتەوکردن و پێشخستنی ئەو پەیوەندییانەمان لەگەڵ هەموو لایەکدا و، هیڤیدارین لە داهاتووی نزیکدا بتوانین لەگەڵ ئەو لایەنانەدا زیاتر لەیەکدی نزیکببینەوەو هاوکاری یەکدی بین و کاری نەتەوەیی و نیشتمانی هاوبەش و کردەیی بەیەکەوە ئەنجامبدەین.

# لەسەر ئاستی راگەیاندن

سەرەڕای کەمی توانا مادییەکان ؛ بە سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای نوێ و سۆشیال میدیا، YNDK لەرووی راگەیاندنەوە توانیویەتی گەشەیەکی بەرچاوبکات و رۆژبەرۆژیش لە پێشڤەچوون و گەشەکردندابێت، لە رابردوودا لە رێگەی رۆژنامەی (میدیا)دا توانیمان رۆڵێکی بەرچاو بگێرین لە بڵاوکردنەوەی هزرو رۆشنبیریی نەتەوەیی و بیری سەربەخۆییخوازی و گۆشکردن و پەروەردەکردنی تاکی کورد بە ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی، لە ئێستاشدا لەسەر هەمان بەرنامەو هێلی هزری بەردەوامین.

وێبسایتی YNDK ؛ لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت (www.YNDK.com) کاریگەری خۆی هەیەو رۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە گەیاندن و ناساندنی هزرو هەڵوێستەکانی YNDK و دەتوانین بڵێین پردی گەیاندنی نێوان ناوەوەو دەرەوەی وڵات بووە بۆ گەیاندنی هزرو ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و بیری سەرخۆبوونخوازی.

کە باس لە راگەیاندنی YNDK دەکەین نابێ رۆڵی رادیۆی (دەنگی مەخموور) لەبیر بکەین، ئەویش لەبواری خۆیدا خزمەتێکی زۆری هزرو روانینی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی کردووە و لە سنووری خۆیدا توانیویەتی ببێتە تریبۆنێکی ئازاد بۆ گەیاندنی راستییەکان، ئێمە خواستمان ئەوەیە پەخشی ئەو رادیۆیەمان فراوانتر بکەین بۆئەوەی بتوانین بەفراوانی دەنگمان بەهەموو لایەك بگەیەنین.

دەستی ماندووبوونی هەموو ئەو بەرێزو خۆشەویستانە دەگوشین کەوا لە راگەیاندنەکانی YNDK دا، بەردەوام و بێ ماندووبوون بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و پێشخستنی راگەیاندنەکانی YNDK کاریانکردووە، سوپاسی ئەرك و ماندووبوونیان دەکەین و هیوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ دەخوازین.

# لەسەر ئاستی کارگێری و دارایی

لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٤ حکومـەتی عێـراق هەمـوو شایسـتە داراییـەکانی کوردسـتانی بـڕی و دەسـتیکرد بـە جێبەجێکـردنی سیاسـەتی (برسـیکردن)ی خەڵکـی کوردسـتان، ئەمـەش کاریەگەرییەکـی نێگەتیفـی هەبـوو لەسـەر ژیـان و گـوزەرانی خەڵـک و بـازاڕی کوردسـتان و، کاریگەریـشی هەبـوو بـۆ سـەر کارو خەبـاتی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان، تـا پێـش ئـەو کاتـە YNDK وەکـو هـەر لایەنێکـی سـیاسی دیکـەی کوردسـتان بـۆ راپەڕانـدنی کارو خەباتی خـۆی هاوکارییەکـی کەمـی لـە حکومـەتی کوردسـتان وەردەگـرت، بـەڵام بەهـۆی رەوشی ئابـووری، ئـەو هاوکارییـەی حکومـەتی کوردسـتان بـۆ YNDK لـە ٢٠١٤ ەوە تـا ئێسـتا بـڕدراوە و، YNDK بـۆ راپەڕانـدنی کارو خەبـاتی خـۆی پشـتی بـە هـاوکاری و کۆمەکـی ئەنـدام و دۆسـت و لایەنگـرانی خـۆی بەسـتووە، لێـرەوە سـوپاسی هەمـوو ئـەو بەڕێـزو خۆشەویسـتانە دەکەیـن کـەوا لـە رووی داراییـەوە کۆمەکـی YNDK یـان کـردووەو بـەردەوام هـاوکارو پشـتیوان بوونـە، کۆمـەک و هـاوکاری و پشـتیوانی هەڤاڵانمـان وایکـردووە کـەوا YNDK لـە کارو خەبـاتی خۆیـدا بـەردەوام بێـت و، لـە رووی کارگێڕییـەوە بتوانێـت خـۆی بەڕێوەببـات و بـەرەو پێشـەوە هەنـگاو بنێـت.

بـە سـوود وەرگرتـن لـە راپـۆرتی کاروخەبـاتی ئۆرگانـەکانی YNDK لێـرەدا زۆر بـە کورتـی تیشـکمان خستەسـەر بارودۆخـی رێکخراوەییـمان و ئاماژەمـان بـە کاروخەباتـی مـاوەی رابـردووی YNDK کـرد.

- نەمـری و سـەربەرزی بـۆ هەڤـاڵ و بـرای خۆشەویسـتمان شـەهید (سەربەسـت مەحمـوود) و تـەواوی شـەهیدانی بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان.

- بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو و دیموکرات.

١١ / ١١ / ٢٠٢٣ هەولێر - کوردستان

# بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی

## یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

پەسندکراوی شەشەم کۆنگرەی YNDK

کە لە رۆژی ٢٠٢٣/١١/١١ لە هەولێر بەسترا

# بەرنامە

## سەرەتا

لـە مێــژووی دروســتبوون و رەوتــی گەشــەی کۆمەڵگــەی مرۆڤایەتیــدا هەســت و بیــری نەتەوەیــی یەکێکــە لــە هێــزە کاریگــەرو بزوێنــەرو رێکخەرەکانــی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــی کۆمەڵگــە جیاجیاکانــی مرۆڤایەتــی لەناوخۆیــان و لــەدەرەوەو بەرامبــەر یەکتریشــدا.

لەهەمــان کاتــدا نەتەوایەتــی فاکتەرێکــی گرنگــی دروســتبوونی ئیمپراتۆریەتــە گەورەکانــی مێــژووە، هــەروەك چــۆن فاکتەرێکــی گرنگــی لێکهەڵوەشــانەوەی ئــەم ئیمپراتۆریەتانەشــە لەســاتەوەختی هەڵگیرســانی شــۆڕشــی نەتەوەیــی نەتــەوە بندەســتەکان (لــەدژی ئــەو بەرژەوەندییانــەی نەتــەوەی سەردەســت کــە لەســەر حســابی بەرژەوەندییەکانــی نەتــەوەی بندەســت بەدەســتهاتووەو راگیــراوە) بــۆ ســەربەخۆیی نەتەوەیــی.

بــۆ ئێمــەی کوردیــش (کوردایەتــی) کــە بیــری نەتەوەیــی کــوردە بــە کاریگەرتریــن چەکــی دەزانیــن بــۆ رووبەڕووبوونــەوەی گشــت سیاســەتەکانی داگیرکاریــی داگیرکەرانــی کوردســتان و بــۆ بەرجەســتەکردنی کەســایەتی کــورد و دەیکەینــە بــەردی بناغــە بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجەکانمــان.

## پرەنسیپە نەتەوەییەکان

کێشــەی کــورد بەهــۆی داگیرکــردن و گەمارۆدانییــەوە تووشــی ئاڵــۆزی بــووەو دوژمنانیشــی هەمــوو جــۆرە پیــلان و نەخشــەیەك بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجــە ناڕەواکانیــان دادەڕێــژن، بــۆ دەربازکردنــی ئــەم گرفتانــە دەبــێ ئــەم پرەنســیپانە وەك ســەرەتایەکی ئاسایشــی نەتەوەیــی لەبەرچــاو بگیــرێ:

١- دوژمنی هەر پارچەیەکی کوردستان دوژمنی تەواوی نەتەوەی کوردە.

٢- هێــزی جەمــاوەرو پشتبەســتن بەتوانــاو وزەی کاریگەرتریــن چەکــە، کــە لــە خەباتــی نەتەوەییــدا بەکاربهێــنرێ.

٣- کوردایەتی ئامانجە و حیزبایەتی هۆکارە.

٤- یەکلاییکردنــەوەی کێشــە سیاســییەکان لەنێــوان لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتاندا لــە ڕێگــەی زەبــرو زەنگــەوە تەنهــا لــە خزمەتــی داگیرکەراندایــە.

٥- دەستهەڵگرتن لە هەر بستە خاکێکی کوردستان خیانەتێکی نەتەوەییە.

٦- دەبــێ پەیوەنــدی حــزب و لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان لەگــەڵ وڵاتانــی ناوچەکــە و دەرەوە بەئــاگاداری و لەڕێــی حکومەتــی کوردســتان بێــت و، بەشــێوەیەکی هەرەمەکــی و بــۆ بەرژەوەنــدی تەســکی حزبــی نەبێــت، بەڵکــو دەبێــت لەبەرژەوەنــدی بــاڵای نەتەوەیــی و نیشــتمانیماندا بێــت.

## ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان

کــورد کۆنتریــن نەتەوەیــە لەڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، خاوەنــی خــاك و داب و نەریــت و زمــان و کلتــورو کەلەپــوورو شارســتانییەت و مێــژووی تایبەتــی خۆیەتــی، لەســەرەتای ئــەم ســەدەیەوە خاکەکــەی بەســەر دەوڵەتــە کۆلۆنیالیســتەکانی دراوســێدا بەزۆرەملــێ دابەشــکراوەو لــە هــەر چــوار لاوە داگیرکــەران (عێــراق، تورکیــا، ئێــران، ســوریا) بــە هەمــوو شــێوازێکی ســەربازی و سیاســی و ئابــووری و دەروونــی لــە هەوڵــی ســڕینەوەی مۆرکــی نەتەوەیــی و شــێواندنی کەســایەتی و بنبڕکردنــی نەتــەوەی کــوردن و خاکەکــەی تەعریــب و تەتریــك و تەفریــس دەکــەن و ســامانی ئابــووری و شارســتانی و کلتــووری بەتــاڵان دەبــەن و ســەرەتاییترین مافــی مرۆڤــی لــێ قەدەغــە دەکــەن، بــۆ گۆڕینــی ئــەم واقیعــە ســەپاوە ئێمــە خەباتــی نەتەوەیــی و نیشــتمانیمان بــۆ بەدیهێنانــی ئــەم ئامانجانــە پیــادە دەکەیــن:

## یەکەم: ئامانجە ستراتیژییەکان

بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجــە ســتراتیژییەکان، پێویســتە هەمــوو وزەیەکــی مــاددی و مەعنــەوی گەلــی کوردســتان بخرێتەگــەڕو بەدیهێنانــی ئــەم ئامانجانــە هەمیشــە لەبەرچــاو بگیــرێ و لــە هەمــوو کاروبارەکانمانــدا ڕەنگبداتــەوەو لەســەروو هەمــوو بەرژەوەندییەکــی تــرەوە دابنــرێ کــە بــەم جۆرەیــە:

أ- ئــازادی و ســەربەخۆیی و یەکگرتنــەوەی کوردســتان و ڕزگارکردنــی لــە هەمــوو دەســەڵاتێکی داگیرکــەر.

ب- دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی کوردســتانی یەکگرتــوو کــە لــە بڕیــاری سیاســی و سیســتمی ئابووریــدا خاوەنــی ســەربەخۆیی خــۆی بێــت.

ج- چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی و دیموکراتیەت و دادپەروەری و سەروەری یاسا.

د- ڕەخســاندنی هــەل و مــەرج بەشــێوەیەکی یەکســان لەبــەردەم هاووڵاتیانــی کوردســتاندا بــێ گوێدانــە ئینتــمای نەتەوەیــی و مەزهەبــی.

هـ- دابینکردنــی هەمــوو مافێکــی شــەرعی، سیاســی و ئیــداری و ڕۆشــنبیری بــۆ نەتەوەکانــی دیکــەی ســەر خاکــی کوردســتان.

و- خەبــات دەکەیــن بــۆ گەڕاندنــەوەی خاکــی کوردســتانی ســۆری بندەســتی ئەرمێنیــا و ئازەربایجــان بــۆ ســەر خاکــی کوردســتان.

## دووەم: ئامانجە هەنووکەییەکان

ئامانجــە هەنووکەییەکانمــان هەنگاوێکــن بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجــە ســتراتیژییەکانمان و بەخۆشــکردنی زەمینــەش دادەنــرێ کــە بریتیــن لــە:

أ- چەسپاندنی سیستەمی فیدرالی لەسەر ئەم بنچینانەی خوارەوە:

١- نەتــەوەی کــورد لــە باشــووری کوردســتاندا بەشــێکە لــە نەتــەوەی کــوردی پارچەکــراوو نەتــەوەی عەرەبیــش لــە عێراقــدا بەشــێکە لــە نەتــەوەی عــەرەب.

٢- پــاش قۆناخــی فیــدرالی پرۆســەی کۆنفیدرالــی لــە شــێوەی دوو کۆمــاری کوردســتانی و عێراقیــدا جێبەجــێ بکرێــت و ئارەزوومەندانــە هــەردوو گــەل لەپێنــاوی دەســتەبەرکردنی بەرژەوەنــدی هاوبــەش لەنێوانیانــدا بەئیرادەیەکــی ســەربەخۆ کۆبکاتــەوە.

٣- هــەردوو گــەل بۆیــان هەیــە لــە ڕێگــەی ریفراندۆمــی جەمــاوەری بڕیــاری کشــانەوە بــدەن و مافــی دیاریکردنــی چارەنووسیشــیان پارێــزراو بێــت.

٤- هەمــوو مافێکــی سیاســی و ئیــداری و ڕۆشــنبیری نەتەوەکانــی دیکــە لــە هــەردوو کۆمارەکــەدا پارێــزراو بێــت و لەبــەردەم یاســادا هاووڵاتیــان یەکســان بــن.

٥- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەراندن و دادوەری لەیەکتری.

ب- گەڕاندنــەوەی ناوچــە دابڕێــنراوەکان (داگیرکــراوەکان)ی باشــووری کوردســتان بــۆ ســەر

سنووری ئیداری حکومەتی کوردستان.

ج- چەسپاندن و پێڕەوکردنی ئەو جاڕنامەو پەیماننامانەی کە مافی مرۆڤ دەپارێزن.

د- نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی کە ڕێگرن لەبەردەم مافە سروشتی و مرۆڤایەتییەکانی ئافرەتدا بۆ ئەوەی کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆی پێشبخات.

هـ- بەکردەییکردنی دۆزی ڕەوای کورد بەدۆزێکی جیهانی.

و- دیاریکردنی ستراتیژێکی یەکگرتوو لەنێو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا.

ز- نەهێشتنی ئەو زاراوانەی کە مانای لکاندنی کوردستان بەوڵاتانی داگیرکەر دەبەخشن و قەدەغەکردنیان لە بەکارهێنانیان لەنێوان هەڤاڵان و ڕاهێنانی تاکەکانی کوردستان لەسەر بەکارنەهێنانیان.

## سێیەم: ئەرکە بەپەلەکانی ئەمڕۆ

ئەرکە بەپەلەکانی ئەمڕۆمان بریتییە لەپاراستن و پێشخستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین لە باشووری کوردستاندا بەم جۆرە:

أ- پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و نەهێشتنی هۆکارەکانی لاوازبوونیان.

ب- هەوڵدان بۆ فراوانکردنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان.

ج- سیستماتیکردنی دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان.

د- داڕشتن و پەسەندکردنی دەستوورێکی تایبەت بە کوردستان و خستنەڕووی بۆ ئەوەی ڕاپرسی جەماوەری لەسەر بکرێت.

هـ- دانانی یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردن کە مەرجی هێنانی (١٪)ی دەنگەکان بێت بۆ بەشداربوون لە پەرلەمان.

و- جێبەجێکردنی یاسای پارت و کۆمەڵە و ڕێکخراوو چاپەمەنییەکان.

ز- یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانی کە پێڕەوی خزمەتی سەربازی بەزۆر بکات.

ح- دابینکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانی گەلی کوردستان و بەکارهێنانی

داهاتەکانی حکومەتی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە.

ط- دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ گەلی کوردستان.

ك- کارکردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری کە تەواوی هێزە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان تیایدا بەشداربن.

ل- هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتیانەی کە هەل ومەرجی تایبەتی باشووری کوردستان لەبەرچاودەگرن.

م- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی سیاسی کوردستانی یەکگرتوو.

ن- بەرەنگاربوونەوەی هەموو هەوڵ و پیلانەکانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ بەعەرەبکردن و بەفارسکردن و بەتورککردن و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەییمان.

## ئامانجە ئابوورییەکان

سەرەڕای ئەوەی داگیرکەران هەموو سامانێکی ئابووری کوردستان تاڵان دەکەن و لە هەموو پرۆژەیەکی پیشەسازی و ئاوەدانی و گەشەکردنیش بێبەشیان کردووەو هەوڵیانداوە هەموو بنەما ئابوورییەکانی بپووکێننەوەو سیاسەتی تێکدانی دێهاتەکان و سوتماککردنیان پیادەکردووە، بۆیە خەبات دەکەین لەپێناوی:

١- ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانی کوردستان و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

٢- بەگەڕخستنەوەی کارگە لەکارکەوتووەکان و دابینکردنی پارچەی یەدەگ و کەرەستەی خاوو پسپۆری تایبەت بۆیان.

٣- چارەسەرکردنێکی ریشەیی بۆ کێشەی کشتوکاڵ و زەوی و ئاودێری.

٤- پێشخستنی کشتوکاڵ و هێنانی پێویستییە تەکنیکییەکان و نیشاندانی رێ وشوێنە زانستییەکان بە جوتیاران لەم بوارەدا.

٥- بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەو گەیاندنی تەزووی کارەبا بۆ هەموو شارو دێیەکی کوردستان.

٦- دەرهێنانی کەرەستەی خاو بەشێوەیەکی رێك و پێك و بەپێی بەرنامەو بۆ بەکارهێنانی ناوخۆو ناردنیشی بۆ دەرەوە.

٧- دانانــی یاســاکانی ســەردەمییانەی گومــرگ و کۆکردنــەوەی داهاتەکانــی گومــرگ لەخەزینــەی حکومەتــی کوردســتاندا.

٨- هاندان و بایەخدان بەکەرتی تایبەت.

٩- دامەزراندنەوەو بایەخپێدانی بانقە بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان.

١٠- گرنگیدان بە کەرتی گەشتوگوزار وەک سەرچاوەیەکی گرنگی داهات.

١١- بە پیشەسازیکردنی کوردستان.

١٢- دامەزرانــدنی (ســندوقی داهــاتی نەتەوەیــی) و کۆکردنــەوەی تــەواوی داهاتــەکانی کوردســتان لــەو ســندوقەدا.

## ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان

١- بیناکردنــەوەی کەســایەتی کــورد لەســەر بناخــەی بــاوەڕ بەخۆبــوون و پەیوەســتبوون بــە نیشــتمان.

٢- پاککردنەوەی هەموو شوێنەوارێکی داگیرکەران لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

٣- لابردنــی هەمــوو ئــەو یاســایانەی کــە لــە بایەخــی ئافــرەت کەمدەکەنــەوەو هەوڵــدان بــۆ یەکســانکردنی ئافــرەت و پیــاو لەمــاف و ئەرکەکانیانــدا.

٤- ڕێزگرتــن لــە پەیوەندییــە خێزانییــەکان و دابونەریتەکانــی کۆمەڵگەکەمــان و پێشخســتن و گونجاندنیــان لەگــەڵ گۆڕانکارییەکانــی ســەردەم.

٥- زامنکردنــی مافەکانــی کرێــکاران و زەحمەتکێشــان و کاســبکاران و هەمــوو ئەوانــەی کــە داهاتــی ســنووردداریان هەیــە.

٦- گرنگیدان بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و کەمئەندامان.

٧- گرنگیدان بە باری تەندروستی کۆمەڵ.

٨- بایەخدان بە چاککردنی گوزەرانی خانەنشینان.

٩- ڕێزگرتن لە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

١٠- گرنگیدان بە دابینکردنی ژیان و پێداویستییەکانی منداڵ و لاوانی کوردستان.

١١- نەهێشــتنی هەســتی دەمارگیــری خێڵەکــی و ناوچەیــی لــە کایــەی کۆمەڵایەتــی

کۆمەڵگـــەی کوردســـتاندا.

١٢- هەوڵدان بۆ دابینکردنی ژیان و پێداویستی دانیشتوانی گوندە تازە ئاوەدانکراوەکان.

١٣- ڕێگرتن لە بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

## ئامانجە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکان

١- دانانــی پرۆگرامــی خوێنــدن و پــەروەردە لــە کوردســتاندا کــە ڕەنگدانــەوەی واقیعــی نەتەوەیــی کــورد و کوردســتان بێــت و بگونجــێ لەگــەڵ سروشــتی کۆمەڵگەمانــدا.

٢- نووسینەوەی مێژووی کوردستان بەشێوەیەکی بابەتی و زانستیانە.

٣- هەوڵــدان بــۆ پێکهێنانــی زمانــی ئەدەبــی یەکگرتــووی کــوردی لــە ڕێگــەی دەزگاکانــی خوێندنــی تایبــەت و لــە قوتابخانەکانــدا.

٤- نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەزۆر فێرکردنی خوێندن.

٥- بایەخدان و پێشخستنی زیاتر بە زانکۆو ئەنستیتۆو کردنەوەیان لەهەموو شارەکانی کوردستاندا.

٦- بایەخدان بە زمان و ئەدەب و هونەری کوردی.

٧- دامەزراندنــی دەزگای وەرگێــڕان و وەرگێڕانــی ســامانی ڕۆشــنبیری جیهانــی و ناســاندنی کلتــوری نەتەوەییــمان بــە نەتەوەکانــی دیکــەی جیهـان.

٨- بایەخدان بە بواری وەرزش لە کوردستاندا.

٩- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری نەتەوەیی لای جەماوەر.

١٠- بایەخــدان بــە کۆمەڵــە و ســەندیکا پیشــەیی و هونــەری و ئەدەبــی و ڕۆشــنبیرییەکانی کوردســتان.

١١- بایەخــدان بــە پرەنســیپ و یاســاکانی مافــی مــرۆڤ و دیموکراســی و کۆمەڵگــەی مەدەنــی لــە بوارەکانــی خوێندنــدا.

١٢- دامەزراندنــی دەزگایەکــی ڕۆشــنبیری و ڕاگەیاندنــی نەتەوەیــی یەکگرتــووی بەرفــراوان کــە لەنــاوەوە دەرەوەی وڵاتــدا کاریگــەر بێــت.

## ژینگە

ژینگە لانەی گشت بوونەوەرە بەشەری و زیندووەکانە، پێویستە لە گشت کارێکی خۆویستانە و سروشتییانە بپارێزرێ، هەر بۆیە (YNDK) تێدەکۆشێ لەپێناو:

١- نەهێشتنی شوێنەوارەکانی شەڕی شۆڤێنیستی لەبازگە و تەلبەند و مینەکان و... هتد.

٢- دانانی یاسایەك بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان.

٣- وەرزی راوکردن دیاری بکرێت و سنوورێك بۆ بڕینەوەو سوتاندنی دارستانەکان دابنرێت، کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا تووشی هاتین و بایەخ بە چاندنی سەوزایی و درەخت بدرێت.

٤- قەدەغەکردنی راوکردنی باڵندە و ئاژەڵە کێوییە دەگمەنەکانی کوردستان.

## دادوەری

١- کاراکردنی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ لەپەنا هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا.

٢- سەربەخۆیی دادگاکان و دەستنەخستنە ناو کاروبارەکانیانەوە.

## کەلەپوور

کوردستان لانکی کۆنترین شارستانیەتە، هەزاران ساڵ بەر لە زایین ئاوەدان بووە، ئەو گەلانەی لەسەری ژیاون بە باب و باپیرانی گەلی کوردستان دادەنرێن و شارستانێتییەکەیان بەشێکە لە شارستانێتی کوردستان کە هەمیشە بەهۆی داگیرکەرانەوە بەتالان براوەو شێوێنراوەو پشتگۆی خراوە ئەویش بۆ سڕینەوەی بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەکەمان بووە، بۆیە خەبات دەکەین بۆ:

١- کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو کەل و پەلی شوێنەوارە کۆنەکان لە مۆزەخانەکانی جیهانداو، هێنانەوەو کۆکردنەوەیان لە مۆزەخانەیەکی نەتەوەییدا.

٢- پاراستنی ئاڤاهی و قەڵاو شوێنە کۆنەکان و بایەخ پێدانیان.

٣- رێگرتن و سزادانی ئەو کەسانەی کە شوێنەواری کوردستان ئەنفال دەکەن و بازرگانی پێوەدەکەن.

٤- زەمینەخۆشکردن بۆ زاناکان بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتری ئارکیۆلۆژی لە کوردستاندا.

# پێڕەوی ناوخۆ

## بەشی یەکەم: بنەما گشتییەکان

مـاددەی یەکـەم: نـاوی رێکخـراو (یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان)، کورتکراوەکـەی (YNDK)ە.

ماددەی دووەم: ئالای کوردستان ئالای (YNDK) دەبێت.

مـاددەی سـێیەم: ئارمـی (YNDK) بریتییـە لـە (ئەسـتێرەیەکی چـوارلا، رۆژێـك، نەخشـەی کوردسـتانی مـەزن) لەسـەر یـەك، لەسـەر قوماشـێکی سـپی.

(ئەسـتێرە چـوار لاکـە: ئاماژەیـە بـۆ هـەر چـوار بـەشی کوردسـتان، رۆژەکـە: ئاماژەیـە بـۆ رووناکـی و سـیمبوڵی زانسـت و پێشـکەوتن، نەخشـەکە: نەخشـەی کوردسـتانی مەزنـە.).

مـاددەی چـوارەم: (یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK): رێکخراوێکـی نەتەوەیـی سیاسـی جەمـاوەری و یەکێتییەکـی ئارەزوومەندانەیـە بـۆ تێکۆشـەران و وڵاتپارێـزان و نیشـتمانپەروەرانی کوردسـتان، کـە هاوبیـری و هاوخەباتـی لەپێنـاو سـەربەخۆیی کوردسـتان و یەکێتـی خاکەکـەی و ئـازادی گەلەکـەی بەپێـی رێڕەوێکـی زانسـتییانەی هاوشـانی خەباتـی دیموکراتییانـەی سـەرچاوەگرتوو لـە مافـی چارەنووسـی گـەلان و مافەکانـی مرۆڤـدا کۆیـان دەکاتـەوە.

## بەشی دووەم: بنەما گشتییەکانی رێکخستنی (YNDK)

مـاددەی پێنجـەم: بنەمـای رێکخسـتنی ناوەخۆیـی (YNDK) لەدەرکردنـی سـەرجەم بڕیـارەکان و دەستنیشـانکردنی چالاکییـە سیاسـی و جەماوەرییـەکان و هیدیکەیـش لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە لـەم چەمکـە دیموکراتییانـەی خـوارەوە سـەرچاوە دەگـرێ:

١- دانـانی سـەرجەم سـتافەکانی YNDK لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە بەپێـی هەڵبـژاردن و بەدەنگدانـی نهێنـی راسـتەوخۆ ئەنجـام دەدرێـت.

٢- هەمـوو ئەندامێـك مافـی ئـەوەی هەیـە چاودێـری هێڵـی سیاسـەتی گشـتیی (YNDK) بـکات کـە لەلایـەن کۆنگـرەوە بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت، هەروەهـا لەسـەریەتی پارێـزگاری

لـە یەکێتـی بیـرو سیاسـەتی ڕێکخسـتن و بڕیارەکانـی کۆنگـرەو سـەرکردایەتیی YNDK بـکات.

٣- ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن بنچینەی سەرەکییە لە ژیانی ڕێکخستنی YNDKدا.

٤- هەمـوو بڕیـارەکان بەزۆرینـەی دەنـگ وەردەگیرێـن و کەمینـەش دەبـێ جێبەجێیـان بـکات.

مـاددەی شەشـەم: YNDK چالاکییـە سیاسـی و جەماوەرییەکانـی خـۆی بەپێـی ئـەم بەرنامەیـەی خـوارەوە کـە لـەم بنەمایانـە پێکهاتـووە ئەنجـام دەدات:

١- پەرەپێـدان و پێشخسـتنی تێکۆشـانی گەلـی کوردسـتان و ئـەو دەسـکەوتانەی کـە گەلـی کوردسـتان لـە کوردسـتاندا بەدەسـتی هێنـاون.

٢- چەسـپاندنی بنەمـا دیموکراتییـەکان و ڕێزگرتنـی ئازادییـە سیاسـی و ڕێکخراوەیـی و گشـتییەکان و بنەماکانـی مافـی مـرۆڤ کـە لـە ڕاگەیانـدن و بەڵگەنامـە نێودەوڵەتییەکانـدا بڕیـاری لەسـەر دراوە.

٣- بەدەسـتهێنانی ئامانجەکانـی YNDK بـە ئامـرازە ئاشـتیخوازی و دیموکراتییـەکان بـۆ دەسـەڵات وەرگرتـن بـێ پەنابردنـە بـەر توندوتیـژی و تۆقانـدن و تەفـرەدان.

## بەشی سێیەم: ئەندامێتی

مـاددەی حەوتـەم: مەرجەکانـی ئەندامێتـی ؛ هەمـوو هاووڵاتییەکـی کوردسـتان بـۆی هەیـە لـە (YNDK)دا ببێتـە ئەنـدام بەمەرجـێ:

١- تەمەنی (١٨) ساڵ بێت.

٢- باوەڕی بە بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی (YNDK) هەبێت.

٣- ئابوونەی دیاریکراو بدات.

٤- لەیەکێ لە ستافەکانی YNDKدا چالاکی سیاسی ئەنجامبدات.

٥- ماوەی پاڵێوراویەتی بۆ ئەندامێتی کە (٤) مانگە تەواو کردبێت.

٦- هیـچ پەیوەندییەکـی بەدەزگاکانـی دژ بـە گـەل و دەزگا کۆلۆنیالیسـتەکان یـا هـەر لایەکـی دیکـە نەبێـت.

ماددەی هەشتەم: ئەرکەکانی ئەندام:

١- تێکۆشـــــان لەپێنـــاو ئامانجەکانــی YNDKدا بەهەمـــوو ئامرازێکــی راســـت و رەواو پابەندبـــوون بـــە سیاســـەتی گشـــتی و جێبەجێکردنـــی بڕیارەکانـــی.

٢- پارێزگاریکـردن لـە نهێنییەکانـی YNDK چ لەبـارەی رێکخسـتن و چ لەبـارەی سیاسـییەوە، هەروەهـا پـەردە لـەڕوو هەڵماڵینـی هەمـوو زانیارییـەك و نەشـاردنەوەی لـە YNDK.

٣- پابەند بوون بە بنەماو بنچینەکانی رێکخستن.

٤- پێشخسـتنی ئاسـتی فکـری و رێکخسـتن و رۆشـنبیری لەپێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی YNDK و ئاسـانکردنی جێبەجێکردنیانـدا.

٥- دەبێ رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن بەگیانێکی بابەتییانە ئەنجام بدات.

٦- پارێزگاریکردن لە یەکێتی ریزەکانی YNDK لە بواری فکری و رێکخستندا.

٧- بەرژەوەندی YNDK لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکی تایبەتدا دابنێ.

ماددەی نۆیەم: مافەکانی ئەندام

١- بۆ هەر ئەندامێکی YNDK هەیە خۆی بۆ هەموو ستافەکانی YNDK بپاڵێوێ.

٢- بەشـــداریکردن بەپێـــی شـــوێنی رێکخســـتنی لـــە داڕشـــتنی سیاســـەتیی YNDK بـــە پێشکەشـــکردنی پێشـــنیارەکانی بـــۆ ســـتافەکانی ســـەروو خـــۆی.

٣- بەشداری گفتوگۆکردن لەناو کۆبوونەوەکاندا بەئازادییەکی رەها.

٤- چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە.

٥- مافی هەیە رەخنە لە بڕیارە سزائامێزەکان بگرێ کە دەرهەقی وەردەگیرێن.

٦- بـۆی هەیـە هـەر کاتێـك بیـەوێ دەسـت لەکاربکێشـێتەوە، بەمەرجێـك بـە نـووسراو رێکخسـتن ئاگاداربکاتـەوە، دوای ئـەوەی کـە (ئەسـتۆپاکی- بـراءة الذمـة)ی خـۆی دەکات.

ماددەی دەیەم: سزاکان:

١- سزاکانی (YNDK) لەم چەند جۆرەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ- ئاگادارکردنەوە، ب- سەرزەنشتکردن، ج- راگرتن، د- دەرکردن (طرد).

٢- هـــەر ئەندامێـــك ئەرکەکانـــی بەبـــێ هـــۆ جێبەجـــێ نەکـــرد بەپێـــی بەنـــدی (أ) ســـزا دەدرێـــت و ســـزاکەی بەپێـــی چۆنیەتـــی فەرامۆشـــکردنی کارەکـــەی دیـــاری دەکرێـــت.

٣- هـــەر ئەندامێـــك بڕیارەکانـــی رێکخســـتنی جێبەجـــێ نەکـــرد رووبـــەڕووی ســـزای

(ئاگادارکردنـەوە) دەبێتـەوە و لەکاتـی دووبارەکردنەوەیـدا (سـەرزەنشـت) دەکـرێ و، لەکاتـی بەردەوامبوونیـدا بـۆ ماوەیـەك ئەندامێتـی رادەگیـرێ و لەلایـەن ئـــــەو سـتافەی کاری تێـدا دەکات بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت.

٤- ئەندامی YNDK دووچاری دەرکردن دەبێت لەکاتێکدا کە:

أ- پەیوەندی بە دوژمنانی گەلی کوردستان هەبێت.

ب- لە رێکخستنی دیکەدا کاربکات.

ج- ئاشـکراکردنی هەریـەك لـە نهێنییەکانـی رێکخسـتن بـۆ زیـان پێگەیاندنـی YNDK، لەپێنـاو بەرژەوەنـدی خۆیـدا.

د- راگەیانـدن و پڕوپاگەنـدە بڵاوبکاتـەوەو هەوڵـی جیابوونـەوە بـدات لـە ریزەکانـی YNDK دا.

هـ- لەدەستدانی هەر مەرجێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی.

## بەشی چوارەم: دەسەڵاتەکانی YNDK

ماددەی یانزەهەم: کۆنگرە

١- کۆنگـرە: باڵاتریـن دەسـەڵاتە لـە (YNDK)دا و هـەر چـوار سـاڵ جارێـك لەبـاری ئاسـاییدا بەپێـی بانگەشـەی سـەرکردایەتیی YNDK دەبەسـترێ، دەشـێ کۆنگـرە بەپێـی پێداویسـتی قۆنـاخ لەلایـەن سـەرکردایەتی و ئەندامانـی کۆنگـرەی پێشـووەوە ببەسـترێ.

٢- کۆنگرە پێکدێت لە:

أ- ئەندامانی سەرکردایەتیی YNDK.

ب- ئەندامانی ستافە ناوەندییەکانی YNDK.

ج- نوێنەرانـی هەڵبژێـردراو لەڕێکخـراوو لێژنـەی ناوچـەو هەرێمـەکان بەپێـی ئـەو رێژەیـەی کـە کۆمیتـەی سـەرکردایەتی دیـاری دەکات.

٣- کاروبارەکانی کۆنگرە لەمانە سەرچاوە دەگرێ:

أ- دانانی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆو هەموارکردنەوەی و داڕشتنی ستراتیژی YNDK.

ب- گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی سیاسی و پەسەندکردنی.

ج- گفتوگۆکــردن و هەڵســەنگاندنی راپۆرتەکانــی ســەرکردایەتی و ســتافە ناوەنــدی و نووســینگە تایبەتمەنــدەکان.

د- گفتوگۆکردن لەسەر دارایی و دیاریکردنی و پێکهاتن لەسەری.

هـ- هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی.

و- هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

ز- بڕیــاردان لەســەر تێکــەڵ بــوون یــان یەکگرتــن لەگــەڵ حیزبێکــی دیکــەدا. (دوای ئاگارکردنــەوەی وەزارەتی ناوخــۆ).

ماددەی دوانزەهەم: کۆمیتەی سەرکردایەتی:

ســەرکردایەتی YNDK لــە دەســەڵاتە هەڵســوورێنەوە باڵاکانــی (YNDK)ە، بــۆ مــاوەی نێــوان دوو کۆنگــرە لــە ســکرتێری گشــتی و (١٢) دوانــزە ئەندامــی هەمیشــەیی و (٣) ســێ ئەندامــی یــەدەگ پێکدێــت و ئــەم کارانــەش جێبەجــێ دەکات:

١- ئــەو راســپاردە و بڕیارانــەی کــە کۆنگــرە دەریــدەکات جێبەجێــی دەکات و بەشــێوەیەکی راســتەوخۆیش لێپــرسراوە لــە ئەنجامدانــی.

٢- دیاریکردنی هەڵوێستی YNDK بەپێی بنەمای سیاسیی کۆنگرە.

٣- بڕیاردان لەسەر هەیکەلی رێکخستنی YNDK و پێگەیاندنی کادیران و پێشخستنیان.

٤- دیاریکردنی پەیماننامەی بەرەیی لەگەڵ حیزبەکاندا بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرە.

٥- هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی YNDK.

ماددەی سیانزەهەم: مەکتەبی سیاسی:

مەکتــەبی سیاســیی YNDK لــە (٦) شــەش ئەنــدام و ســکرتێری گشــتی پێکدێــت و ئــەم کارانــە جێبەجــێ دەکات:

١- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و کۆمیتەی سەرکردایەتی.

٢- سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی رێکخستن.

٣- ئامادەکــردن و پێشکەشــکردنی راپۆرتــی دەوری بــۆ کۆبوونەوەکانــی کۆمیتــەی ســەرکردایەتی.

٤- هەڵبژاردنی کارگێڕێک بۆ مەکتەبی سیاسی.

ماددەی چواردەهەم: سکرتێری گشتی:

١- بەرپرسیاری یەکەمی (YNDK)ەو بەرپرسیارە لەچۆنیەتی بەرەوپێشەوەبردنی خەبات و چارەسەرکردنی هەر گرفتێك کە دێتە پێش YNDK.

٢- دوا واژۆ (تصديق)ی هەر پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتننامەیەك لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا بۆ ئەو دەمێنێتەوەو لێی بەرپرسیارە.

٣- هەر لێدوانێکی ڕەسمی کە بەناوی (YNDK)ەوە بدرێ لەهەر مەسەلەیەکدا راستەوخۆ بۆ ئەو دەمێنێتەوەو لێی بەرپرسیارە.

٤- سەرپەرشتی تەواوی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتیی YNDK دەکات.

٥- لەکاتی بەرامبەری دەنگەکاندا سکرتێری گشتی لە هەر لایەك بێت ئەو لایە دەیباتەوە.

ماددەی پانزەهەم: هەرەمی ڕێکخستن:

هەرەمی ڕێکخستنی (YNDK) لەخوارەوە بۆ سەرەوە بەم شێوەیە پێکدێت: (شانە، پۆل، ڕێکخراو، ناوچە، هەرێم، مەکتەبی ڕێکخستن، کۆمیتەی سەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسی، کۆنفرانس، کۆنگرە).

یەکەم: شانە: خانە سەرەکییەکانی ڕێکخستنی (YNDK)ە، لەسەر بنچینەی شوێنی کارو دانیشتن دادەمەزرێ، سنووری کارەکانی لەمانە خۆی دەگرێتەوە:

١- سیاسەتی YNDK بڵاودەکاتەوەو جەماوەر جۆشدەدات.

٢- ڕێکخستنی جەماوەرو ڕاوێژکردنیان بەپێی بڕیارەکانی YNDKو ئامانجەکانی YNDK)) یشیان پێ بناسێنێ.

٣- گرنگیدان بەڕای جەماوەرو گیروگرفتەکانیان و گواستنەوەیان بۆ ستافە باڵاکانی YNDKو کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان.

٤- بڵاوکردنەوەی ئەدەبیات و بڵاوکراوەکانی YNDK.

٥- کۆبوونەوەی هەفتانەی خۆی ئەنجام بدات و دانیشتنەکان بەرزبکاتەوەو دارایی خۆی بە لێژنە لێپرسراوەکان بگەیەنێت.

٦- گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەدا بکات کە داوای بوونە ئەندام دەکەن و متمانەیان پێبدات و بیان پاڵێوێ.

٧- هەر ئەندامێك لە شانە لێپرسراوە لە چالاکییەکانی شانەی خۆی بەهاوکاریکردن لەگەڵ ئەندامانی دیکەدا.

٨- هەر شانەیەك لە (٣-٥) ئەندام پێکدێت و لێپرسراوێکی دەبێت.

دووەم: پۆل: لە (٣-٥) شانە پێکدێت و لێپرسراوێتی دەدرێتە دەست ئەندامێکی ڕێکخراو، بەرپرسیشە کە هەفتانە راپۆرت بۆ ڕێکخراو بەرزبکاتەوە.

سێیەم: ڕێکخراو: لەهەر گوند یا گەڕەکێك لە (٣) ئەندام و (٢) یەدەگ پێکدێت و سەرپەرشتی (٣-٥) پۆل دەکات و لێپرسراوێتی دەدرێتە دەست ئەندامێکی ناوچەو بەرپرسیشە کە (١٠) رۆژ جارێك راپۆرت بۆ ناوچە بەرزبکاتەوە.

چوار: ناوچە: لەهەر ناوچەیەك یا شارۆچکەیەك یا قەزایەکدا لێژنەیەکی ڕێکخستن لە (٢) کارگێڕو (٢) ئەندام پێکدێت، لێپرسراوێتی دەدرێتە ئەندامێکی هەرێم، چالاکیەکانیشی لەسنوری دەسەڵاتی خۆیدا ئەنجامدەدات، لێپرسراویشە بەرامبەر هەرێم و راپۆرتەکانی (١٥) رۆژ جارێك بۆ هەرێم بەرزدەکاتەوە.

پێنجەم: هەرێم: لەسەر ئاستی پارێزگایەك لە (٤) کارگێڕو (٢) ئەندام پێکدێت. (بەڕەچاوکردنی چڕی دانیشتووان و فراوانی ناوچەیەکی جوگرافی پێکدێت).

بەپێی سنووری بەڕێوەبردن دەسەڵاتی باڵای YNDKە و، لێپرسراوە بەرامبەر بە مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن و، لێپرساوێتی هەرێمیش دەدرێتە دەست ئەندامێکی کۆمیتەی سەرکردایەتی و، ئەمانەش جێبەجێدەکات:

١- سەرکردایەتیکردنی چالاکییەکانی YNDK لە بواری سیاسی و ڕێکخستن و جەماوەری (لە سنووری بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی خۆیدا).

٢- چالاکییەکان بەپێی رەچاوکردنی تایبەتمەندی توانای کەسایەتی بەسەر ئەندامانی دابەشدەکرێت.

٣- راپۆرتە دەورییەکانی هەر (٣٠) رۆژ جارێك بۆ مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن بەرزدەکاتەوە.

شەشـــەم: مەکتەبـــی ناوەنـــدی رێکخســـتن: دەزگایەکـــی ناوەندییـــە بـــۆ سەرپەرشـــتیکردنی ســـەرجەم رێکخســـتنەکان و لـــە ئەندامێکـــی مەکتەبـــی سیاســـی و ســـێ ئەندامـــی کارگێـــڕ پێکدێـــت و بەرپرسیاریشـــە بەرامبـــەر هەمـــوو دەزگاکانـــی ســـەرووی خـــۆی لـــە هەرەمـــی رێکخســـتندا.

ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

١- سەرپەرشـــتی هەمـــوو رێکخســـتنەکان دەکات و لێپرسراویشـــە بەرامبـــەر تۆکمەیـــی و گەشـــەکردنی ریزەکانـــی رێکخســـتن و مافـــی هـــەر پێشـــنیارو داواکارییەکـــی گونجـــاوی هەیـــە بـــۆ ئـــەم مەبەســـتە بـــۆ ســـەرووی خـــۆی بەرزبکاتـــەوە.

٢- سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ستافی رێکخستنەکانی YNDK دەکات.

٣- مافـــی پێشـــنیارکردنی هەیـــە، لەگۆڕینـــی بەرپرســـی هەرێمـــەکان بـــە گفتوگـــۆ لەگـــەڵ کۆمیتـــەی ســـەرکردایەتیدا.

حەوتـــەم: کۆنفرانـــس: لـــە هـــەر حاڵەتێکـــی نائاســـاییداو لەســـەر داوای دوو لەســـەر ســـێی (٣/٢)ی ئەندامانـــی کۆمیتـــەی ســـەرکردایەتی دەبەســـترێ و، لـــە ئەندامانـــی ســـەرکردایەتی و ئەندامانـــی مەکتەبـــە ناوەنـــدی و ئەندامانـــی هەرێـــم و جێگیرەکانیـــان پێکدێـــت.

کارەکانیشی لەمانە سەرچاوە دەگرێ:

١- هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی.

٢- هەڵسەنگاندنی کارو خەباتی ماوەی رابردووی YNDK.

٣- چاوخشـــاندنەوە بـــە بەرنامـــەو پلانـــی کارکـــردن و دانانـــی بەرنامـــەو پلانـــی نـــوێ بـــۆ کارو خەباتـــی داهاتـــووی YNDK.

دەسەڵاتەکانی:

١- بە زۆرینەی دەنگ بۆی هەیە (٣/٢)ی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بگۆڕێ.

٢- لەســـەر بەرنامـــەو پێـــڕەوی ناوخـــۆ چـــی هەبـــوو بـــۆ کۆنگـــرە ئامـــادەی دەکات، بـــەڵام تـــا کۆنگـــرە بڕیـــاری لەســـەر نادرێـــت.

هەشـــتەم: YNDK بـــۆی هەیـــە نووســـینگەی خـــۆی لـــەدەرەوەی وڵاتـــدا بەپێـــی بڕیارێکـــی کۆمیتـــەی ســـەرکردایەتی بکاتـــەوە، ئـــەم نووســـینگەیەش راســـتەوخۆ بەرامبـــەر کۆمیتـــەی

سـەرکردایەتی بەرپرسـیار دەبێـت. (دوای وەرگرتنـی رەزامەنـدی وەزارەتی ناوخـۆ).

## بەشی پێنجەم: دارایی

ماددەی شانزەهەم: دارایی YNDK پێکدێت لە:

١- ئابوونەی ئەندامان.

٢- داهاتی چاپەمەنی و پرۆژە جۆراوجۆرەکان.

٣- یارمەتی حکومەتی کوردستان.

٤- کۆمەکی بێ مەرجی رێکخراوو کەسایەتییە سەربەخۆو وڵاتپارێزەکان.

مـادەی حەڤدەهـەم: بـارەگای سـەرەکی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK لـە پارێـزگای هەولێـر دەبێـت.

مـاددەی هەژدەهـەم: لەحاڵەتـی خۆهەڵوەشـاندنەوەی YNDKدا بەڕەسـمی هەمـوو پـارەو پـول و کەلوپەلـەکان پێشـکەش بـە حکومەتـی کوردسـتان دەکرێـت.

# پەیامی پیرۆزبایی بۆ شەشەم کۆنگرەی

# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

# YNDK



سەرۆك مەسعود بارزانی لە پەیامێکیدا بۆ شەشەم کۆنگرەی YNDK:

## هەڵوێستی نەتەوەیی و بەرپرسیارانەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان مایەی پێزانینێکی زۆرە

میدیا - هەولێر:

سەرۆك مەسعود بارزانی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی شەشەم کۆنگرەی YNDK دەکات، وێڕای پیرۆزبایی هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە دەخوازێت.

سەرۆک مەسعود بارزانی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لە پەیامێکیدا بۆ شەشەم کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK ، کە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١١ / ١١ / ٢٠٢٣ لە هەولێری پایتەختی کوردستان بەسترا، وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە، ئاماژە بە ڕۆڵ و هەڵوێستەکانی YNDK دەکات و، لە پەیامەکەدا هاتووە: (هەڵوێستی نەتەوەیی و بەرپرسیارانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان مایەی پێزانینێکی زۆرە و هەمیشە ئەو چاوەڕوانییە لە ئێوەی بەڕێز هەیە کە بە ئاراستەی بەرژەوەندی بەها بالاکانی گەلەکەمان هەنگاو بنێن.).

هەروەها لە پەیامەکەیدا هیوای ئەوە دەخوازێت کە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی

کوردستان لە ئەرک و چالاکییەکانیدا گەشەی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

## پەیامی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ شەشەم کۆنگرەی YNDK:

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەڕێزان لێژنەی ئامادەکاری و ئەندامانی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

سڵاوێکی گەرم ...

بەبۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی حزبەکەتان یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ئێوەو سەرجەم ئەندام و لایەنگرانتان دەکەم. هەڵوێستە نەتەوەیی و بەرپرسیارانەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان مایەی پێزانینێکی زۆرە و هەمیشە ئەو چاوەڕوانییە لە ئێوەی بەڕێز هەیە کە بە ئاراستەی بەرژەوەندی بەها باڵاکانی گەلەکەمان هەنگاو بنێن.

هیوادارم ئەنجام و بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرەی حزبەکەتان خزمەتی زیاتری پرۆسەی گەشەسەندنی سیاسیی هەرێمی کوردستان و تەبایی و برایەتیی نێوان لایەنە سیاسییەکان بکات و، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە ئەرک و چالاکییەکانیدا گەشەی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت.

ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

مسعود بارزانی

١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣

في رسالته الى المؤتمر السادس لـ YNDK الرئيس مسعود بارزاني :

# الموقف القومي والمسؤول للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني محل التقدير الكبير

ميديا - اربيل:

وجه الرئيس مسعود بارزاني قائد الحركة التحررية الوطنية الكوردستانية رسالة تهنئة الى المؤتمر السادس لـ YNDK ، متمنياً للمؤتمر الموفقية والنجاح.

في رسالته الى المؤتمر السادس للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK، الذي انعقد يوم السبت الموافق ٢٠٢٣/١١/١١ في عاصمة كوردستان اربيل، اعرب زعيم الحركة التحررية الوطنية الكوردستانية الرئيس مسعود بارزاني الى جانب التهنئة عن تمنياته بنجاح المؤتمر، واشار فخامته الى دور و مواقف YNDK، وجاء في الرسالة: (الموقف القومي والمسؤول للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني محل التقدير الكبير وكما يُتوقع منكم دائماً أن تتخذوا الخطوات بإتجاه القيم العليا لشعبنا.).

كما أعرب في رسالته عن أمله في أن يشهد الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني المزيد من التقدم في مهامه وأنشطته، وهذا نص الرسالة:

# رسالة الرئيس مسعود بارزاني الى المؤتمر السادس لـ YNDK:

بسم الله الرحمن الرحيم

السادة في اللجنة التحضيرية ومندوبو المؤتمر السادس للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني

تحية حارة

بمناسبه انعقاد المؤتمر السادس لحزبكم الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني، اتقدم بأحر التهاني لكم ولأعضائكم و لمؤيديكم، انّ الموقف القومي والمسؤول للأتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني محل التقدير الكبير وكما يُتوقع من سيادتكم دائماً أن تتخذوا الخطوات بإتجاه القيم العليا لشعبنا.

اتمنى ان تقدم نتائج ومقررات وتوصيات مؤتمر حزبكم المزيد من الخدمة لعملية التطور السياسي لأقليم كوردستان والتلاحم والأخوة بين الاطراف السياسية، وانْ يشهد الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني المزيد من التقدم في مهامه وأنشطته.

اتمنى لكم النجاح.

مسعود بارزاني

١١ تشرين الثاني ٢٠٢٣




# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیامی پیرۆزبایی بۆ شەشەم کۆنگرەی YNDK دەنێرێت

میدیا - هەولێر:

بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK و ئەندامانی شەشەم کۆنگرەی YNDK دەکات و، وێڕای پیرۆزبایی هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە دەخوازێت. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

# پەیامی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شەشەم کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بە بۆنەی بەستنی شەشەم کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم. هیوادارم بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکەتان، لە خزمەتی پاراستنی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان و یەکڕیزی و تەبایی نێوان هێز و لایەنە کوردستانییەکان و پەرەپێدانی بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و داکۆکیکردن بێت لە مافەکانی گەلی کوردستان و دەسکەوتە نیشتمانییەکان .

لەگەڵ ڕێزمدا.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

١١ - ١١ - ٢٠٢٣

# رئيس حكومة اقليم كوردستان يبعث برسالة تهنئة الى المؤتمر السادس لـ YNDK

ميديا - اربيل:

بعث رئيس حكومة اقليم كوردستان السيد مسرور بارزاني رسالة تهنئة الى السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK غفور مخموري و الى مندوبي المؤتمر السادس لـ YNDK، اعرب فيها الى جانب التهنئة عن تمنياته بنجاح المؤتمر وهذا نص الرسالة:

## رسالة تهنئة رئيس حكومة اقليم كوردستان الى المؤتمر السادس للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني

السيد غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني

السادة مندوبي المؤتمر السادس للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني

بمناسبة انعقاد المؤتمر السادس للأتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني، اتقدم اليكم بأحر التهانىء متمنياً لمؤتمركم النجاح.

اتمنى انْ تكون مقررات و توصيات مؤتمركم في خدمة حماية الكيان الدستوري لأقليم كوردستان ووحدة الصف والتلاحم بين القوى والأطراف الكوردستانية وتطوير التعايش السلمي بين المكونات المختلفة والدفاع عن حقوق شعب كوردستان و المكاسب الوطنية ... مع تقديري.

مسرور بارزاني

رئيس حكومة اقليم كوردستان

١١ - ١١ - ٢٠٢٣

# سەرۆکی حکومەت پیرۆزبایی لە سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەکات

ڕۆژی دووشـــەممە ١٣ / ١١ مـــەسرور بارزانـــی ســـەرۆکی حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان ، لـــە پەیوەندییەکـــی تەلەفۆنیـــدا لەگـــەڵ غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی یەکێتیـــی نەتەوەیـــی دیموکراتـــی کوردســـتان، پیرۆزبایـــی ســـەرکەوتنی کارەکانـــی شەشـــەم کۆنگـــرەی حزبەکەیـان و هەڵبژاردنـی وەک سـکرتێری گشـتیی لێکـرد و هیـوای سـەرکەوتنی بـۆ خواسـتن لـە پێنـاو خزمەتکردنـی گـەل و نیشـتمان و داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کوردسـتان.

سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان، سـوپاس و پێزانیـی خـۆی و سـەرکردایەتیی حزبەکـەی بـۆ پیرۆزبایـی و پەیوەندیکردنـی سـەرۆکی حکومـەت دەربـڕی .

## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان- بەریز

سڵاوو رێز..

بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتییەکەتان یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بەناوی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و جێگرانی سەرۆك و دەستەی کارگێری و گشت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و هیواداریـن هەروەکو چۆن لە رابردوو لە سەنگەری پێشەوەی بەرگریکردن لە کیانی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی کوردستان بوون.

لەم کۆنگرەیەشدا بڕیار و راسپاردەکانتان ببێتە بزوێنەرێکی بەهێز بۆ زیاتر بەرەو پێش چوونی دیموکراتیەت و روحیەتی یەکتر قەبوڵ کردن لەکاری سیاسی و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکاندا، جارێکی تر پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

لەگەڵ رێزماندا.

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

٩-١١-٢٠٢٣



# رسالة تهنئة من السيد أحمد قذاف الدم
# المسؤول السياسي لجبهة النضال الوطني الليبي

بسم الله الرحمن الرحيم

اللجنة التحضرية للمؤتمر السادس للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK

الاخوة الاعزاء ... تحية طيبة و سلام حار ... بهذه المناسبة السعيدة ...

اعرف ما تعانوه ... و اعرف الصعوبات تواجهكم ... ورغم التضحيات الجسام ... مازالت اهدافكم تواجه العقبات ... ورغم عدالتها.

و اسمحوا لي ... ان أهنئكم بانعقاد مؤتمركم هذا و ان اشاطركم كصديق اولا وكمراقب وبعد تجربة طويلة ومريرة من عالم اليوم الذي يتقلب ولم يتغير.

اولا : لابد من الاندماج الكامل بين مكونات الامة الكردية الممزقة وتنظيماتها.

ثانيا : لابد من طرح مشروع ملائم و ليكن مرحلي ... مع محيطكم الذي لم يتفق على شيء الا على حصاركم للاسف ... ويسرني ان اري هذا التلاحم وهذا العمل الدئوب ... والروح الوثابة التي تتمتعون بها ... من اجل هدف نبيل و مشروع وهو حرية امتكم وحقكم في المساوات والاتحاد ... وتعرفون موقفنا في ثورة الفاتح ونضالنا المشترك عبر عقود تحت قيادة الشهيد "القذافي" ... وكم كان بودي لولا القيود التي مازلنا نعاني

منها من مجلس الامن لكنت معكم في هذا المؤتمر.

ثالثا: ارجو الابتعاد عن الحلول التكتية والهروب ... نحو اطراف تستخدم قضيتكم وتستزف قدراتكم العبقرية ان يكون لديكم مائة حل لمشكلتكم وليس حلا واحدا لمائة مشكلة ... كما نفعل نحن العرب ... للاسف لدينا كل المقومات ولا نملك من امرنا شيئا واوكد باننا تاريخيا اقرب جغرافيا للامة الكردية ... وتقاسمنا عبر التاريخ الامجاد والنكسات واجزم بانة بالامكان ايجاد حلول لما لدينا من قواسم مشتركة وارث وفي حالة نجاحنا نستطي ان نجعله مقياسا ... لباقي الامم و يحرج تصلبها بل وطمئنتها.

لا اخفيكم كذلك مارصدناه من تقارب من الحركة الصهيونية في فترة الماضية قد اقلق الامة العربية واحزننا ... الذين كنا نقارن بين عدالة قضيتكم وفلسطين ... فكيف لامة تبحث عن الحرية تناصر عدو مغتصب وتتخذ القدس الشريف عاصمة ... وهي خطوة تعقد المشهد ... وتخدم التيار المعادي لكم و لن تجدي نفعها لانهم يهدفون من التقارب معكم فتنة جديدة في منطقتنا تلهينا وتشتت الانظار عندهم ... وتعزز وجودهم ومن خلفهم الدول الاستعمارية التي تتحمل مسؤولية كل هذه الخرائط التي نعاني منها جميعا بل ما زالت تتعاقب صلاح الدين فيكم.

رابعا: تحتاجون لمراجعة الادوات السياسية والخطاب الاعلامي وهذا يحتاج الي استراجية الاهداف التي تتفقون عليها والخطوات التكتيكية التي ستتبعونها.

و اخيرا ... أحييكم جميعا وواثق بان الحق ينتصر في النهاية ... ونحن نؤيد حقكم وتحت تصرفكم فيما نستطيع المساهمة في نجاح امتكم الشقيقة وفقكم الله.

احمد قذاف الدم

المسؤول السياسي لجبهة النضال الوطني الليبي

٧-١١-٢٠٢٣



## رسالة تهنئة من السيد الدكتور مصطفى العماوي
## الأمين العام لحزب الأئتلاف الوطني الأردني

السادة اللجنة التحضرية للمؤتمر السادس للاتحاد القومي الديموقراطي الكوردستاني

السلام عليكم و رحمة الله و بركاته

اشارة الي خطابكم رقم (٩١٩) تاريخ ٤-١١-٢٠٢٣ يهدي حزب الائتلاف الوطني اجمل التهاني وارق التحيات لكم بمناسبة انعقاد المؤتمر السادس لحزبكم الموقر وننتهز هذه الفرصة لنعبر لكم عن عمق الصداقة والمحبة بيننا.

اننا في حزب الائتلاف الوطني الاردني نتطلع الي مزيد من التعاون مع حزبكم الموقر, لتعميق العلاقة والتشبيك في كافة المواقف لنحقق ما نصبوا اليه من التنمية المستدامة وبناء الانسان علي هذه الأرض المباركة ونعمل علي تمكينه بكافة الوسائل والسبل.

و ننتهز هذه المناسبة لنعرب لكم عن فائق الاحترام و التقدير.

المحامي الدكتور مصطفى العماوي

الامين العام

لحزب الائتلاف الوطني الاردني

٦-١١-٢٠٢٣- عمان



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێزان (زەینەب موراد و ئەحمەد کاراموس) هاوسەرۆکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK

بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی

بەڕێزان ئەندامانی جڤاتی گشتی و لایەنگرانی YNDK

سەرەتا پیرۆزبایی بەستنی شەشەم کۆنگرەتان لە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەکەین، وەك دەزانن سەرانسەری کوردستان بە قۆناغێکی هەستیار و مێژوویی هەروەها رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرانسەری جیهانیش بە دژوارترین و ئالۆزترین دۆخ لە مێژووی خۆیاندا تێپەڕدەبن.

بۆیە دۆخەکە لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە یەکریزی و یەکێتی نەتەوەییە و هەر ئەوەش زامنی پاراستنی دەستکەوت و مافە رەواکانی گەلی کوردستانە کە بەرهەمی خەباتی هەموان و خوێنی هەزاران شەهیدی تێکۆشەری گەلەکەمانە. هەبوون و بەردەوامیتان لە خەبات و تێکۆشان لەپێناو خزمەتکردنی دۆزی گەلەکەمان و هەروەها بۆ ئامانجی هاتنە کایەی ئەزموونێکی دیموکراسیی و

یەکسانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەباشووری کوردستان و بەشەکانی تری کوردستاندا گرنگی خۆی هەیە.

ئامادەبوون و چالاکبوونتان لە خەباتی یەکێتی نەتەوەییدا و بەتایبەتی لە ناو کارو خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (ك.ن.ك)هدا بەشێکە لەسەروەری و ئەمەکی و دڵسۆزیتان بۆ دۆزە رەواکەی کورد و کوردستان.

ئومێدەوارین دەرئەنجامی کۆنگرەکەتان ببێتە مایەی سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی کارو خەباتەکانتان و ببێتە وەڵامدەر بۆ ئەم قۆناغە هەستیارە کە گەلەکەمان تیادا دەرباز دەبێت.

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لەگەڵ ریزماندا.

هاوسەرۆکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

زەینەب موراد / ئەحمەد کاراموس

٢٠٢٣-١١-٦



کۆنسەی ڕێڤەبەری KCK لە پەیامێکیدا بۆ شەشەم کۆنگرەی YNDK :

## یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا و بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا خاوەن هەڵوێست بووە

میدیا - هەولێر:

کۆنسەی ڕێڤەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان KCK پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی شەشەم کۆنگرەی YNDK دەکات و، وێڕای پیرۆزبایی هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە دەخوازێت.

کۆنسەی ڕێڤەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان KCK لە پەیامێکیدا بۆ شەشەم کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، کە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١١ / ١١ / ٢٠٢٣ لە هەولێری پایتەختی کوردستان بەسترا، وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە، ئاماژە بە ڕۆڵ و هەڵوێستەکانی YNDK دەکات و، لە پەیامەکەدا هاتووە: (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا و بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا خاوەن هەڵوێست بووە.).

هەروەهـا لـە پەیامەکـەی کۆنسـەی ڕێڤەبـەری KCK دا هاتـووە: (یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان لەپێنـاو یەکێتـی نەتەوەییـدا بـەردەوام خاوەنـی هەوڵـدان بـووە و لـەم بـوارەدا لەگـەڵ هێـز و لایەنـە سیاسـییەکانی هـەر چـوار بەشـی کوردسـتان لەنـاو دانوسـتاندا بـووە.). ئەمـەش دەقـی پەیامەکەیـە:

## پەیامی کۆنسەی ڕێڤەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان KCK بۆ شەشەم کۆنگرەی YNDK

ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

دیوانی هێژای کۆنگرە ...

بـەر لـە هەمـوو شـتێک سـڵاوو ڕێـزی خۆمـان بـۆ ئێـوەی بەڕێـز دەنێریـن و بـە بۆنـەی بەسـتنی شەشـەمین کۆنگـرەوە پیرۆزبایـی گەرمـی خۆمانتـان پێشـکەش دەکەیـن.

هەڤاڵانی بەڕێز ...

ئێـوە لەکاتێکـدا کۆنگـرەی شەشـەمی YNDK دەبەسـتن کـە جیهـان و هەرێمەکـە و کوردسـتان بەقۆناخـی زۆر گرنگـدا تێپـەڕ دەبێـت و لەبـەردەم گۆڕانـکاری مەزندایـە، هێـزە هەژموونگەراکانـی جیهـان بـۆ زیاتـر قۆرخکردنـی سـەرچاوە ئابـووری و بازرگانییـەکان و بـۆ مسـۆکەرکردنی بەرژەوەندییـە سـتراتیژییەکانی خۆیـان لەنـاو ململانێیەکـی دژواردان، شـەڕی ئۆکرانیـا، شـەڕی ئیسرائیـل و حەمـاس، هێرشـی داگیـرکاری تورکیـا بـۆ سـەر باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان، نموونەکانـی ئـەم ململانێیـە دژوارەن کـە هـاوکات بەڕێوەدەچـن، ئـەم دۆخـە نیشـان دەدات کـە کوردسـتان لەنـاو هاوکێشـە جیهانـی و ناوچەییەکانـدا جێگایەکـی زۆر گرنـگ و چارەنووسسـازی هەیـە، هەربۆیـە دوژمنانـی گەلەکەمـان بـۆ ئـەوەی کـە گەلـی کـورد نەتوانێـت لەنـاو ئـەم گۆڕانکارییانـەدا مافـە ڕەواکانـی خـۆی دەسـتەبەر بـکات لەنـاو هێـرش و پلانگێریـدان، دەوڵەتـی داگیرکـەری تورکیـا لـە سـێ بـەشی کوردسـتان واتـە لـە باکـوور و باشـوور و ڕۆژئـاوا شـاڵاوێکی جینۆسـاید و داگیـرکاری

دژ بــه گەلــی کــورد بەڕێوەدەبــات و لەهەمانکاتــدا هــاوکارە لەگــەڵ ئێــران بــۆ ئــەوەی کەویســتی ئازادیخــوازی گــەلان کــە لــە شۆرشــی ژن، ژیــان، ئازادیــدا بەرجەســتە بــوو ســەرکووت بــکات، دەوڵەتــی فاشیســتی تورکیــا لــە گۆشــەگیری دژواری ســەر رێبــەر ئاپــۆ و زینداینکردنــی بەدەیــان هــەزار کــوردی نیشــتمانپەروەر لــە باکــووری کوردســتانەوە بگــرە، تــا وێرانکردنــی ژێرخانــی ئابــووری رۆژئــاوای کوردســتان و تیــرۆر و داگیــرکاری لــە باشــووری کوردســتان سیاســەتێکی هەمــە لایەنــەی جینۆســاید و کۆمەڵکــوژی بەڕێوەدەبــات، تاکــە ئارمانجــی تورکیــا ئەوەیــە کــە لــە پرۆســەی ســەرلەنوێ داڕشــتنەوەی نەخشــەی جیۆپۆلەتیکــی هەرێمەکــەدا کــورد بەهیــچ شــێوەیەك جێگــە نەگرێــت و لــە هەمــوو رووێکــەوە لەســەر شــانۆی مێــژوو بســڕدرێتەوە، هەربۆیــە تورکیــا هەروەکــو چــۆن لــە مێــژوودا، لــە رۆژگاری ئەمڕۆشــدا هــۆکاری ســەرەکی هەمــو قەیرانــە سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابوورییەکانــی باشــووری کوردســتانە، ئەگــەر ئەمــڕۆ گەندەڵــی هەیــە و مووچــەی فەرمانبــەران دابــەش ناکرێــت، مــاف و ئازادییــەکان بەرتەســك کراونەتــەوە، کۆچــی بەکۆمەڵــی گەنجــان بــۆ دەرەوەی وڵات هەیــە و سروشــت و ژینگــەی باشــووری کورســتان خاپــوور دەکرێــت هەمــووی بەهــۆی داگیــرکاری دەوڵەتــی تورکیاوەیــە، ئــەو فاکتــەرە ناوخۆییــەی کــە دەبێتــە هــۆی ئــەوەی کــە تورکیــا ئــاوا بــێ پــەروا لــە باشــوورو رۆژئــاوای کوردســتان تەراتێــن بــکات و خەڵکــی کــورد تیــرۆر بــکات بێگۆمــان خیانــەت و بەرکرێگیراوییــە، تورکیــا ئەگــەر هەمــوو تاوانەکانــی بــۆ دەچیتــە ســەر و بێباکانــە سیاســەتی جینۆســایدی کــورد پەیڕەو دەکات، ئــەوا لــە خیانــەت و بەکرێگیــراوی ناوخۆیــی هێــز وەردەگرێــت، هــەر بۆیــە تاکــە رێــگای چارەســەرکردنی قەیرانەکانــی باشــووری کوردســتان و رەواندنــەوەی مەترســییەکانی ســەر بەشــەکانی دی کوردســتان هەڵوێســت وەرگرتنــە لــە بەرامبــەر سیاســەتی داگیــرکاری تورکیــا، هەتــا شکســت بــە داگیــرکاری نەهێنرێــت، کێشــەکانی باشــووری کوردســتان هــەروا بــە هەڵبەســتراوی دەمێننــەوە و تەنانــەت قووڵتــر و قەیراناویتــر دەبنــەوە.

هەڤاڵانــی هێــزا ؛ ئێــوە وەکــو یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK لــە قۆناخێکــی زۆر هەســتیاردا کۆنگــرەی شەشــەم ئانجــام دەدەن، یەکێتــی نەتەوەیــی

دیموکراتی کوردستان لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا و بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا خاوەن هەڵوێست بووە، هیواداریـن کە ئەم کۆنگرەیە لە سەر بنەمای بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری و بەکرێگیراوی و چارەسەری کیشەکانی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان بە ئەنجامدانی گفتۆگۆی بەرفراوان بریاری پێویست وەربگرێت، هەروەها یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لەپێناو یەکێتی نەتەوەییدا بەردەوام خاوەنی هەوڵدان بووە و لەم بوارەدا لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لەناو دانوستاندا بووە، بڕوامان وایە کە کۆنگرەی شەشەم لەپێناو یەکێتی نەتەوەیی کوردستاندا دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ بەرەو پێشەوە بردنی هەرچی زیاتری ئەم خەباتە و ئیمەش لەم پێناوەدا چ ئەرك و بەرپرسیارێتییەك بکەوێتە سەر شانمان ئامادەین کە جێبەجێی بکەین.

لەسەر ئەم بنەمایە، جارێکی دی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە سەرکردایەتی و هەموو کادیر و ئەندام و لایەنگرانی YNDK پیرۆز دەکەین و هیواداریـن کە هەموو کار و خەبات و بڕیارەکانی کۆنگرە بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگات.

لەگەڵ رێزدا.

کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان KCK

٢٠٢٣-١١-٠٨



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێزان (تولەی ئۆروچ و تونجەر بەکرهان) هاوسەرۆکانی پارتی گەل بۆ یەکسانی و دیموکراسی (HEDEP)

ئەندامانی خۆشەویستی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان،

سەرەتا بە ڕێزەوە سڵاو لە ئەندامان و لایەنگرانتان دەکەین، هیواداریـن شەشـەمین کۆنگرەی ئاساییتان بـۆ گەلـی کـورد و هەمـوو کوردسـتان سـەرکەوتوو و بەرهەمـدار بێـت، هەوڵـی حیزبەکەتـان بـۆ گەیشـتن بـە ئازادیـی هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان نموونەیـە، بەتایبـەت بـۆ گەلـی باشـوور و بـۆ هەمـوو حزبەکانـی کوردسـتان. وەک دەزانـن بارودۆخـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی گەلـی تورکیا بەتایبـەت گەلـی کـورد بـە قۆناغێکـی سـەختدا تێدەپەڕێـت، بەداخـەوە ناتوانیـن بەشـداری کۆنگـرەی ئێـوە بکەیـن، ئێمـە دەمانەوێـت بزانـن کـە حزبەکەمـان و گەلـی کـورد بـە دڵ و گیـان لەگەڵتاندایـە، هەروەهـا بەشـداریتان لـە کۆنگـرەی مانگـی ڕابردوومـان هێزێـک بـوو بـۆ خەباتەکەمـان و ئێمـە سـوپاسی بەشـداریکردنتان دەکەین. بـە هیـوای ئـازادی و یەکسـانی و ئاشـتی، جارێکـی تـر دەڵێیـن سـەرکەوتن بـۆ گەلـە خۆڕاگـرو زەحمەتکێشـەکەمان.

لەگەڵ سڵاوو ڕێزماندا.

هاوسەرۆکانی گشتی پارتی گەل بۆ یەکسانی و دیموکراسی (HEDEP)

تولەی ئۆروچ و تونجەر بەکرهان

٢٠٢٣/١١/١٠ - ئەنقەرە




# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێزان (ئاسیا عەبدوڵڵا و ساڵح موسلیم) هاوسەرۆکانی پارتی یەکێتی دیموکرات (PYD)

بەڕێزان لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

بەبۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی ئاسایی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK پیرۆزبایی گەرمتان لێدەکەین و، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

بەستنی کۆنگرەی شەشەمتان لەکاتێکدایە ؛ کە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە دۆخێکی زۆر هەستیاردایە و بە گۆڕانکاری گەورەدا تێدەپەڕێت، کە قۆناخێکی گرنگە لە مێژووی کورد و کوردستاندا، بێگومان گەلی کورد لەو گۆڕانکاری و دەستکەوتانەدا خۆی بەدوور ناگرێت و، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە لە بەرخودان لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و، خەبات و خۆڕاگری، هەروەها هەمیشە خاوەن هەڵوێست بووە بۆ گەیشتن بە ئاشتی و مافەکانی گەلی کورد و هەموو گەلان.

ئێمە وەک هاوسەرۆک و مەجلیسی گشتی پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD) هیوای

سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین و جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانمان دەکەینەوە و، هیواداریـن کۆنگرەکەتان هەنگاوێکی بەهێزتربێت بۆ یەکڕیزی و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە بە خوێنی هەزاران شەهیدی قارەمان بەدەستهاتووە.

هاوسەرۆکایەتی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD

ئاسیا عەبدوڵلا و ساڵح موسلیم

قامیشلۆ - ٩ تشرینی دووەمی ٢٠٢٣



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز محێدین شێخ ئالی
# سکرتێری پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی)

بەڕێزان لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

سڵاوو رێز ...

بەبۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK ی برا، سڵاوی گەرممان بۆ سەرکردایەتی و هەموو ئەندامانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK هەیە و، بەناوی هەموو ئەندام لایەنگرانی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا پیرۆزباییتان لێدەکەین، هیوا باوەڕمان ئەوەیە کەوا بڕیارو راسپاردەکانی وەک هەمیشە لە خزمەتی پرسی نەتەوەیی گەلی کورد دا دەبێت، وەک هەمیشە وەک سیمبۆلی بەردەوامی خەبات لەپێناو لەهەقهاتن و یەکڕیزی بۆ ئاشتی و ئازادی و وەکهەڤی دەمێننەوە.

سەرکەوتن بۆ کارو خەباتی ئێوە. پیرۆزبێت کۆنگرەی YNDK

براتان

محێدین شێخ ئالی

سکرتێری پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی)

٧ / ١١ / ٢٠٢٣ قامشلۆ

# رسالة تهنئة من اللجنة المركزية
# للحزب الديمقراطي الكردي في سوريا (البارتي)

الأخ العزيز غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكردستاني الشقيق ...

الأخوات ... الأخوة مندوبو المؤتمر ...

تحية طيبة ...

بمناسبة انعقاد المؤتمر السادس لحزبكم الشقيق يسعدنا أن نتقدم إليكم باسمنا في الحزب الديمقراطي الكردي في سوريا (البارتي) وباسم سكرتيره الأستاذ "نصرالدين إبراهيم" بأحر التهاني وأصدقها, آملين لكم الموفقية والنجاح في مسيرتكم السياسية, ونضالكم الوطني والقومي خدمة لشعبنا الكوردي وقضيته العادلة.

إن خطورة المرحلة تستدعي منا جميعاً كقوى كوردستانية نبذ الأنا الحزبية وتغليب مصلحة شعبنا الكوردي حفاظاً على المكتسبات التاريخية التي تحققت بعد سنين مضنية من النضال التحرري القومي والوطني لشعبنا الكوردي, ولا سيما في روجآفاي كوردستان وإقليم كوردستان العراق بالتزامن مع الضغوطات السياسية والاقتصادية والأمنية التي تمارس ضدنا, في محاولة لاستهداف وجودنا بالأساس, وذلك من خلال توحيد الخطاب

القومي الكوردستاني وفق استراتيجيات توافقية تكون بمثابة بوصلة لتحركنا على مختلف الأصعدة، إلى جانب ضرورة تأسيس مرجعيات قومية في كل جزء كوردستاني متمتعة باستقلالية قرارها السياسي, مع وجود تنسيق كوردستاني على قاعدة احترام إرادة كل جزء وعدم التدخل في الشؤون الداخلية للآخر .

ختاماً, ننتهز هذه المناسبة للتأكيد على تعزيز العلاقات الثنائية بين حزبينا الشقيقين خدمة لقضية شعبنا الكوردي العادلة, وتعزيزاً للمبادئ القومية المشتركة والتي نناضل من أجل تحقيقها .

مرةً أخرى تقبلوا تهانينا.

اللجنة المركزية

للحزب الديمقراطي الكردي في سوريا (البارتي)

قامشلو في ٧ / تشرين الثاني / ٢٠٢٣م

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی دۆستانە ...

بەخۆشحاڵییەوە پەیامی بەرێزتان بۆ ناردنی پەیامی حزبی دیموکرات بۆ شەشەمین کۆنگرەتان لە ژێر دروشمی (یەکڕیزی و یەکدەنگی کوردستانی و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان)مان پێگە یشت .

بەناوی رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزباییمان لە بەڕێزتان سەرکردایەتی حیزبە تێکۆشەرەکەتان و لەرێگەی ئێوەشەوە لە نوێنەرانی بەڕیزی کۆنگرە و سەرجەم جەماوەری حیزبەکەتان پێشکەش دەکەین و هیواداریـن کۆنگرەی شەشەمی حیزبەکەتان لە بەئەنجام گەیاندنی سەرکەوتووانەی ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێ.

هەڤاڵانی بەڕێز..

جوڵانەوەی مافخوازی گەلی کورد بە هەلومەرجێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ لەم هەلومەرجە پڕ لە ململانێی هێزە سیاسییەکان و وڵاتانی شوێندانەر لە ئاڵوگۆڕە

سیاسییەکانی ناوچە گەیشتووەتە ئاستێك، سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە گشتی و تێکۆشەرانی کورد لەهەر کام لە بەشەکانی کوردستان پێویستە بە خوێندنەوەیەکی ئەورۆییانە و واقیعبینانە شرۆڤە بکەن و لە رۆشنایی ئەو لێکدانەوەدا سیاسەتەکانتان رێکخەن، هەروەك لە دروشمی سەرەکی کۆنگرەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە، گەلی کورد بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی و وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان و گەیشتن بە ئامانجە لەمێژینەکانی پێویستی بە یەکێتی و هاوخەباتی بەرین هەیە.

لەکەس شاراوە نییە نەیارانی سوێندخواردووی گەلی کورد لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا ئەگەر لەسەر هەر پرسێکی سیاسی ناکۆك بن لەسەر لەباربردنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد و هێرش و پەلامار بۆ کوردستان و قوربانیکردنی خەڵکی کوردستان کۆکن، ئەم سیاسەتە دژی ئینسانییەیان ئەو ئەرکە قورستر دەخاتە سەر شانی تێکۆشەرانی کورد کە ئیرادەیەکی یەکگرتووانەوە لە خاك و خەڵکی کوردستان بەرگری بکەین.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵتان هەیە بە هیواوە دەڕوانێتە کۆنگرەکەتان و جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکا و هەر لەم پەیامەشدا پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی نوێی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەمتان دەکا و ئارەزووی سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین.

پیرۆزە شەشەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی پێوەندییە گشتییەکان

٦ - ٨ - ١٤٠٢




## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

بـۆ بەڕێـزان مەکتەبـی سیاسـی و ئەندامانـی ڕێبـەری یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان

سڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانە ...

بەڕێـزان ئەندامانـی کۆنگـرەی شەشـەمی، یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان بەبۆنـەی بەسـتنی شەشـەمین کۆنگـرەی حیزبـە تێکۆشـەرەکەتان گەرمتریـن پیرۆزبایتـان لێدەکەیـن، هەروەهـا کـە هەموومـان ئاگاداریـن لەکاتێکـدا کۆنگـرەی شەشـەمی حیزبەکەتـان بەڕێوەدەچێت ناوچەکـە بـە ئاڵـۆزی و بارودۆخێکـی هەسـتیاردا تێدەپەڕێـت، لـەم بارودۆخـەدا پێویسـتە کـورد لەهـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان بـە هۆشـیاری و یەکگرتوویـی نەتەوەیـی بەرپەرچـی هەمـوو ئـەو پیلانانـە بداتـەوە کـە بـە دژی کـورد بەڕێوەدەچـن.

بەڕێـزان؛ لـەم ئاڵۆزیانـەدا نابێـت ڕۆڵـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بـە دژی نەتـەوەی کـورد و هەمـوو نەتـەوە ئازادیخـوازەکان لـە ناوچەکـە لـە بیـر بکەیـن، کۆمـاری ئیسـلامی لـە ڕێـگای هێـزە نیابەتییەکانـی و پاڵپشـتی لـە تیرۆریـزم و دوورخسـتنەوەی شـەڕ و ئالـۆزی لـە ناوخۆیـی ئێـران، لـەدوای شۆڕشـی (ژن، ژیـان، ئـازادی) ڕێـگا بـۆ سـەرکوت و ئیعدامـی خەڵکـی

ئازادیخوازی کوردستان و ئێران هەموار دەکات و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش لە هەوڵی دروستکردنی ئیمپراتۆری شیعەدایە، ئەوەمان لە بیر نەچێت کۆماری ئیسلامی ئێران تەنها دوژمنی سەرەکەی حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەلات نییە بەڵکو دوژمنی سوێندخواردو سەرەکی گەلی کوردە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەتی کوردستانی باشوور و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هیواداریـن کۆنگرەکەتان بە هۆشیاری و پەیرەوکردنی سیاسەتێکی دروست و یەکگرتووانە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، هەنگاوی گەورە هەڵبگرێت، رەمزی سەرکەوتن و مانەوەمان تەنها لە یەکڕیزی و یەکدەنگیدایە.

سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندیی

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران

٦ - ١١ - ٢٠٢٣

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

بەڕێز لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە

ئەندامانی بەشدار لە شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان بە گەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین. یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لەکاتێکدا شەشەمین کۆنگرەی خۆی دەبەستێت کە کوردستان و ناوچەکە لەگەڵ شەڕ و نائارامی دەستەویەخەیە و دوژمنانی کورد لە هەموو لایەك هەوڵ بۆ لەباربردنی ئەزموون و خەباتی گەلی کورد دەدەن، بۆیە لەم ساتەوەختەدا یەکگرتوویی و یەکڕیزی نێو ماڵی کورد و حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە هەموو کات پێویستترە.

هیواداریــن شەشــەمین کۆنگــرەی حیزبەکەتــان بــە گرنگیــدان بــەو پێویســتییە مێژووییــە هەوڵەکانی خۆی بۆ یەکڕیزی و تەبایی زیاتری نێوان حیزب و لایەنە کوردییەکان بخاتەگەڕ.

جارێکــی دیکــە پیرۆزبایــی بەســتنی شەشــەمین کۆنگــرەی حیزبــە بەڕێزەکەتــان دەکەیــن و هیــوای ســەرکەوتنتان بــۆ دەخوازیــن.

کۆمیتەی ناوەندیی

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٨ - ١١ - ٢٠٢٣



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز محەمەد حاجی مەحمود سەرۆکی پارتی سۆشیال دیموکراتی کوردستان

ئەندامانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

سڵاوو رێز ...

بەبۆنەی گرێدانی شەشەمین کۆنگرەی حزبە تێکۆشەرەکەتان و هەنگاونان بۆ نوێبوونەوە وگەشەکردن گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین.

ئومێد دەکەین کۆنگرەی شەشەم گروتینی زیاتر ببەخشێت بە ریزەکانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان و فاکتەرێکیش بێت بۆ نزیکبوونەوە و تەبایی نێوان هێزو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بە ئامانجی خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان. لەم دەرفەتەدا جەخت لە پەیوەندی نێوان پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەکەینەوە.

هەر شاد بن.

محەمەد حاجی مەحمود

سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان

١١ - ١١ - ٢٠٢٣

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا ئۆزچەلیک
# سەرۆکی پارتی وڵاتپارێزانی کوردستان

ڕێزدار غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

برای ئازیزم ...

شەشەمین کۆنگرەی ئاسایی ئێوە کە بە دروشمی "یەکگرتوویی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد، ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان" دەبەسترێت، ئێمە شەشەمین کۆنگرەی ئاساییتان بە هەست و بیرو باوەڕی نەتەوەیی و کوردستانی خۆمان، پیرۆز دەکەین.



ئێمە وەک پارتی وڵاتپارێزانی کوردستان PWK، سەربەخۆیی و پاراستنی دەستکەوتەکانی فیدراڵی باشووری کوردستان بە ئەرکی نەتەوەیی خۆمان دەبینین، بەو هیوایەی هەموو لایەنەکانی باشووری کوردستان ئاگاداری دەستکەوتەکانی فیدراڵی باشووری کوردستان بن و دەستی یەکبگرن و بە یەکگرتوویی هەنگاوبنێن بۆ یەکخستنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی کە هەن.

بەهیوا و هەست و باوەڕانە هیوای سەرکەوتن بۆ سەرجەم ئەندامان و سەرکردایەتیی حزبەکەتان و بۆ کۆنگرەی شەشەمتان دەخوازین.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو.

مستەفا ئۆزچەلیک

سەرۆکی پارتی وڵاتپارێزانی کوردستان (PWK)

٢٠٢٣/١١/١٠



# رسالة تهنئة من سعادة السفير نظمي حزوري
# القنصل العام لدولة فلسطين في كوردستان

اخوة الاعزاء اعضاء اللجنة التحضيرية

للمؤتمر السادس للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني

تحية طيبة ...

بمناسبة الذكري السادسة لانعقاد مؤتمركم بعد سنوات عطاء في مسيرة الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني ومتمنين لمؤتمركم السادس النجاح برؤية شعبكم, بتعزيز دوركم في مسيرة البناء الوطني وتطلعات شعبكم وأمانية المستقبلة.

و كما بهذا المناسبة نعبر عن اعتزازنا و تقديرنا الكبير لعلاقتنا الثنائية ونثمن عاليا مواقفكم الثابتة والشجاعة في دعم نضال شعبنا الفلسطيني الذي يواجه في هذه المرحلة, حرب ابادة من قبل الاحتلال الاسرائيلي.

و مع أطيب امانينا القلبية مع التحية لكم وللاعضاء المؤتمر السادس, والنجاح في مؤتمركم.

السفير/ نظمي حزوري

القنصلية العام لدولة فلسطين

اقليم كوردستان - العراق

الاخ العزيز غفور مخموري المحترم

السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكردستاني

تحية طيبة ...

نهديكم اطيب التحيات متمنين لكم موفور الصحة و التوفيق

باسمى معانى المحبة والتقدير يسرني ان اتقدم اليكم بأطيب التهاني والتبريكات بنجاح أعمال المؤتمر السادس وتجديد الثقة الكبيرة بدوركم ومسيرتكم في قيادة الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني, ونضالكم من أجل شعبكم, كما التقدير لأعضاء القيادة الجديدة ولكافة أعضاء المؤتمر السادس، متمنين لكم التوفيق والنجاح.

وتقبلوا فائق الاحترام والتقدير.

السفير/ نظمي حزوري

القنصل العام لدولة فلسطين

اقليم كوردستان - العراق

١٩ - ١١ - ٢٠٢٣



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز باپیر کامەلا
# سکرتێری گشتیی پارتی ڕەنجدەرانی کوردستان

بەڕێز کاك غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

سڵاوێکی گەرم ...

بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی پارتە تێکۆشەرەکەتان بەناوی خۆم و تێکرای هەڤاڵانم لە مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەی شەشەم دەکەین و هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەتان بۆ دەخوازم، ئومێدەوارین کۆنگرە بە سەرکەوتوویی بە بڕیار و راسپاردەی بەجێ کۆتا بەکارەکانی بهێنێت و ببێتە سەرەتایەك بۆ زیاتر گەشەکردن و بەرفراوان بوونی ڕێکخستنەکانتان و وەدەستهێنانی دەستکەوتی ڕێکخراوەیی و بەرەوپێشچوون، لەکاتێکدا کۆنگرەی شەشەمی پارتە تێکۆشەرەکەتان

دەبەستن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ململانێیەکی چڕدایە و شەڕی ئۆکرانیا لە ئارادایە پڕشکی پڕژیوەتەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕ لە نێوان بزووتنەوەی حەماس و ئیسرائیلییەکان بەرپا بووەو لە پەرەسەندندایە، ناوچەکە کەوتۆتە قەیرانێکی گەورە و سەنگەربەندی نێودەوڵەتی و هەرێمی لێکەوتۆتەوە ئەگەر و پێشهاتی سیاسی لە ناوچەکەمان و جیهاندا چاوەڕێ دەکەین، لەو قۆناغە راگوزار و هەستیارەدا یەکڕیزی و یەك گوتاری سیاسی و تەبایی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێداویستییەکی ئەو قۆناغەیە و ئەرك و بەرپرسیارەتی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، ئومێدەوارین ئەو خواستە جەماوەرییە بهێنینەدی، بەم بۆنەیەوە جەخت لە پەیوەندی دوو قۆڵی و تەبایی و برایەتی هەموو لایەنەکان دەکەینەوە، پیرۆزە کۆنگرەی شەشەمتان.

هەر سەرکەوتووبن.

براتان

باپیر کامەلا

سکرتێری گشتیی

پارتی رەنجدەرانی کوردستان

٦ - ١١ - ٢٠٢٣

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێزان یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی حزبەکەتان، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی بەڕێزان سکرتێر و تەواوی کادیر و ئەندامانی کۆنگرە دەکەین.

هیواداریـن کۆنگرەی شەشی حزبەکەتان لە کارو ڕاسپاردەکانی سەرکەوتوو بێت، ببێتە هۆکاری زیاتر ئەنجامدانی کاری پێکەوەیی لە پتەوکردنی یەکڕیزی و زەمینەسازی زیاتر بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێم، تا هەموو لایەکمان باشتر و بەرپرسیارانە ئەرکە هاوبەشە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانمان ڕاپەڕێنین، لە پێناو پاراستنی ئەزموونەکەمان و بە پیرەوەچوونی داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئومێدمان سەرکەوتنتانە، جەخت لەسەر زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان دەکەینەوە.

مەکتەبی پەیوەندییەکان

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

٧ - ١١ - ٢٠٢٣

## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

بەڕێزان لێژنەی ئامادەکاری شەشەم کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

سڵاوو ریز ...

بەبۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK) جوانترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین، هیواداریـن کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بێت، بڕیار و راسپاردەکانی ببنە مایەی بەرەوپێشچوونی زیاتری YNDK . هەروەها ئومێدەواریـن پەیوەندییەکانی نێوانمان لە گەشەپێدانی بەردەوام دابێت.

دووبارە پیرۆزبێت.

ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

١- ١١ - ٢٠٢٣

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز بزووتنەوەی گۆڕان

بەڕێزان لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیەکەتان یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان ؛ پیرۆزباییتان ئاڕاستە دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

کێشە و ململانێی سیاسییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان لەناوچەکە و عێراق و هەرێمی کوردستان، کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەرێم و ئاسایش و سەقامگیری دەبێت، لەو ڕاستییەوە بوونی گوتارێکی کوردستانی و بەیەکەوە کارکردنی هەمو لایەنە سیاسیەکان بۆ پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەییەکان و دوورخستنەوەی مەترسییەکان ئەرکێکی لە پێشینەی یەکێتیەکەتان و هەمو لایەکمانە، هەربۆیە هیواداریـن خەباتی سیاسیی هەمو لایەک بۆ خزمەتی حوکمڕانی دروست لە هەرێمی کوردستان و دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان بێت.

بزووتنەوەی گۆڕان

٨/ ١١/ ٢٠٢٣

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی کوردستان

بەڕێز لیژنەی ئامادەکاری شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

سڵاوو ڕێز ...

بەبۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بەناوی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان پیرۆزبایی گەرمتان لیدەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

بەڕیزان؛ لەوکاتەی کۆنگرەی پارتەکەتان دەبەستن ناوچەکە و جیهان بە بارودۆخێکی نالەبار و هەستیار و مەترسیدار تێدەپەڕێت و کاریگەری سلبی لەسەر عێراق و کوردستانیش دەبێت، یەکریزی نێومالی کوردستانی زەرورەتی ئەوقۆناغەیە وەك لە دروشمی کۆنگرەکەتان هاتووە.

چارەسەرکردنی بژێوی ژیانی هاوڵاتیان و نەبوونی مووچە و کێشەکانی نێوان عیراق و هەرێم کۆی ئەو بابەتانە پێویستە، کۆنگرەکەتان هەڵوێستەی لەسەر بکات.

لە کۆتاییدا هیواداریـن بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرەکەتان لە ئاست ئەوقۆناغە هەستیارە بێت و داکۆکی کردن لە بەژهوەندی هاوڵاتیانمان و بژێوی ژیانیان بێت.

دووبارە پیرۆزبایتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

لەگەڵ ڕێزماندا.

مەکتەبی سیاسیی

حزبی شیوعی کوردستان

٥ - ١١ – ٢٠٢٣

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مەکتەبی سیاسیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

بەڕێز لێژنەی ئامادەکاری شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

سڵاوێکی گەرم..

بە بۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان و ئەندامانی کۆنگرە دەکەین، ئومێدەوارین کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بێ لە کارەکانیدا، لەپێناو پاراستنی کیانی هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی یەکریزی کوردستانی و بەرەو پێشبردنی خەبات بۆ بەدیهێنانی تەواوی مافە رەواکانی گەلی کوردستان.

بەرێزان؛ کۆنگرەکەتان لە کاتێکدایە کە جیهان و ناوچەکە بە دۆخێکی هەستیار و ئالۆز تێدەپەرێ هاوکات هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئاڵنگاریی گەورەدایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی لێکەوتەکانی ئەم رەوشە بەگشتی و مەترسییەکانی سیاسی لەنێوەخۆ و بەدەنگەوەچوونی داخوازییەکانی خەڵک، پێویستە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە دەوری کارنامە و بەرنامەیەکی سیاسی هاوبەش کۆببنەوە.

لەم بۆنەیەدا جەخت لە پەیوەندی دۆستانەی نێوان حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەکەینەوە.

لەگەڵ رێزماندا.

مەکتەبی سیاسیی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مەکتەبی سیاسیی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن

بۆ بەڕێز لیژنەی ئامادەکاری شەشەم کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

سڵاوێکی گەرم..

بەناوی سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی حیزبمان حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن، بە گەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەین بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان، کە لەژێر دروشمی (یەکریزی و یەکدەنگی کوردستانی و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و ئازادی و سەربەخۆی کوردستان) دەبەسترێت، ئومێدەوارین کۆنگرەکەتان بەسەرکەوتوویی کارەکانی ئەنجام بدات و، گشت بریارو راسپاردەکانی بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان و پاراستنی ئەزموونی دیموکراسی و پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایی نێوان گشت پێکهاتە نەتەوەییی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان بێت.

بەڕێزان؛ بێگومان بەستنی کۆنگرە لەم کات و ساتانە، بەتایبەت لەم بارودۆخە هەستیارو ناسك و ئاڵۆزەی ئێستای هەرێم و عێراق و ناوچەکە کە تێیدا تێپەڕدەبێت پێویستە کار بکرێت و گشت هەنگاوەکان بۆ هاتنەدی یەکڕیزی و یەکدەنگی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێم و یەکخستنی گوتاری سیاسییان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و هەنگاونان بۆ ئازادی سەربەخۆیی کوردستان بێت، هەروەك چۆن لە دروشمی کۆنگرەتان هاتووە.

دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیواداریین سەرکەوتووبن بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان لەپێناو بەدیهێنانی گشت مافە رەواکانی گەلی کوردستان و، گشت پێکهاتەکان بە مافی رەوای خۆیان شاد بن، هەروەها بەم بۆنەیەوە جەخت لە توندوتۆڵی پەیوەندی نێوانمان دەکەینەوە.

لەگەڵ رێزماندا.

مەکتەبی سیاسیی

حزبی دیموکراتی بێن نەهرێن

٦ - ١١ - ٢٠٢٣

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مەکتەبی سیاسیی
# پارتی پارێزگارانی کوردستان

بۆ بەڕێز یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

سڵاوو ڕێز ...

بەڕێزان لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی گرێدانی شەشەمین کۆنگرەتان وێرای ئەوەی پیرۆزبایی خۆمان وەك پارتی پارێزگارانی کوردستان ئاڕاستەی تەواوی ئەندامان و لایەنگرانتان دەکەین هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان یەکێکە لەو پارتە سیاسییانەی کوردستان کە لەدوای ماوەیەکی کەم لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ١٩٩١ هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بە هەوڵ و تێکۆشان و بڕیاری دروست لە داکۆکی کردن لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بۆ ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی شوێن پەنجەی خۆی بە دەرخست، لەم ڕێگەیەشدا ڕووبەڕووی دەیەها ئاستەنگ و کۆسپ بووەوە، بەڵام بەسەرکەوتویی بەسەریاندا زاڵ بووە و هەردەم لە نوێبوونەوە و تازەگەریدا بەردەوام بووە و، بە بەستنی کۆنگرەتان لەم کاتەدا کە بارووِدخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بە گشتی لە دۆخێکی ناسەقامگیر و پڕ لە قەیران دایە خشتێکی تر دەخەنە سەر دیوای خۆڕاگری و بەردەوامبوونتان.

ئێمە وەك پارتی پارێزگارانی کوردستان جەخت لەسەر هەماهەنگی و پاڵپشتی و پاراستنی پەیوەندییەکانمان ئەکەینەوە و دووبارە پیرۆزبایی خۆمان ئاڕاستەی تەواوی ئەندام و لایەنگرانتان دەکەینەوە، هیواداریین پرۆسەی ئەنجامدانی کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت.

مەکتەبی سیاسیی

پارتی پارێزگارانی کوردستان

٧ - ١١ - ٢٠٢٣

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق

بـۆ بەڕێـز لیژنـەی بـاڵای ئامـادەکاری کۆنگـرەی شەشــەمی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردســتان

هیـوای سـەرکەوتن دەخوازیـن بـۆ کۆنگرەتـان و ئومێدەواریـن کۆنگرەکەتـان بـە دەرکردنـی ژمارەیــەك بڕیــارو راســپاردەی گرنــگ لــە خزمــەت بــە ئەزموونــی هەرێمــی کوردســتان و یەکریـزی و یـەك هەڵوێسـتی لایەنـە سیاسـییەکان بـکات و هـەر سـەرکەوتوو بـن.

لەگەڵ ڕێزماندا.

مەکتەبی سیاسیی

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق

٣١ - ١٠ ٢٠٢٣

# رسالة تهنئة من المكتب السياسي للحزب الديمقراطي التقدمي الكوردي في سوريا

الاخ غفور مخموري سكرتير الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني

اللجنة التحضيرية للمؤتمر الاعتيادي السادس لحزبكم الشقيق

أعضاء المؤتمر المحترمون..

تحية صادقة و بعد ...

يسرنا في المكتب السياسي لحزبنا (الحزب الديمقراطي التقدمي الكردي في سوريا) ان نتقدم اليكم باسم كافة اعضائه ومؤيديه باحر التهاني والتبريكات بمناسبة انعقاد المؤتمر الاعتيادي السادس لحزبكم الشقيق (الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني) والذي سينعقد تحت شعار تحقيق وحدة الصف والموقف الكوردستاني, وحماية المكتسبات القومية التي حققها شعب كوردستان بدماء شهدائه و بدموع الثكالي واليتامي من ابنائه, واننا واثقون بان مؤتمركم سيخرج بقرارات هامة تخدم القضية القومية لشعبنا الكوردي, وتساهم في توحيد صفوف حركته السياسية في مواجهة هذه التحديات والمخاطر التي يعيشها اليوم شعبنا في اجزاء كوردستان الأربعة.

P.D.P.K.S

وبهذه المناسبة الهامة, يسرنا ان نكرر لكم تهانينا القلبية الحارة ونعبر لكم عن افتخارنا بالعلاقات الثنائية التي تجمع حزبينا الشقيقين (الاتحاد القومي الديمقراطي الكردستاني) و (الحزب الديمقراطي التقدمي الكردي في سوريا) ونؤكد لكم حرصنا الشديد علي حماية هذه العلاقات وتعزيزها بما يخدم قضية شعبنا العادلة.

متمنين لحزبكم الشقيق انهاء اعماله بالموفقية و النجاح

المكتب السياسي

للحزب الديمقراطي التقدمي الكردي في سوريا

القامشلي ٥-١١-٢٠٢٣

# المناضل الفلسطيني (عمر حلمي الغول) يهنيء غفور مخموري والإتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني



ميديا - أربيل :

بمناسبة انتهاء ونجاح أعمال المؤتمر السادس للإتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK ، وجه المناضل الفلسطيني السيد عمر حلمي الغول عضو المجلس المركزي لمنظمة التحرير الفلسطينية رسالة تهنئة الى غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد، هذا نصها:

سعادة الاخ العزيز غفور مخموري المحترم

السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني

اتوجه لحضرتكم وللرفاق في المكتب السياسي واللجنة المركزية ولعموم كوادر الحزب وانصاره بالتهنئة بانعقاد مؤتمر حزبكم السادس والنجاح في اقرار وثائقكم وانتخاب هيئاتكم المركزية بروح الديمقراطية واعادة انتخابكم سكرتيرا عاما للحزب، راجيا لكم ولحزبكم النجاح في مسيرتكم القومية لتحقيق اهداف حزبكم والدفاع عن مصالح الشعب الكوردي الباسل.

وتفضلوا بقبول فائق الاحترام والتقدير.

اخوكم

عمر حلمي الغول

عضو المجلس المركزي لمنظمة التحرير الفلسطينية

الاحد، الموافق ٢٠٢٣/١١/٢٦




# پەیامی بەڕێز جەمال پورکەریم
# سەرۆکی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

بەڕێز سکرتێری گشتی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی، ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

میوانانی بەڕێز، هێز و لایەن و کەسایەتیە سیاسیە بەشداربووەکان.

سڵاوتان لێبێ و ئەم کاتەتان باش ...

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لەکاتێکدا کۆنگرەی شەشەمی خۆی دەبەستێ کە ڕەوشی جیهان بە گشتی و ڕۆژهەلاتی ناقین بە تایبەتی بەرەو ئالۆگووڕی بنەڕەتی هەنگاو داوێ و پانتایی جوگرافیای کوردستانیش بەشێکی گرینگە لەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا لە ئارا دان و نەتەوەی کورد دەخاتە ناو ئەزموونی دۆخێکی هەستیار و چارەنووسساز.

پێناسەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە ناو و ناوەڕۆکدا خەباتە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندن و بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کە ئەوەش تەنیا بە یەکێتی و یەکڕیزیی نەتەوەیی گەلی کورد مسۆگەر دەبێ.

وەک بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن

بـۆ کۆنگرەکەتـان و بـەو بـاوەڕ و متمانەیـەی بـە ئیـرادە و کاریگەریـی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان مـان هەیـە، پێشـنیار دەکەیـن:

هەمـوو هێـز و لایەنـە سـەربەخۆییخوازەکانی هـەر چـوار پارچـەی نیشـتمان لـە چوارچیـوەی هاوپەیمانیـەک دا کـە وەک نەتـەوەی کـورد خاوەنـی یـەک دۆزی ڕەوایـن و چارەنووسـمان پێکـەوە گرێـدراوە، هـەوڵ بـۆ پێکهێنانـی پلاتفۆرمێکـی هاوبەشـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بدەیـن و لـە سـەر پرسـە گرینگـە جیهانـی و ناوچەییەکانـی پێوەندیـدار بـە کـورد و کوردسـتانەوە هاودەنـگ و هاوهەڵوێسـت و هاوخەبـات بیـن.

بـەرز و پیـرۆز بـێ کۆنگـرەی شەشـەمی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان لەژێـر دروشـمی یەکڕیـزی و یەکدەنگـی کوردسـتانی و پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی گـەلی کوردسـتان و ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان.

سەرکەوتن و سەربەرزیتان ئاواتمانە.

جەمال پورکەریم

سەرۆکی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

١٠ - ١١ - ٢٠٢٣ پاریس

# پەیامی پیرۆزبایی بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێز کاك غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی و ئەندامانی سەرکردایەتی و جەماوەری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی بەستنی شەشەمین کۆنگرەی پارتەکەتان یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان ئاراستە دەکات و ئاواتەخوازە پارتەکەتان لە ئەرك و کارو تێکۆشانی حیزبی و نەتەوەییدا، بە مەبەستی زیاتر دەستەبەرکردنی ئاشتی ئازادی و پاراستنی دەستکەوتەکانی کورد و، پتەوترکردنی یەکێتی ریزەکانی ناوماڵی کورد، پێشخستنی دیموکراسیی و هاوژینی بە ئاشتی نێوان گەلان و کەمینەکان، ئایین و ئایینزاکان و هەروەها باشبژێوی و ئارامی گەلەکەمان هەردەم بەرەوپێشەوە هەنگاوبنێن.

وەکوو بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆنگرەیەکی پڕ دەستکەوت و سەرکەوتنتان بۆ هیواخوازین و، پێداگیرین لەسەر هاوپەیوەندی نەتەوەیی و جەختکردنەوەی پەیوەندی و دۆستایەتی و هاوکاری بەهێزی دوو لایەنە.

سەربەرزو پایەداربن.

لەگەڵ رێزماندا.

بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان

٢٠٢٣-١١-٧

# رسالة تهنئة من السيد الدكتور رزكار قاسم
# رئيس حركه التجديد الكوردستاني – سوريا

الاخ غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني

السيدات والسادة اعضاء المكتب السياسي

السيدات والسادة اعضاء المؤتمر العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني



يطيب لي باسم حركة التجديد الكوردستاني ان اتقدم لكم بخالص التهانى والمباركة بمناسبة انعقاد مؤتمركم السادس في مرحلة حساسة تمر بها وطننا كوردستان بشكل خاص والمنطقة بشكل عام ونحن واثقين تمام الثقة بانكم على قدر المسؤولية التاريخية بالاستمرار على المبادي والمنطلقات القومية التي نشا عليها الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني الذي لم يتوانى في دعم مكتسبات شعبنا في غربي كوردستان والاجزاء الاخري بموافقة المبدئية تجاه قضية الكورد و كوردستان وانطلاقا من هذه المسؤولية التاريخية نتطلع الي تكثيف الجهود في هذا المسار بتوسيع رقعة النضال الكوردستاني حتي تحقيق الاستقلال و العيش الكريم اسوة ببقية الشعوب الحرة.

مرة اخري نحيي نضالكم و نبارك نجاح مؤتمركم الذي هو نجاح لكل المناضلين الكورد الذين يناضلوا من أجل الحرية.

اخوكم

د. رزكار قاسم

رئيس حركة التجديد الكردستاني

٢٠٢٣-١١-١١

# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کورستان

بەڕێز غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

دوای سڵاوو رێز ...

